# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٤٦
چوارشەممە
٢٠١٠/٨/٢٥
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


**پاش تێپەڕینی ٣١ ساڵ** بەسەر هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستانی ڕۆژهـەڵات، ئەمساڵ جیاوازتر لەساڵانی رابردوو باسی ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژ دەکرێ. ئەو ڕۆژانەی کە بەفەرمانی خومەینی هێرشکرایە سەر کوردستان و بەهەزاران کەس لەخەڵکی کوردستان کوژران. ئەوەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەبزووتنەوەیەکی نارەزایەتی لەئێران ئامادەبووەو تاڕادەیەک مێژووی سی ساڵەی کۆماری ئیسلامی لەزۆر جێگەدا خراوەتە ژێر پرسیار.

14

# "تائێستا بەرنامەی گۆڕانم بۆ بەغداد نەبینیوە"

## محەمەد کیانی ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ دەستوور

دەستوور

محـەمـەد کیانی ئـەنـدامـی پەرلەمانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت تائێستا گـۆڕان بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ عـێـراق نـەخـسـتـووەتـەڕوو، بـڕواشـی وایـە کەبیرکردنەوەی یەکێتیو پارتی بەسەر ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردییەکاندا زاڵەو بەرنامەی ئیئتیلافەکەش بەشتی لاوەکیو کورتبین دەزانێت.

محەمەد کیانی دەڵێت کـورد لەعێراقدا بەرنامەی تۆکمەی نییە، داواکارییەکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان داواکــاری ســادەن، وتــی "دەبـوایـە بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی هەبوایە بۆ ئایندەی عێراق، دەبوایە ئەم بەشداریکردنە لەچەند داواکارییەکی تایبەت بەکورد خۆی نەبینایەتەوە، لەگەڵ هەندێک داواکاری دیکە سەبارەت بەپۆستەکان، ئەوە بەبڕوای من شتێکی ناشیرینە لەسیاسەتدا، ئاکامێکی چاکی نابێتو ئەوە پیشاندەدات کەکورد


**محەمەد کیانی**

تەنها چاوی لەچەند پۆستێکە، ئەوە دەلالەتی باش ناگەیەنێت بۆ هەیبەتی سیاسیی کوردو پێگەی کورد لەعێراقدا".

محەمەد کیانی وتی "من پێش هەموو شتێک لەبەردەم دەنگدەردا خۆم بەلێپرسراو دەزانم ئینجا لەبەردەم قەوارە سیاسییەکەدا، تائێستا من شتێکی تایبەتم نەبینیوە بەنیسبەت ئەو بەرنامەیەی کەئێمە هەمان بێت بۆ عێراق".

تەواوی چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە ٨دا بخوێنەرەوە.

# سەرجەم بەرپرسی کۆمیتەکانی یەکێتی پۆستەکانیان لێدەسەندرێتەوە


دەستوور

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی رایگەیاند لەرێکخستنەوەو کەمکردنەوەی مەڵبەندو کۆمیتەکاندا جۆرێک لەزیادبوونی کادیر لەمەڵبەندەکاندا دروستدەبێت، بۆیە بەشێکی زۆر لەکارگێڕی مەڵبەندەکان پۆستی بەرپرسی کۆمیتەکانیان پێدەدرێتو بەشێک لەبەرپرسی کۆمیتەکانیش لەمەڵبەندەکاندا دادەنرێنەوە.

هەرێم کەمال ئاغا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیو بەرپرسی مەڵبەندی موسڵی ئەو حیزبە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند "کارگێڕی ئەو مەڵبەندانەی هەڵدەوەشێنەوە، دەکــرێــن بــە بــەرپــرســی کۆمیتەکانو لەکۆمیتەکاندا دەوامـدەکـەن، بەرپرسی کۆمیتەکانیش ئەگەر لەئۆرگانەکانی خوارەوە جێگەیان نەبێتەوە، ناچار دەبردرێن بۆ مەڵبەندەکان".

هەرێم کەمال ئاغا، وتی "هیچ کادیرێکی یەکێتی بێ موچە ناکرێتو هەموو کادیرەکان نمونە ئەگەر پۆستی بەرپرسی کۆمیتەی هەبێت، بەهەمان ئیمتیازاتەوە دەچێت لەمەڵبەند دەوامدەکات، تەنها پۆستەکەی لێدەسەندرێتەوە".

ئاماژەی بەوەشدا کەئەوانەی لەئۆرگانەکانی خوارەوە لەوانە کۆمیتە جێگەیان نەبێتەوە، رەوانەی مەڵبەندەکان دەکرێنو ئەوانەشی بەپێی رێنماییەکان ئێستا بەتەمەن بوونو کەمتر کاری رێکخستنیان بۆ دەکرێت، فۆڕمی خانەنشینی پڕدەکەنەوەو خانەنشیندەکرێن، بەهەمان ئیمتیازی ئەو پۆستەی هەیبووە.



# "کێشەی دارایی یەکێتی بەو شێوەیە نییە کەباس دەکرێت"

## وەستا ڕەسوڵ لێپرسراوی مەڵبەندی چەمچەماڵی یەکێتی بۆ دەستوور

9

# پاش ساڵێک، چوار پۆست بەپلەی وەزیر یەکلانەکراونەتەوە

مەعاز فەرحان

پـاش ساڵێک لەتەمەنی حکومەت، چـوار پۆست بەپلەی وەزیـر یەکلاییەنەکراونەتەوە، پەرلەمانتارێک رایدەگەیەنێت یەکلاییەنەکردنەوەی ئەو پۆستانە بەهۆی کێشەی نێوان یەکێتیو پارتییەوەیە، وتەبێژی حکومەتیش دەڵێت ئەوە مەسەلەیەکی سیاسییە.

چـوار پۆست بەپلەی وەزیـر دوای نزیکەی ساڵێک لەپێکهێنانی حکومەت، تائێستا یەکلاییەنەکراونەتەوە ئـەوانـیـش سەرۆکی لیژنەکانی نـاوچـەدابـڕاوەکـان، ژینگە، مافی مرۆڤـو پۆستی سکرتێری ئەنجومەنی خانمانە، بەڵام بەهۆی کێشەی سیاسییەوە ئەو چوار پۆستە تائێستا یەکلاییەنەکراونەتەوە.

لـەسـەروبـەنـدی پـێکهێنانی حـکـومـەتـدا، سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی، بڕیاریاندا لەبەشدارپێکردنی حیزبی زەحمەتکێشاندا یەکێک لەپۆستەکانی سەرۆکی یەکێک لەو سێ لیژنەیە بدرێتە ئەوان، بەڵام تائێستا هیچ کەسێک بۆ ئەو پۆستانە دانەنراوە.

کـاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـان پـێـنـەدانـی ئـەو پـۆسـتـانـە بەمەسەلەیەکی سیاسی دەزانێت، دەڵێت دەبێت ئەو پرسیارە راستەوخۆ رووبەڕووی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکرێتەوە.

کاوە وتی "جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمو جێگرەکەی بەرپرسن لەتەشکیلکردنی حکومەت، ئەوە مەسەلەیەکی سیاسییەو پەیوەندی بەکاری حکومەتەوە نییە، ئەوەندەی مەسەلەیەکی سیاسییە ئەوەندە مەسەلەیەکی حکومی نییە، دەبێت لەو دوو بەڕێزە پرسیاربکەیت".

وتەبێژی حکومەت وتی "خەریکە ئەو لیژنانە دەکەونەکار، لەپەرلەمان بڕیاریان لەسەر دراوەو ستافیان بۆ دادەنێین، جارێ نازانم کێ دەبێتە سەرۆکی ئەو لیژنانە".

گوماندەکرێت بە بەتاڵی مانەوەی ئەو پۆستانە پەیوەندی بەرێکنەکەوتنی بـەرهـەم سالح سەرۆکی حکومەتو ئـازاد بـەرواری جێگری سەرۆکی حکومەتەوە بێت، لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو پۆستانە.

فازڵ حەسەن پەرلەمانتاری زەحمەتکێشان (باڵی قادر عەزیز)، ئاماژە بەوە دەدات کەبەڵێنی ئەوەیان پێدراوە پۆستێکیان پێبدرێت لەپلەی وەزیر کەمتر نەبێتو وتی "بڕیاربوو یەکێک لەو لیژنانە بەئێمە بدەن، بەڵام تائێستاش بەرپرسی ئەو دەزگایانە دیارینەکراون".

پەرلەمانتارەکەی زەحمەتکێشان، دەڵێت بەهۆی کێشەی نێوان یەکێتیو پارتییەوە پێدانی ئەو پۆستانە دواکـەوتـووە، فـازڵ بەدەستووری وت "هەندێک شتمان بیستووە کەمەسەلەکە دەگێڕنەوە بۆ کێشەی نێوان یەکێتیو پارتی خۆیان، یەکێتی دەڵێت ئێمە دەیکەین ئەگەر پارتی رازی بێت، پارتیش دەڵێت ئەگەر یەکێتی رازی بێت بۆ ئێمە رێگربین".

پەخشان زەنگەنە تاکە کاندیدی وەرگرتنی پۆستی سکرتێری ئەنجومەنی خانمان، وتی "هەشت مانگ لەمەوبەر ئەو مەسەلەیە باسکراوە، بەڵام بۆ ماوەی شەش مانگە ئاگاداری هیچ نیم نازانم کراوە یان نا؟".






# پژاک: دوای مانگی ڕەمەزان هێرشدەکەین

فەرمان چۆمانی

بەرپرسێکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) رایدەگەیەنێت تەنها لەبەر مانگی رەمەزان ئاگربەستیان راگرتووەو دەڵێت دوای مانگی رەمەزان ئاگربەست دەشکێنینو دەست بەهێرشی چەکداری دەکەینەوە.

کەلهور ڕێبین ئەندامی کوردیناسیۆنی پارتی ژیانی ئازاد (پژاک)، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ دەستوور، رایگەیاند «بەبۆنەی هاتنی مانگی پیرۆزی رەمەزان، کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیرۆزە، ئاستی چالاکییەکانمان راگرتووەو تا هێرشمان نەکرێتە سەرمان هیچ جۆرە چالاکییەک لەبواری سەربازیدا ناکەین، بەڵام لەبواری سیاسی کارو خەباتمان بەردەوامدەکەینو نیشانیشیدەدەین کەئێمە هێزینو دەتوانین بەهەموو شێوەیەک چالاکی بکەین، لەهەمانکاتدا ئامادەین بۆ هەر جۆرە پێشکەوتنێک لەسەر کێشەی کورددا هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێ».

ئەو سەرکردەیەی پژاک وتی «ئێمە دوای مانگی رەمەزان راستەوخۆ هێرشە چەکدارییەکانمان بۆ سەر پاسدارانی ئێران دەستپێدەکەینەوەو لەخەباتی چەکداریدا بەردەوامدەبین».

کەلهور ڕێبین رەتیکردەوە کەکاریگەری پەکەکەیان لەسەر بێت بۆ راگەیاندنی ئاگربەست، وتی «هیچ کاریگەری پەکەکەمان لەسەر نییەو راگرتنی چالاکی لەمانگی رەمەزان، پەیوەندی بەپیرۆزی ئەو مانگەو هەلومەرجی ئەو قەیرانەی کە لەسەر ئێرانو کاروخەباتی پژاک هەیە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد».

# ئازاد چالاک: کاتی ئەوەیە لایەنە عێراقییەکان وەڵامی داواکاریی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بدەنەوە

دەستوور

ئازاد چالاک ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان وتی دوو هەفتە تێپەڕبووە بەسەر پێشکەشکردنی ١٩ داواکارییەکەی کورد بەلایەنە عێراقییەکانو ئێستا کاتی ئەوەیە لایەنەکان وەڵامی داواکارییەکانی کورد بدەنەوە.

چالاک لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی چاوەڕێی وەڵامی لایەنە عێراقییەکان دەکەین، لەبارەی ئەو ١٩ داواکارییەی پێشکەشمانکردوون.

ئەوەشی وت ماوەی دوو هەفتەیە ئەو داواکارییانەمان پێشکەشی لایەنەکان کردووەو ئێستا کاتی ئەوەیە وەڵاممان بدەنەوە.

پێشیوابوو کە «ڕەنگە لایەنەکان لەڕێگەی دانیشتنو کۆبوونەوەوە وەڵامی داواکارییەکانمان پێڕابگەیەنن».

لەماوەی ڕابوردوو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان داواکارییەکی ١٩ خاڵی پێشکەشی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کرد، بۆ جێبەجێکردنی داواکانی کورد، لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی.



ڕێژەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەری گشتی دەزگاکانی حکومەت و هێزە ئەمنییەکان لەکارەکانیان دووردەخرێنەوە

# ٢٥ ئەفسەری پلەبەرز لەدیالە لەکارەکانیان دووردەخرێنەوە

زانیار داقوقی

٢٥ ئەفسەری پۆلیس لەپارێزگای دیالە لەلایەن لیژنەی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری ناوەکانیان لەوەزارەتی ناوخۆی عێراقیەوە بۆ لابردنیان گەیشتووەتە ئیدارەی پارێزگای دیالە، بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی بەعسدا لەریزی سوپای عێراقیدا بوون.

جەلیل ئیبراهیم ئەندامی لیژنەی نەزاهە لەئەنجومەنی پارێزگای دیالە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند «ئێمە وەک ئەنجومەنی پارێزگا ناوی ٢٥ ئەفسەری پلەبەرزمان پێگەیشتووە کە لەلایەن دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری وەزارەتی ناوخۆوە رەوانەکراوە بۆ دوورخستنەوەیان لەکارەکانیان».

جەلیل وتی «ئێمەش لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە دووبارە نووسراوێکمان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کرد بۆ پشتگیریکردنی بڕیارەکە».

ئاماژەی بەوەشدا کە بەپێی زانیارییەکانیان لەلایەن دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری، ڕێژەیەکی زۆر لەبەڕێوەبەری گشتی دەزگاکانی حکومەتو هێزە ئەمنییەکانو سوپای عێراقدا لەسنووری پارێزگای دیالە لەکارەکانیان دووردەخرێنەوە، بەهۆی ئەوەی کاتی خۆی لەریزی ئیستخباراتو سوپای بەعسدا بوونو وتی «بەمنزیکانە رەنگە ئەو دەستەیە بڕیار لەسەر ئەو کەسانەش بدات».

# حکومەت تەنها بەفۆڕمی یەکێتیو پارتی خەڵک دادەمەزرێنن

کاروخ نامیق

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامەی دەستوور کەوتوون، سەرجەمی ئەو کەسانەی دادەمەزرێن بەفۆڕمی ڕێکخستنەکانی مەڵبەندو لقی پارتیو یەکێتی دەبێت، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانیش دەڵێت مەرج نییە ئەوەی یەکێتیو پارتی بینێرێت دابمەزرێنرێن.

لەشارۆچکەی تەکیە ماوەیەکە لیژنەی ناوچەی پارتی داوای لەئەندامانی کردووە ئەوانەی کەسوکاریان دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکانو تائێستا دانەمەزرێنراون باسەردانی ناوچە بکەن بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمی دامەزراندن.

یەکێک لەو کەسانەی سەردانی ناوچەی کردبوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو فۆڕمە بەدەستووری وت «لەڕێگەی کەسێکی نزیکی خۆمەوە ئاگادارکرامەوە کەپارتی فۆڕمی دامەزراندن پڕدەکاتەوە، منیش سەردانی ناوچەم کرد، لەوێ ناویان تۆمارکردمو دوو وێنەو کۆپی فۆڕمی کۆبونی خۆراکیان لێوەرگرتم».

لەمەڵبەندی هەولێری یەکێتیش بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی دەستوور، ئەندام مەڵبەندێک فۆڕی دامەزراندنو پشتگیری ئەندامانی دەکات دواتر رەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکات بۆ ئەوەی دابمەزرێنرێن.

دەستوور زانیویەتی لەزۆربەی قەزاو ناحییەکاندا بەفۆڕمی حیزبی دامەزراندن هەیەو ئەو کەسانە دادەمەزرێنرێن کەپشتگیری حیزبیان هەیە.

محەمەد قەرەداخی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لەلێدوانێکدا بەدەستووری راگەیاند «حیزبەکان جاران ناویان زۆر دەنارد بۆ دامەزراندن، ئێستاش هەر دەینێرن، بەڵام مەرج نییە ئەوەی دەینێرن دابمەزرێنرێن».

قەرەداخی وتی «ئەوانەی داوای دامەزراندن دەکەن لەوەزارەتەکانەوە بەنووسراو دەینێرینە ئەنجومەنی وەزیران، لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێنرێن، بەڵام وەکو حیزب تائێستا هیچ لیستێکیمان بۆ نەهاتووە مەگەر کەسە حیزبییەکان خۆیان لەڕێگەی حیزبەوە فۆڕم پڕبکەنەوە بۆ دامەزراندن».

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەدا «ئەو کەسانەی دادەمەزرێن دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکانو بەپێی پێشبڕکێو نمرەو ساڵی دەرچوونو جۆری پسپۆڕی دەبێت، بەبێئەوەی جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەوەی حیزبییەو ئەوەی حیزبی نییە».

# دکتۆر فایەق گوڵپی دەستیلەکارکێشایەوە



فەرمان خێلانی لەسلێمانی

د. فایەق محەمەد گوڵپی سکرتێری پێشووی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانو ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئێستای ئەو حیزبە دەستی لەپۆستەکەی کێشایەوە، ئاماژە بەوەشدەدات کەهۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەی پەیوەندی بەرێگریکردنی پارتیو یەکێتییەوە هەیە لەکاری سیاسییاندا.

فایەق گوڵپی لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور، وتی «بەهۆی ئەوەی یەکێتیو پارتی رێگەمان نادەن کاربکەین، دەستم لەپۆستەکەم کێشاوەتەوە، بەڵام مەبدەئییەن هەر لەگەڵ حیزبەکەدا ماومەتەوە».

گوڵپی وتی «هەرکات فەزای دیموکراتی کارکردنی پارتو رێکخراوی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا هاتەگۆڕێ، دەستبەکارکردن دەبمەوە، بۆیە دەڵێم مەبدەئییەن لەگەڵ حیزبەکەدا دەمێنمەوە، بەڵام دەستم لەپۆستەکەم کێشاوەتەوە».

# ڕوونکردنەوە

بەڕێزان رۆژنامەکەتان لەژمارەی (٣٨)ی رۆژی سێشەممە بەمێژووی ٢٠١٠/٦/٣٠ بەمانشێتی گەورە نووسیویەتی «فەرمانگەکانی گەرمیان گوێیان لەقەرزەکانی حکومەت خەواندووە» پاشان لەدرێژەی بابەتەکەدا لەلاپەڕەی (٦) بەم شێوەیە دەنووسێ (دوای یەک ساڵ و نیو لەراپۆرتەکەی چاودێری دارایی ٧٧ ملیارەکەی حکومەت لەلایەن فەرمانگەکانی گەرمیانەوە نەگەڕێندراوەتەوە).

لەبەر رۆشنایی ئەم بابەتەی رۆژنامەکەتان کە لەسەرەوەدا هاتووە، بەباشمانزانی ئەم روونکردنەوەیەتان بۆ بنێرین بەو هیوایەم لەمەودوا زیاتر رۆبچنە ناواخنی ئەو بابەتانەی کەمەبەستانە رووی خەوشی لێهەڵبماڵن، ئەویش بەپێودانگەیەکی لۆژیکیانەو پابەندبێت بەئیتیکی رۆژنامەگەری . نەوەک بەپێچەوانەوە .

یەکەم/ نازانین ئەم رۆژنامەیە یان ئەو رۆژنامەنووسەی راپۆرتەکەی ئامادەکردووە چۆن رێگەی بەخۆیداوە ئەم ژمارەو رەقەمانە بنووسێت، بێ هیچ بنەماو بەدواداچوونێک، چونکە لەراپۆرتی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢٢)لە٢٠٠٩/١/٢٦ تەنها باسی ٣٠٤, ٥٦٢, ٩٦٦, ٥٥ پەنجاو پێنج ملیارو نۆسەدو شەست و شەش ملیۆن و پێنج سەدو شەست و دوهەزارو سێ سەدو چوار دینار) کردووە کە بەڕاوەستاوی ماوەتەوە لەسەر وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری داراییو ئابووری، واتە هەموو ناوچەی سلێمانی پێش یەکگرتنەوەی حکومەت لەسلێمانی و هەولێر، ئەمان نەک ئەم برەی سەرەوە کەچی کردوویانە بە (٧٧) حەفتاو حەوت ملیار دینارو هەمووشیان لەسەر گەرمیان کردووە بە قەرز، بەڵام هەر لەراپۆرتەکەدا ئەوانەی لەسەر فەرمانگەکانی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان دیاریکراوە تەنها بڕی (٣٠٠ ,١٧٦ ,٥٢ ,٦) دینارە کەبڕی (٠٠٠و٠٠٠ ,٨١٨ ,١) دیناری پێشینەی هاوسەرێتییە، واتە تەنها (٣٠٠ ,١٧٦ ,٥٢ ,٦) دیناری فەرمانگەکانە.

دووەم / لەبەشێکی تری نووسینەکانتاندا دەڵێن : گوایە هیچ بەدواداچوون نەکراوە بۆ گەڕانەوەی ئەو پێشینانە، نازانین رۆژنامەکەتان دەیەوێت کاتێک هەر بەدواداچوونێک دەکەین، وێنەیەکیش بۆ ئەوان بنێرین یان بەدواداچوون کراوەو بەنووسراومان ژمارە (١٠٩) لە ٢٠٠٩/٢/١١ سەرجەم فەرمانگەکانمان ئاگادارکردووەتەوە بۆ وەڵامدانەوەی راپۆرتەکە ئەوەندەی پەیوەندی بەئەوانەوە هەبێت بەنووسراومان ژمارە (٣٦٦)لە ٢٠٠٩/٥/١٧ وەڵامی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی دراوەتەوەو ئەو راپۆرتەش داخراوە لەلایەن بەڕێزیانەوە.

سێهەم/ لەبەشێکی تردا دەڵێن دەستوور پەیوەندیکردووە بە بەڕێوەبەری بانکی کەلارەوە ناوبراو ئامادەنەبووە هیچ لێدوانێک بدات بەبیانوی ئەوەی لەوەزارەتی داراییەوە داوایانلێکراوە کەنابێت بەبێ بڕیاری وەزارەت هیچ لێدوانێک بدەن، رۆژنامەنووس نازانێت بانکو گەنجینەی گەرمیان چەندە جیاوازن، باسی بەڕێوەبەری گەنجینە دەکات، بەڵام بە بەڕێوەبەری بانکی کەلار ناوی دەبات، ئیتر دەبێت چۆن بتوانێت بەدواداچوونی باش بۆ مەسەلەکان بکات.

چوارەم/ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی بۆ وردبینی ئیشوکارەکانی بەڕێوەبەرایەتیمان راپۆرتی ژمارە (٥٤٠) لە ٢٠٠٩/١٢/٣١ی ئامادە کردبوو کەتێیدا تەنها بڕی (٠٩٥ ,٧٧٣ ,٠٠٩ ,١) یەک ملیارو نۆ ملیۆنو حەوتسەدو حەفتاو سێ هەزار و نەوەدو پێنج دیناربە راوەستاوی ماوەتەوەو نزیکەی بڕی (٥٤٠٠٠٠٠٠پێنج سەدو چل ملیۆن دینار پێشینەی هاوسەرێتی گەڕێندراوەتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت لەبەر ئەوەی ئەو پێشینانەی هاوسەرێتی بۆ ماوەی پێنج ساڵ زیاتر پاکتاو دەبێت، نەک وەکو پێشینەی فەرمانگەکان کەدەبێت لەهەمان ساڵی داراییدا پاکتاو بکرێت .

هاوپێچ وەڵامی راپۆرتی سەرەوەتان بۆ دەنێرینو هەرکاتێکیش ویستتان سەرجەم بەراییەکان دەنێرین لەبەرئەوەی زۆرن لەبەردەسماندا .

پێنجەم / لەگەڵ رێزمان بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی لەفەرمانگە حکومییەکاندا کەلێدوانیان داوە بۆ رۆژنامەی ناوبراو بەبێ ئەوەی پرسێکی بەڕێوەبەرایەتیمان بکەنو زۆربەیان کەوتوونەتە هەڵەوە .

مسعود احمد موسى
بەڕێوەبەری گەنجینەی گەرمیان

# دەیەوێت بەسەرکەوتنی لاوانو ئافرەتان جێ بەپیرەکان چۆڵبکات

## نێچیرڤان بارزانی لەسەر کۆنگرە کەوتووەتە کۆبوونەوە بەئۆرگانەکانی پارتی

بورهان قادر

نێچیرڤان بارزانی کەوتووەتە کۆبوونەوە بەئۆرگانەکانی پارتیو لەوێوە راو پێشنیازەکانی خۆی بۆ ئەندامانی پارتی دەخاتەڕوو، داوادەکات کەئافرەتانو گەنجان بچنە سەرکردایەتیو پارتی، نەوەکو کوتلەو باڵباڵێن، بەمەش دەیەوێت بەسەرکەوتنی لاوانو ئافرەتان جێ بەپیرەکان چۆڵبکات.

رۆژی چوارشەممە ٢٠١٠/٨/١٨ لەشاری هەولێر نێچیرڤان بارزانی بەبۆنەی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانو ١٦ی ئاب یادی دامەزراندنی پارتی، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سکرتێرو ئەندامانی سکرتاریەتی ئەو رێکخراوە کردووە، هەفتەی پێش ئەو کۆبوونەوەیەش لەگەڵ ئەندامانی یەکێتی قوتابیان کۆبووەتەوە، پێشبینیدەکرێت ئەو کۆبوونەوانە بەردەوامبێت لەگەڵ ئۆرگانەکانیتر، هاوکات بەپێی ئەو زانیاریانەی بەدەستوور گەیشتووە ئەو کۆبوونەوانە بەشێکە لەکارکردن بۆ ئەو کەسانەی کەنێچیرڤان دەیەوێت لەکۆنگرە سەرکەون بۆ سەرکردایەتی پارتی، چونکە ئەو دەیەوێت لەرێگەی لاوانو ئافرەتانەوە بەشێک لەسەرکردایەتی پارتی ئەوانەی کەدەمێکە لەو سەرکردایەتیەن دووربخاتەوە".

سەرچاوەیەکی نزیک لەکۆبوونەوەکە بەدەستووری راگەیاند "دوای دەستپێکردنی کۆبوونەوەکەو باسکردن لەرۆڵی ئافرەتو یادی پارتیو کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتان، کاک نێچیرڤان باسی لەکۆنگرەی پارتی کردو قسەکانی ئێمەی زۆر خۆشحاڵکردو هانیداین کەزیاتر ئیش بکەین".

ئەو سەرچاوەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە وتیشی "کاک نێچیرڤان رەتیکردەوە کە لەکۆنگرەی پارتیدا ئافرەتان بەکۆتا بچنە سەرکردایەتیو وتی "پارتی بەپێچەوانەی یەکێتیو کۆمەڵی ئیسلامی کۆتای پێقبوڵ نییەو پێویستە ئافرەتان خۆیان برۆنە سەرکردایەتیو دەبێت سێ تا چوار ئافرەتمان لەسەرکردایەتی پارتیدا هەبێت".

لەمبارەوە عەلی عەونی بەرپرسی پەیمانگەی کادیرانی پارتی بەدەستووری راگەیاند "من ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەو قسانە نیم، بەڵام ئەوە مەبدەئی پارتیە کەئافرەت لەسەرکردایەتی پارتی هەبێتو بەردەوام هەبووە بەکۆتاش نەهاتوون، بەڵکو بەمافی خۆیان هاتوون، غیابی ئافرەتیش لەسەرکردایەتی کەموکورتیو زیانە".

ئەو سەرچاوەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە وتیشی "هەر لەسەر کۆنگرە کاک نێچیر وتوویەتی ناکرێت ئێمە حیزبێکین خاوەنی ٦٤ ساڵ خەبات، کەچی لەناو سەرکردایەتیدا ئافرەتمان نەبێت، چونکە پێشتر بانگەشەی ریفۆرمو چاکسازیمان کردووە، چاکسازیش بەمانای نوێبوونەوەی ئۆرگانەکانمان دێت کەئافرەتانو لاوان بچنە سەرکردایەتی نەک کوتلەو باڵباڵێن".

سەرچاوەکە وتیشی"داوای لێکردووینو روونیکردەوە بۆ ئەوەی کەئافرەت لەسەرکردایەتی زۆربێت با ژمارەی کانیدەکانتان زۆر نەبێت، چونکە لەکۆنگرەی ١٢ نزیکەی ١٥ ئافرەت خۆیان کاندیدکرد، بەڵام ئەگەر ئێوە پێنج تا شەش ئەندامتان بۆ سەرکردایەتی هەڵبژارد، بەتەئکید سێ یان چوار لەوانە سەردەکەون".

سەبارەت بەسەرکەوتنی لاوان بۆ سەرکردایەتی پارتی عەلی عەونی وتی "سەرکردایەتی پارتی بەردەوام لەخۆنوێکرنەوەدا بووەو لەو چەند ساڵەی رابردوودا پارتی گۆڕانکاری کردووەو لاوانی بۆ سەرکردایەتی سەرخستووە کەهەرچەندە ئەو گۆڕانکاریە لادان بوو لەسیستمی حیزب، چونکە دەبوایە ئەو لاوانە لەکۆنگرەوەو بەهەڵبژاردن برۆنە سەرکردایەتی، بەڵام ئەمەش بەبێ هۆ نەبوو بۆ نمونە ئازادی عێراقو تەشکیلی حکومەتی عێراقو کارەساتی یەکی شوباتو هۆکاریتر مەشغولیەتی دروستکردو نەتوانرا بەئاسانی کۆنگرە ببەسترێ، بۆیە فرسەتێک بۆ ئەو لاوانە دروستکرا تا بچنە سەرکردایەتی"،

سەبارەت بەرووبەڕووبونەوەی لاوان لەگەڵ سەرکردە دێرینەکانو رێگرییەکان، بەرپرسی پەیمانگەی کادیرانی پارتی وتی "لەهەموو دونیاداو بەگشتی ئەو دوو نەوەیە بەردەوام لەرکابەریدان نەوەی پێشوو دەیەوێ شوێنی خۆی بەرنەداتو نەوەی نوێش دەیەوێ شوێنی خۆی بکاتەوە، هەرگیز شتی وانیە کەسانێک بڵێن وەرە شوێنەکەی من ئەوە تواناو هێزی عەقلی کەسانەکە وا دەکات کە شوێنی خۆیان بکەنەوە".



نێچیرڤان بارزانی



# هێشتا حکومەت بەتەواوی پێکنەهێنراوە

## سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی دەستی دەستی بەحیزبە بچوکەکان دەکەن، لەو بەڵێنەی بۆ بەشداریپێکردنیان لەحکومەت پێی دابوون

مەعاز فەرحان

سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی جگە لە بەبەتاڵی هێشتنەوەی چوار پۆستی بەرز، تائێستا ئەو بەڵێنەیان نەبردووەتە سەر لەچۆنیەتی بەشدارپێکردنی حیزبە بچوکەکان، حیزبە بچوکەکان دەڵێن بەڵێنی پێدانی جێگری وەزیرو چەندین بەڕێوەبەری گشتی دراون، بەڵام پشتیان لێکردوون.

چوار پۆست بەپلەی وەزیر دوای نزیکەی ساڵێک لەپێکهێنانی حکومەت، تائێستا یەکلایینەکراونەتەوە ئەوانیش پۆستی سەرۆکی لیژنەکانی ناوچەدابڕاوەکانو ژینگەو مافی مرۆڤو پۆستی سکرتێری ئەنجومەنی خانمانە، پەرلەمانتارێکیش دەڵێت بەهۆی کێشەی نێوان یەکێتیو پارتییەوە ئەو پۆستانە یەکلایینەکراونەتەوە.

لەسەروبەندی پێکهێنانی حکومەتدا، سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی، بۆ حیزبی سۆسالیستو بزووتنەوەی ئیسلامی جگە لەپێدانی وەزیر بەڵێنی پێدانی جێگری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیو بەڕێوەبەری ناحییەی پێدان، بەڵام تائێستا جگە لەپۆستی وەزیری، بەڵێنی پێدانی هیچکام لەپۆستەکانی تر نەدراوە بەو دوو حیزبە. حیزبی زەحمەتکێشانیش تائێستا یەکێک لەسەرۆکی ئەو سێ لیژنەیەیان پێنەدراوە کەبڕیاربوو پێیان بدرێت.

ساڵێک بەسەر تەمەنی حکومەتی هەرێمدا تێپەڕدەبێت، بەڵام تائێستا دەیان پۆست بە بەتاڵی ماونەتەوەو دانانی سەرۆک بۆیان لەنێوان سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی بەهەڵواسراوی ماوەتەوەو یەکلاینەکراونەتەوە، لەوانە پۆستەکانی ئەو سێ لیژنەیەی کەبڕیاربوو دروستبکرێت کەپۆستەکەی بەپلەی وەزیرەو لەگەڵ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی خانمان.

گوماندەکرێت بە بەتاڵی مانەوەی ئەو پۆستانە پەیوەندی بەرێکنەکەوتنی سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیەوە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو پۆستانە، وتەبێژی حکومەتی هەرێمیش راشکاوانە دەڵێت "ئەوە مەسەلەیەکی سیاسییەو سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی لێی بەرپرسن".

ئەو پۆستانەی کەبڕیاربوو بدرێن بەسۆسیالستو بزووتنەوە بێجگە لەپۆستی وەزیر، بریتین لەجێگیری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیو قائیمقامو بەڕێوەبەری ناحیە، بۆ زەحمەتکێشانیش (باڵی قادر عەزیز)، سەرۆکی یەکێک لەلیژنەکانی ناوچەدابڕاوەکان یان ژینگە یان مافی مرۆڤ وەربگرن.

محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "بەس پۆستی وەزیرمان وەرگرتووە، بڕیاربووە پۆستی جێگری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیو چەند پۆستێکی ترمان پێبدرێت، بەڵام تائێستا هیچ لەو پۆستانەمان وەرنەگرتووە".

شوان قەڵادزێی وتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی باس لەوەدەکات کە لەیەکەم دانیشتندا لەگەڵ سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی ئەو بەڵێنەیان پێدراوە، کەجگە لەوەزیرێک، بریکارێکو بەڕێوەبەری گشتیو قائیمقامو بەڕێوەبەری ناحیەیان پێدەدرێت. ئەو وتی "بەڵام تائێستا بەشێوەیەکی عەمەلی هیچی جێبەجێ نەکراوە".

بزووتنەوەی ئیسلامی لەکابینەکەی د. بەرهەمدا بەوەزیری ئەوقاف بەشدارە لەحکومەتدا، وتەبێژی ئەو حیزبە دەڵێت وەزیرەکەی ئەوان دەسەڵاتێکی زۆر کەمی هەیە.

فازڵ حەسەن پەرلەمانتاری زەحمەتکێشان (باڵی قادر عەزین)، ئاماژە بەوەدەدات کەبەڵێنی ئەوەیان پێدراوە پۆستێکیان پێبدرێت لەپلەی وەزیر کەمتر نەبێت، لەوانە ئەو لیژنانەی کەدروستدەکرێنو بەرپرسەکانیان لەپلەی وەزیردا دەبن.

فازڵ وتی "بڕیاربوو یەکێک لەو دەزگایانە بەئێمە بدەن، بەڵام تائێستاش بەرپرسی ئەو دەزگایانە دیارینەکراون".

فازڵ حەسەن ئاشکرای دەکات کەبەشداریکردنی زەحمەتکێشان لەحکومەتدا بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، ئەو وتی "بابەتی بەشداریکردنی زەحمەتکێشان لەحکومەت بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، دەتوانم بڵێم شتێک نەماوە سەبارەت بە بەشداری زەحمەتکێشان لەحکومەت، بوونمان لەحکومەتدا نییە، نە ئۆپۆزیسیۆنین نە لەگەڵ حکومەتداین".

محەمەدی حاجی مەحمود وتی "هەموو جارێک دەڵێن پێتاندەدەین، جارێک چاوەڕێ دەکەین، یەکجار داوادەکەین هەزار جار داوا ناکەین".

پەرلەمانتارەکەی زەحمەتکێشان، دەڵێت بەهۆی کێشەی نێوان یەکێتیو پارتییەوە پێدانی ئەو پۆستانە دواکەوتووە، فازڵ بەدەستوری وت "هەندێک شتمان بیستووە کەمەسەلەکە دەگێڕنەوە بۆ کێشەی نێوان یەکێتیو پارتی خۆیان، یەکێتی دەڵێت ئێمە دەیکەن ئەگەر پارتی ڕازی بێت، پارتی دەڵێت ئەگەر یەکێتی رازی بێت، بۆ ئێمە رێگربین".

کاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێنەدانی ئەو پۆستانە بەمەسەلەیەکی سیاسی دەزانێت، دەڵێت دەبێت ئەو پرسیارە راستەوخۆ رووبەڕووی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکرێتەوە.

کاوە وتی "جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمو جێگرەکەی بەرپرسن لەتەشکیلکردنی حکومەت، ئەوە مەسەلەیەکی سیاسییەو پەیوەندی بەکاری حکومەتەوە نییە، ئەوەندەی مەسەلەیەکی سیاسیە ئەوەندە مەسەلەیەکی حکومی نییە، دەبێت لەو دوو بەڕێزە پرسیاربکەیت".

لەبارەی لیژنەکانیشەوە، وتەبێژی حکومەت وتی "خەریکە ئەو لیژنانە دەکەونەکار، لەپەرلەمان بڕیاریان لەسەر دراوەو ستافیان بۆ دادەنێین، جارێ نازانم کێ دەبێتە سەرۆکی ئەو لیژنانە".

شوان قەڵادزێی وتەبێژی بزووتنەوە، رایگەیاند پارتیو یەکێتی دەستی دەستی بەحیزبە بچووکەکان دەکەنو وتی "لەو بڕوایەشدا نین کەئەو پۆستانە وەربگرین، بەردەوام هەوڵمانداوە بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنەی کەبەبزووتنەوە دراوە بۆمان جێبەجێبکەن".

پێشتر بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت رایگەیاند بۆ جێگرتنەوەی وەزارەتێکی تایبەت بەژنان، ئەنجومەنێکی خانمان پێکدەهێنێتو راستەوخۆ ئەو ئەنجومەنە پەیوەندی بەسەرۆکی حکومەتەوە دەبێت، مانگانەو هەفتانە راسپاردەو کۆبوونەوەی خۆیان دەبێتو دەتوانن چاودێربن بەسەر حکومەتو پەرلەماندا.

# دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک کۆنترۆڵی رفێنەرانیان بۆ ناکرێت

## تەنها لەماوەی مانگی رابردوودا، چوار حاڵەتی رفاندن روویداوە



شۆڕش خالید*

حاڵەتەکانی رفاندن لەناو شاری کەرکوک رووی لەزیادی کردووە، بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەکانیش رایدەگەیەنن کەئەگەر ئیمکانیەتیان باشتربکرێت، دەتوانن بەتەواوی کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخە بکەن.

تەنها لەماوەی رابردوودا چوار حاڵەتی جۆراوجۆری رفاندنی هاوولاتیان لەناو شاری کەرکوکدا ئەنجامدراوە، ئەوەش ترسو دوودڵی لەنێو دانیشتووانی شاری کەرکوکدا دروستکردووە.

دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی حاڵەتەکانی رفاندن لەو شارەدا بکەن، دەڵێن تواناى دەزگا ئەمنییەکانی بەتایبەت پۆلیس سنووردارە، بەهۆی کەمی رێژەی پۆلیسو کەمی توانای مادییەوە.

ترسی هاوولاتیان لەرفێنەرەکان زیاتربوو، کاتێک هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە یەکێک لەحاڵەتەکانی رفاندن لەناوچەی حەسیرەکە (جەرگەی ناوچە کوردنیشنەکان)، رفێنەرەکانی جلی سەربازیان لەبەربوو.

رۆژی ١٢ی ئەم مانگە هاوولاتییەکی شاری کەرکوک لەکاتی بانگی مەغریبدا بەناوی (ە ش)، لەخان خورمای شاری کەرکوک، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە رفێنرا.

دەزگا ئەمنییەکانی ئەوکات رایانگەیاند ئەو هاوولاتییە لەلایەن ٤ کەسەوە رفێندرا، بەگوێرەی قسەی شایەتحاڵەتەکانیش، رفێنەرەکان جلی سەربازیان لەبەردابووەو هاوولاتییەکەیان بردووە بۆ شوێنێکی نادیار.

دوو رۆژ دوای ئەوە دەزگا ئەمنییەکانی شاری کەرکوک، حاڵەتێکی تری رفاندنیان لەشاری کەرکوک راگەیاند، بەڵام هەر زوو رفێندراوەکە کەمنداڵێک بوو ئازادکراو رفێنەرەکەشیان دەستگیرکرا، کەئافرەتێک بوو.

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک رایگەیاند گروپەکانی رفاندنی هاوولاتیان ترسیان لەسەر هاوولاتیان دروستکردووەو بوونەتە هۆی بێزاری هاوولاتیانی شارەکە.

رۆژی ٧/٣٠ هاوولاتییەکی بەرەگەز مەسیحی لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لەکەرکوک رفێنرا. ئەمەیان تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هیچ هەواڵێکی نییەو بێسەروشوێنە.

لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوک رایگەیاند ئەو هاوولاتییە بەناوی (ی د م)ەو لەنووسینگەیەکی پارەگۆڕینەوەدا ژمێریارەو دانیشتووی گەڕەکی رەحیماوایە.

ئەو گەڕەکە بەیەکێک لەگەڕەکە ئارامەکانی شاری کەرکوک دادەنرێتو دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی کەرکوکەوە.

بەڵام دەزگا ئەمنییەکان وردەکاری زیاتریان لەو رووداوە ئاشکرانەکرد، عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکان رایگەیاند "ئەوەندەی ئاگادارم ئەو رفێنراوە تائێستا ئازاد نەکراوە".

عەقید شێرزاد مۆفەری، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عروبە، کە بەفراوانترین بنکە دادەنرێت لەناو شاری کەرکوکدا دەڵێت، ئەگەر توانای دەزگا ئەمنییەکانی پۆلیس لەڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانیانەوە لەسەرەووی هەموویان رێژەی پۆلیس زیادبکرێت، ئەوا توانای رووبەڕووبوونەوەی ئەو حاڵەتانەیان زیاتردەبێت.

ئەو وتی "حاڵەتەکانی رفاندن کەمە، لەبارەی سنووری خۆمەوە قسەبکەم نییە، ئەو حاڵەتانەی کەبوونی هەیە لەناو کەرکوکدا بەو شێوەیە نییە".

لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، حاڵەتەکانی رفاندنو کوشتنو برین لەپارێزگاکانی عێراق رۆژ دوای رۆژ رووی لەپەرەسەندن کرد، بەجۆرێک چەندین خێزان بەهۆی ترسو خراپی بارودۆخی ئەمنییەوە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان گۆڕیوە، تائێستاش حاڵەتەکانی رفاندن کۆتایی نەهاتووە.

### حاڵەتی ڕفاندن لەکەرکوک زیادیکردووە

لەسنووری پارێزگای کەرکوک بەپێی وتەی بەرپرسان دەزگا ئەمنییەکان دوو جۆر حاڵەتی رفاندن هەیە، حاڵەتێکی لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە ئەنجامدەدرێت، حاڵەتەکەی تریشیان دەستگیرکردنو رفاندنی ئەو بازرگانو پزیشکو خاوەن کۆمپانیاو بەرپرسانەیە کە لەپێناو پارەدا دەستگیردەکرێن.

کۆتاییەکانی مانگی حەوت پزیشکێکی شاری کەرکوک رفێنرا، بەڵام بەپێی وتەی دەزگا ئەمنییەکان ئەو شارە ئەو پزیشکە لەلایەن چەند باندێکەوە لەپێناو وەرگرتنی بڕێک پارە لەبنەماڵەکەیان رفێنراوە، رفێنراوەکە ناوی دکتۆر جەودەت بووە.

عەمید سەرحەد قادر بەدەستووری وت "ئەو حاڵەتەی کە لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە دەکرێت، بەپێی ئەو زانیارییانەی ئێمەو بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کەهەیە بۆ ئەوەیە ئەو گروپە توندڕەوانە بڵێن دەتوانین لەهارکاتێکدا بێت چالاکی بکەین، بەڵام ئێمە توانیومانە تاڕادەیەکی باش رێگەیان پێنەدەین".

هەروەها وتی "ئەوانە لەلایەک مەبەستیانە ترسو دوودڵی بخەنە ناو هاوولاتیانەوە، لەلایەکی ترەوە دەیانەوێت خۆیان وانیشانبدەن کەهێزیان هەیەو ماونو تائێستاش دەتوانن چالاکی خۆیان بکەن".

سەرحەد دەڵێت کەمەرج نییە هەموو ئەو حاڵەتانە گروپە توندڕەوەکان بن کە لەم ماوەیەدا روویداوە، بەڵکو هەندێکی بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیو هەندێکیش لەپێناو پارەدا دەڕفێنرێن.

کەسێکی نزیکی رفێنراوە مەسیحییەکەی گەڕەکی رەحیماوا، کە لەبەر بارودۆخی ئەمنی نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەدەستووری وت" (ی د م) پێشئەوەی بفڕێنرێت هیچ کێشەیەکی نەبووە، گوماندەکەین تەنها لەپێناو پارەدا بووبێت".

ئەو وتی "گومانمان لەهیچ لایەنێک نییە، بەڵام داوا لەدەزگا ئەمنییەکان دەکەین زیاتر بۆ ئەمنییەتی شارەکە کار بکەن".

ترسی خۆیو بنەماڵەکەشیانی لەوە نیشاندا حاڵەتی لەو جۆرە دووبارەببێتەوە.

عەقید شێرزاد مۆفەری رایگەیاند بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرحاڵەتێکی لەو جۆرە، دەبێت دەزگا ئەمنییەکان هەریەکەو لەلای خۆیەوە متمانەیەک لەلایەن هاوولاتیان دروستبکات بۆ ئەوەی زانیاریان پێبدەن.

ئەو وتی "ئەوەش دەوەستێتە سەر بنکەیەک بۆ بنکەیەکیتر، چۆن بتوانێت ئەو متمانەیە دروستبکات، جیاوازی متمانەکان وەکو جیاوازی پەنجەی دەستەکان وایە".

ئەو وتی "ئێمە فەتاحی شاڵ نین ئاگاداری هەموو شتێک بین، دەبێت هاوولاتیانیش زانیاریمان پێبدەن".

شێرزاد مۆفەری پێیوایە هێشتا دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک ئیمکانیەتی باشیان نییە، وتی "کاتێک هاوولاتیان زانیارییەکمان پێدەدەن، ئێمە ناتوانین پاداشتێکی باشی مادییان بکەین، بۆ ئەوەی جارێکیتر هاوکاری باشی ئێمەبن".

لەسنووری پارێزگای کەرکوک ١٢ هەزار هێزی چەکدارو ئەمنی هەیە، هەر لەدەزگاکانی پۆلیسو ئاسایشو سوپای عێراقیو دەزگا ئەمنییەکانیتر، جگە لەدوو بارەگای ئاسایشی تایبەت بەپارتیو یەکێتی، بەڵام تائێستاش حاڵەتەکانی رفاندنو کوشتن لەو شارەدا نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێت.

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک پێیوایە گروپەکانی رفاندنی هاوولاتیان بۆ کەرکوک، بوون بەمەترسی. دەڵێت دەبێت بەشێوەیەکی باشتر دەزگا ئەمنییەکان رووبەڕوویببنەوە.

پارێزگاری کەرکوک وتی "ئەو گروپانە مەترسین، ترسیان بۆ سەر شاری کەرکوک دروستکردووەو هاوولاتیانیان بێزارکردووە، بۆیە دەبێت بەهەموو توانایەک رووبەڕوویببینەوە".

عەبدولڕەحمان مستەفا بەدەستووری وت "بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس کەموکورتی زۆرەو زۆرشتیان بۆ جێبەجێنەکراوە، بۆیە ئەگەر هەموو پێداویستییەکانیان بەتەواوەتی بۆ دابینبکرێت، ئەوا باشتر لەئێستا دەتوانن کارەکانیان ئەنجامبدەنو کۆنترۆڵی رووداوەکانو حاڵەتەکانی رفاندن بکەن".

* محەمەد نەجیب بەشداری لەم راپۆرتەدا کردووە

# قۆڵێکی بریندارەکەی تۆپخانەکانی ئێران لەسلێمانی بڕدرایەوە

## تۆپەکانی ئێران چۆن قۆڵی رەسوڵیان پەڕاند؟

**فەرمان چۆمانی**

ئەو گەنجەی بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێرانەوە، بەسەختی بریندارببوو، دوێنێ سێشەممە، لەنەخۆشخانەی سلێمانی بەهۆی سەختی برینەکەیەوە قۆڵێکی بڕدرایەوە.

بەهۆی تۆپبارانەکانی دووشەممەی رابردووی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هاوولاتییەکی دانیشتووی گوندی زروکانەی نزیک شارۆچکەی سەنگەسەر بەناوی **رەسوڵ حاجی حسێن قۆڵێکی دەپەڕێت** دوای ئەوەی دەیەوێت لەگەڵ ٤٠ کەسی تردا ئاگری تۆپەکاتی ئێران بکوژێنێتەوە.

تۆپخانەکانی ئێران ئەمجارە بەپێچەوانەی جاری پێشوو بۆردومانی چەند گوندێکی نزیک شارۆچکەی سەنگەسەریان کرد بەو هۆیەشەوە هاوولاتییەکی تەمەن ٣٠ ساڵ بەناوی رسوڵ حاجی حسێن کەدانیشتووی گوندی زروکانە لەشارۆچکەی سەنگەسەرو خاوەنی سێ منداڵە بەسەختی بریندار دەبێتو قۆڵێکی دەپەڕێت.

وشیار عەبدوڵڵا کوڕە پوری بریندارەکە کە لەکاتی رووداوەکەدا پێکەوەبوون، بەدەستووری وت "کاتژمێر ٤:٣٠ خولەکی ئێوارەی ٢٣-٨ کۆماری ئیسلامی ئێران تۆپبارانی ناوچەکەمانی کردو ئاگر لەپوشو پاوانی دەوروبەری گوندەکەمان بەربوو، کاتێک تۆپبارانەکە هێواش بووەوە، ئێمەش ٤٠ کەس زیاتر دەبووین چوین ئاگرەکە بکوژێنینەوە، بەڵام دواتر تۆپباران دەستیپێکردەوەو دوو تۆپ هاتن یەکێکیان لەنزیک ئێمەیدا، ئەویتریان لەنزیک رەسوڵی کوڕی خاڵم کەوتەوەو بەسەختی بریندارییکرد".

وشیار وتی "ئاگرەکەمان بەجێهێشتوو چووین بریندارەکە رزگاربکەین، کەزۆربەی لەشی بریندارببوو، بەڵام برینی قۆڵی راستیو رانی چەپی زۆر بوو، بەپەلە بۆمان بەستو کاتژمێر ٧ی ئێوارە گەیاندمانە نەخۆشخانە".


رسو ئاغا کەئامۆزای ئەو بریندارەیەو لەنەخۆشخانەی سلێمانی لایەتی، بەدەستووری وت "بریندارەکەمان هۆشی هاتووەتەوە سەرخۆی، بەڵام قۆڵی راستی بڕاوەتەوەو رانی چەپیو چەند شوێنێکی تریشی بریندار‌بووە".

رسوئاغا رایگەیاند "هەرچەندە زۆر هەوڵماندا کەقۆڵی نەبڕنەوە، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە برینەکەی زۆر سەخت بوو، تائێستا یەک نەشتەرگەری بۆ کراوەو پێنج بتڵ خوێنمان تێکردووە".

رسوئاغا ئاماژەی بەوەدا کە لەو کاتەی رووداوەکە روویداوە هەموویان بەرۆژو بوونو رەسوڵ ئازارێکی زۆری هەبووەو بێتاقەت بووە.

وشیار وتی "وڵاتێکی ئیسلامی خەڵکی بەزمانی بەرۆژو لێ بریندارکردینو رێزی مانگی رەمەزانی لانەبووە".

هاوولاتیانی ناوچەکە داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەن، کار بۆ وەستاندنی تۆپبارانە بێ پاساوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن.



ڕەسوڵ حاجی حسێن

www.netewe.com

# کورد بەرنامەی بۆ دوای کشانەوەی ئەمریکا نییە

## کشانەوەی ئەمریکا گرفت بۆ ناوچە جێناکۆکەکان دروستدەکات

محەمەد نەجیب

هێزی سیاسیو دبلۆماسیو سەربازی کوردستان ئامادە نییە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە بەکشانەوەی سوپای ئەمریکا ڕووبەڕووی ناوچە جێناکۆکەکان دەبێتەوە.
بڕیارە کۆتایی ئەم مانگە هەموو هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لەعێراق بکشێنەوە، جگە لە ٥٠ هەزار سەرباز کەبۆ مەشقپێکردنی هێزە عێراقییەکان دەمێننەوە تا ٢٠١٢.
چاودێرانی سیاسی دەڵێن یەکنەخستنی هێزی پێشمەرگەو هێزی ئاسایش، پێشخستنی بەرژەوەندییە حیزبییەکان لەبری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، پێگەی کوردی لەناوچە جێناکۆکەکان لاوازکردووە، لەکاتێکدا هێزە ڕکابەرەکانی کورد هەموو ناکۆکییەکانیان وەلاخستووە لەبەرانبەر داواکانی کورددا.
هەرچەندە چاودێرانو پسپۆڕانی سیاسی ئاماژە بەوەدەدەن کورد بەرنامەی بۆ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نییە، بەڵام بەرپرسانی سەربازی هەبوونی ئەو مەترسیە بۆ سەر هەرێمی کوردستانو ناوچە جێناکۆکەکان ڕەتدەکەنەوە.
قادر عزیز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت کشانەوەی ئەو هێزانە کاریگەری سلبی هەیە لەرووی سیاسیو ئەمنییەوە، وتی "هەر یەک لەهێزە سیاسییەکانی عێراق ئیمتیدادی وڵاتێکی ئیقلیمین، بەڵام تەنها کورد، ئەمریکا بەدۆستی خۆی دەزانێت، بۆیە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەناوچە جێناکۆکەکان کێشەکان زیاتردەبن".
بەبڕوای قادر عەزیز بەهۆی کشانەوە


ئایا کورد توانای پاراستنی ئاسایشی ناوچە جێناکۆکەکانی هەیە؟

سوپای ئەمریکاوە، بۆشایی سیاسیو ئەمنی دروستدەبێت، دەڵێت ئەو بۆشایە ئەمنییە ئەو هێزانە پڕیدەکەنەوە کەنەیاری هەرێمی کوردستانن، وتی "وڵاتانی ئیقلیمی دەستتێوەردانی زیاتریان دەبێت، بۆیە گێڕانەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێم قورسترذەبێت".
ئاوات محەمەد ئەمین ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژە بەوە دەدات کاریگەری کشانەوەکە بەهێزو ڕاستەوخۆ نییە، بەهۆی ئەوەی لیوایەکی سوپای ئەمریکا لەکەرکوک دەمێنێتەوە، بەهۆی بارودۆخی سیاسی شارەکەوە.
یوسف محەمەد مامۆستای زانکۆ لەکۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆ سلێمانی دەڵێت بەهۆی ئەوەی کەهێزە چەکدارەکانی هەرێم ڕێکنەخراون لەچوارچێوەی هێزێکی نیزامیو پیشەییو نیشتمانیداو هێزی چەکداری حیزبین، بۆیە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کاریگەری دەکاتە سەر بارودۆخی ئەمنی هەرێمو ناوچە جێناکۆکەکان.
ئەو وتی "بەهۆی بوونی هێزی هاوبەشی ئەمریکاو عێراقو پێشمەرگە، تەسەور ناکەم ئاژاوەو شەڕی چاوەڕوانکراو لەو ناوچانە ڕوودات".
جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بەهۆی بوونی هێزی هاوبەشی سێ لایەنیەوە، هەست بەهیچ مەترسێک ناکرێت لەناوچە جێناکۆکەکان".
هەموو لایەک جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کەکورد پێویستە بەرنامەیەکی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی هەر پێشهاتێکی چاوەڕوانەکراو ببێتەوە، بتوانێت لەهەموو ئەگەرەکاندا ململانێیەکان لەسەر ئەو ناوچانە بەقازانجی خۆی کۆتایی پێبهێنێت.
ئاوات محەمەد بەپێویستی دەزانێت کورد بۆ هەموو ئەو ئەگەرانەی مەترسی دروستدەکەن لەسەر کوردستان، سەرکردایەتی سیاسی کورد بەرنامەو پلانی پێشوەختی بۆ ئامادەبکات، وتی "بەڵام نازانم تائێستا کورد چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ ئەو حاڵەتە".
قادر عزیز ئەوەی بەپێویست زانی کەکورد بەهێزی خۆی بەرگری لەخۆی بکات، دەڵێت لەعێراقدا دوو ڕێگا هەیە، ڕێگای دەستوور، کەئەگەر عێراقییەکان ملکەچی ئەو دەستوورە بن، ئەوا بۆ کورد بێ کێشە دەبێت، ڕێگای دووەمیش ململانێی دبلۆماسیو سیاسی تا فشاری هێزی چەکداری.
قادر عزیز وتی "بڕواناکەم سەرکردایەتی سیاسی کورد بەرنامەو پلانی درێژخایەنو وردبینی هەبێت، بۆ ئەگەرەکانی پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا".
یوسف محەمەد فرە کوێخایو گرتنەبەری سیاسەتی حیزبی لەبری سیاسەتی نیشتمانی لەو ناوچانە، وایکردووە کەمەترسیان لەسەر بێت، وتی "بۆیە دەبێت سەرکردایەتی کورد بەسیاسەتێکی نوێو نیشتمانییەوە کاربکات، ئەو کات ئەو مەترسییانە کەمدەکاتەوە".
یوسف بەپێویستی دەزانێت کۆمیتەیەکی هاوبەش لەهەموو هێزە کوردستانییەکان پێکبهێنرێت، بۆ ئەوەی کەسەرپەرشتی ناوچە جێناکۆکەکانو بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیو نەهێشتنی ململانێی حیزبی وتی "چونکە ئەو نارەزایەتییەی کە لەو ناوچاندا دروستبووە، ئەوا مەترسی هەیە بۆ سەر گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێت ئەو ناوچانە لەرووی خزمەتگوزارییەوە خزمەتبکرێن".
جەبار یاوەر دەڵێت هێزی پیشمەرگەو هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەهەموو شێوەیەک هەم لەرووی سیاسیو ئەمنییەوە بەرانبەر هەر کێشەو ناکۆکی تایفی دەوەستنەوە، وتی "بۆیە هەموو توانای خۆمان وەگەڕدەخەین بۆ ئەوەی عێراقێکی هێمنی بێ کێشەی یەکگرتووی فیدراڵی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بێتەئاراوە".

# پێش کۆنگرە، پارتی لەگەرمیان کوتلەکاری تێدەکەوێت

## پارتی لەگەرمیان بەسەر باڵی ئەکرەم ساڵحو عەبدولڕەحمان دەلۆدا دابەشبووە

ئاوارە جاف لەگەرمیان


کوتلەکاری، لقی گەرمیانی پارتی لەتدەکات
فۆتۆ: زانیار محەمەد

سەرچاوەیەک لەنێو لقی ٢٢ پارتی لەگەرمیان، بەدەستووری ڕاگەیاند، کەبەرپرسە حیزبییەکانی پارتی لەگەرمیان بوون بەدوو کوتلەوەو بەسەر دوو باڵدا دابەشبوون، بەرپرسی ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیری لقەکەش دەڵێت پێشتر ئەو حاڵەت هەبووە نەک ئێستا.
سەرچاوەیەکی ئاگاداری نێو لقی پارتیو ئاگاداری ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە لەگەرمیان، لەلێدوانێکیدا، بۆ دەستوور وتی «لەگەڵ نزیکبوونەوە لەکۆنگرەی ١٣ پارتیو ئەو گۆڕانکارییانەی ماوەیەک پێش ئیستا لەنێو لقی ٢٢ پارتیدا لەگەرمیان کرا، کوتلەکاری خستووەتە نێو ڕیزەکانی پارتی لەگەرمیانو تەنانەت کارگێڕ لقو بەرپرسی ناوچەکانیشی کردووەتە دوو ئاراستەی جیا».
بۆ پشتگیری قسەکانی ئەو سەرچاوەیە وتی «لەکاتی سەردانو بۆنەو پرسەکانیشدا، لقی ٢٢ بەدوو گروپ دەچن، کوتلەی ئەکرەم ساڵح بەرپرسی لقی ٢٢ پارتی لەگەرمیان بەجیاو کوتلەی عبدولڕەحمان دەلۆ بەرپرسی بەشی ڕێکخستن بەجیا».
سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا کەهەریەکە لەمامۆستا غەزالەو شیرین ئەحمەد کارگێڕانی لقو زمناکۆ حسێنو لوقمان ڕەشیدو شوان محەمەدو حاکم بێستون ئەندامانی لقو نەجم باوەنوری بەرپرسی ناوچەی کەلارو شێخ سەباح بەرپرسی ناوچەی گوڵانو مستەفا وادی بەرپرسی ناوچەی کفریو لوقمان گەڵایی بەرپرسی ناوچەی دەربەندیخانو حەسەن سەرتیپ ئەندام لق کوتلەی ئەکرەم ساڵح بەرپرسی ئێستای لقی گەرمیانن.
بەڵام هەریەکە لەعومەر شەریفو عەلی کەلۆشیو محەمەد عەلی قادرو مامۆستا ئیبراهیمو ڕزگار شەمێرانی کارگێڕانی لقو فریاد فەقێ بەرپرسی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی لەگەرمیانو ڕەهێڵ حەسەن ئەندام لقو مەحمود قادر بەرپرسی ناوچەی باوەنورو کەنعان عەبدولڕەحمان بەرپرسی ناوچەی قەرەتەپەو عەلی سلیم بەرپرسی ناوچەی گەرمیان کوتلەی عەبدولڕەحمان دەلۆن.
عومەر شەریف بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیریو وتەبێژی لقی ٢٢ی پارتی لەگەرمیان بەدەستووری وت «ئەوانە کوتلە نییە، ئەوەی وادەڵێت لەوانەیە باسی پێشتر یان ماوەیەک پێش ئێستا بکات، کەهەندێک تێڕوانینی جیاواز هەبوو لەکاتی گۆڕینی بەرپرسی ناوچەکاندا، ئەو کێشانەش چارەسەرکراو لەلای پارتیش بیروڕای جیاواز ئاساییەو دەربڕینی ڕای خۆت بەئازادانە دەردەبڕدرێت».
عومەر شەریف ئاماژەی بەوەشدا کەلای ئەوان ئەوە گرنکە کەجیاوازی بیروڕای ئەندامانیان لەناو خودی حیزبەکەدایەو لەدەرەوەی حیزبەکە نییە، وتی «کوتلە لەناو پارتیو لەناو لقدا نییە، لقەکە لەئێستادا لەبارودۆخێکی زۆر ئاسایدایەو کەسیش کوتلەی کەس نییەو هەموومان کوتلەی پارتین».
سەرچاوەکەی دەستوور ئاماژەی بەوەشدا کەئەو کوتلەو کوتلەکارییە لەوەوە سەریهەڵدا کەگۆڕانکاری لەپۆستی بەرپرسی لق کراو ئەکرەم ساڵح لەکارگێڕ لقییەوە بوو بە بەرپرسی لق.
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کەئەکرەم ساڵح فەرمانی سەرووی خۆی جێبەجێدەکات بەتایبەت مەحمود محەمەدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، وتی «ئەو کوتلەکارییە ئەندامانی لقی نیگەرانکردووە».
دەستوور ئەوەشی زانیوە کەکوتلەکارییەکەی نێو لقی ٢٢ گەیشتووەتە مەکتەبی سیاسی پارتیو لەمەکتەبی سیاسیش لەو ئەدایەی کادرانی گەرمیان نیگەرانو بەهۆی ئەو باڵباڵێنەی ئەمدوایەی کەوتووەتە نێو ڕیزەکانی ڕێکخستنی پارتی لەگەرمیان، مەکتەبی سیاسی ماوەیەکە تەداخولات دەکات.
هیچکام لەئەکرەم ساڵح بەرپرسی لقو عەبدولڕەحمان دەلۆ بەرپرسی بەشی ڕێکخستن لەگەرمیان ئامادەنەبوون لێدوان بدەن.

# دوکاندارە چینییەکان لەمامەڵەکردنی کورد بێزارن

## «خەڵکی کوردستان حەزیان لەشتی خراپو هەرزانە»





کاروخ نامیق

دوکاندارە چینییەکانی بازاڕی کاسۆ مۆڵی سلێمانی دەڵێن مامەڵەکردنی زۆری کڕیارانی کورد ماندووی کردوون، ئاماژە بەوەش دەدەن کەخەڵکی کوردستان ئارەزوویان لەکوالیتی بەرزی کاڵاکان نییە، بەڵکو کاڵای خراپو هەرزانیان دەوێت.

بازاڕی کاسۆ مۆڵ دەکەوێتە ناوجەرگەی شاری سلێمانیەوە، لەمانگی ٤ی ئەمساڵەوە کراوەتەوە، لەو کاتەوە بە بەردەوامی خەڵکی شاری سلێمانیو شارەکانی تری کوردستان سەردانی ئەو بازاڕە دەکەن بۆ کڕینی پێداویستییەکانیان.

ئیدارەی بازاڕی کاسۆ مۆڵ بۆ بەڕێوەبردنی دوکانەکانی بازاڕەکە، گرێبەستێکیان لەگەڵ کۆمپانیای بزیکسلو (bzixilu)ی چینی ئەنجامداوە بۆ هێنانی نزیکەی ٤٠٠ کارمەندی چینی، نەزانینی زمانی کوردی کێشەی بۆ ئەو کارمەندانە دروستکردووە، بۆیە لەگەڵ هەر کارمەندێکی چینیدا وەرگێڕێکی کوردیان داناوە.

تیم بەڕێوەبەری گشتی لەو کۆمپانیایەی کەکارمەندە چینییەکانی بازاڕی کاسۆ مۆڵی هێناوە بۆ کوردستان، دەڵێت کارمەندەکان لەدوبەیو چینەوە هێنراون بۆ کوردستان.

وتی «ئەو کارمەندانەمان بەهاوکاری حکومەتی هەرێم هێناوە، گرێبەستیان هەیە بۆ ماوەی ساڵێک کە لەکوردستان کاربکەن».

بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکە وتی «حکومەتی هەرێم زۆر حەزی بەکارمەندی چینییە، هاوکاریمان دەکات، هیچ کێشەیەکمان نییە لەو بارەیەوە».

ئایڤۆ جانگی کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵ شەش مانگە لەچینەوە هاتووەتە کوردستان، ئێستا لەبازاڕی کاسۆ مۆڵ لەسلێمانی لەدوکانێکی فرۆشتی پێڵاو کاردەکات، دەڵێت خەڵکی کوردستان تا شتێک دەکڕن زۆر مامەڵەدەکەن، ئەوانیش بێزاردەبن لەو هەموو مامەڵەیە، وتی «خەڵک شتی باشو گرانیان ناوێت، بەڵکو هەرزانو خراپیان دەوێت».

> کڕیاری کورد پێڵاوێک دەبات چەند ڕۆژێک لەپێی دەکات، دواتر پێڵاوەکە دێنێتەوەو دەیەوێت پارەکەمان لێبسەنێتەوە، ناشیگۆڕێت بەمۆدێلی تر

ئاڤۆ دەڵێت هەوڵدەدات کەخۆی فێری کوردی بکات، وتی «لەبەرئەوەی من لێرە ئیشدەکەم، پێویستم پێی دەبێت، هەرچەندە ئێستا چەند وشەیەکی سەرەتایی فێربووم».

فرۆشیارە چینییەکانی بازاڕی کاسۆ مۆڵ ئاماژە بەوەدەدەن ئەو قازانجەی دەیکەن زۆرباش سنووردارە، بۆیە ناتوانن ماوەیەکی درێژ لێرە بمێننەوە، دەڵێن لەسێ چوار ساڵ زیاتر ناتوانن بمێننەوە.

سوسوڤا ٣٢ ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەی لەچینەوە هاتووە بۆ کوردستان لەبازاڕی کاسۆ مۆڵ کەلوپەلی منداڵانو پێڵاو دەفرۆشن، بەهاوکاری وەرگێڕێک.

سوسوڤا دەڵێت کێشەیان لەگەڵ کڕیاری کورد ئەوەیە، هەندێکیان کەدێن پێڵاو دەکڕن، دەڵێن ژمارە ٤٠ لەپێدەکەم، دواتر دەیباتو چەند ڕۆژێک لەپێی دەکات، دێتەوە دەڵێت ژمارە ٤١ لەپێدەکەم، وتی «دەیەوێت پارەکەمان لێبسەنێتەوە ناشیگۆڕێت بەمۆدێلی تر».

سوسوڤا سێ مانگە هاتووەتە کوردستان، دەڵێت لەوەتەی ڕەمەزان هاتووە بازاڕمان کزبووە، بەڵام ڕۆژانی هەینی کڕیاریان زیاتردەبێت.

«مامەڵەی کڕیاری کوردیش وەکو کڕیاری چینی وایە، دەڵێت ئەوەم بدەرێ کەنرخی لەوە زۆر کەمترە» سوسوڤا وای وت.

بازاڕی کاسۆ مۆڵ هەموو ڕۆژێک لەکاتژمێر دەی بەیانییەوە بەڕووی هاووڵاتیاندا دەکرێتەوە تا کاتژمێر ١١ شەو.

فرۆشیارو کارمەندە چینییەکان دەڵێن زمانی کوردی زۆر قورسە بۆ ئەوانو ناتوانن بەئاسانی فێری ببن، ئاماژە بەوە دەدەن دوای چەند مانگێک کە لەکوردستانن، جگە لەهەندێک وشەی سەرەتاییو ئاسان هیچیتر فێرنەبوون.

وانگ جانگ یۆن، ٢٦ ساڵ، لەچینەوە هاتووە، لەدوکانێکی بازاڕی کاسۆ مۆڵدا جانتا دەفرۆشێت، دەڵێت چەند وشەیەکی سەرەتایی کوردیو ژمارەکان فێر بووە.

وانگ جانگ یۆن وتی «هەڵسوکەوتی خەڵکی کورد زۆرباشە لەگەڵمان، بەڵام مامەڵە زۆر دەکەن».

دەڵێت ئەگەر کارەکەی باش بێت، ئەوا دوو تا سێ ساڵیتر لەکوردستان دەمێنێتەوە.

وانگ جانگ ئاماژە بەوە دەدات ئەو شتانەی ئەوان دەیفرۆشن کوالیتیان بەرز نییە، زۆریش خراپ نین، بەڵکو مامناوەندییە، وتی «خەڵکی کوردستان حەزیان لەکەلوپەلی کوالیتی بەرز نییە، چونکە گرانن».

ژوولینگ ویلینگ ٤٢ ساڵ، هەشت مانگە هاتووەتە کوردستانو پرۆژەکەی تاکەکەسیە، لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە لەسلێمانی.

ژوولینگ ویلینگ دەڵێت « کورد کەدێن شت لەمن دەکڕن زۆرباشن، بەڵام کێشەی من ئەوەیە شتەکانم زۆر نافرۆشرێن، خەڵک دانە دانە شت دەکڕێت».

کڕیارە کوردەکان کاتێک سەردانی بازاڕی کاسۆ مۆڵ دەکەن لەهەڵسوکەوتو مامەڵەی کارمەندو فرۆشیارە چینییەکان ڕازین، بەئەتەکێتێکی جوانەوە پێشوازی لەکڕیارەکان دەکەن.

ئەمیر ڕەزا، ٢٩ ساڵ، لەنەرویج دادەنیشێتو ئێستا بەسەردان گەڕاوەتەوە کوردستان، وتی «ئەو چینیانەی لەسەر ئەو دوکانانەن، زۆر بەئەدەبو بەڕێکوپێکی بەخێرهاتنی ئەو کەسانەیان دەکرد کەدەهاتن شتیان دەکڕی».

ئەمیر وتی «نرخی کاڵاکانی ئەم بازاڕە لەچاو بازاڕەکانیتر زۆر گرانە».

# کۆچبەرە کوردەکان بێبەشکراون

## هەر کۆچبەرێکی عێراقی پارچە زەوییەکی پێدراوە، بەڵام لەسنووری ناوچە جێناکۆکەکان هیچ زەوییەک دابەشنەکراوە

زانیار داقوقی

ئەو کوردانەی لەپارێزگاو قەزاکانی خۆیان دوورخراونەتەوە، بەپێچەوانەی عەرەبەکان بێبەشبوون لەیارمەتی وەزارەتی کۆچو کۆچبەرانی عێراقی، لەکۆی ئەو ١٠٤ ملیار دینارەی ئەو وەزارەتەش بۆ کۆچبەرانی سەرفکردووە، بەشێکی کەم لەکوردەکان لێی سوودمەندبوون.

ئەو وەزارەتە لەماوەکانی ڕابردوودا بڕیاری پێدانی پارچە زەوییەکی بۆ هەر خێزانە کۆچبەرێکی عێراقی تەرخانکرد ئەوانەی کەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، بەڵام کوردە کۆچبەرەکان ئەوانەی لەناوچەکانی خۆیان لەناوخۆی عێراقەوە بۆ ناوچەیەکیتر کۆچیانکردووە، دەڵێن لەپێدانی زەوی بێبەشبوون.

پێدانی ئەو پارچە زەوییە ناوچە جێناکۆکەکانی نەگرتووەتەوە، لەکاتێکدا زۆربەی ئەو کوردانەی بەماڵو خێزانەوە ناوچەکانی خۆیان بەجێهێشتووە بەهۆی بارودۆخی ئەمنییەوە دەکەونە ئەو ناوچانەوە.

ئەحمەد تەها کەهاووڵاتییەکی کوردی کۆچبەرەو ناوی لەوەزارەتی کۆچوکۆچبەران تۆمارکردووە، بۆ ئەوەی لەو یارمەتیانە سوودمەندبێت کەئەو وەزارەتە بەسەر کۆچبەرانی عێراقیدا دابەشیدەکات، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ڕایگەیاند کەئەو بەهۆی مەترسیو بارودۆخی ئەمنییەوە چەند ساڵێکە حەویجەی بەجێهێشتووە، بەڵام دەڵێت تائێستا وەکو کۆچبەری عێراقی مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە.

ئەحمەد وتی «بڕێکی کەم پارەیان دامێ، بەڵام زۆر کەمبوو، زەویشیان پێنەداوم».

ئەو بڕە پارەیەی ئەحمەد وەریگرتووە، تەنها یەک ملیۆن دیناری عێراقییە.

زۆربەی خێزانە کۆچبەرانی کورد لەناوچەکانی پارێزگای دیالەو سەلاحەدینو کەرکوکن، وەزارەتی کۆچو کۆچبەران مامەڵەی کۆچبەری لەگەڵ ئەو خێزانە عێراقیانەدا دەکات کە بەهۆی خراپی بارودۆخی ئەمنییەوە لەدوای هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانانەوە، ناوچەکانی خۆیان بەجێهێشتووەو لەناوچەیەکی تری عێراق نیشتەجێبوون، یان ئەوانەی ساڵانێکە بەهۆی خراپی مامەڵەی حیزبی بەعس وڵاتیان بەجێهێشتووەو ئێستا گەڕاونەتەوە.

ئەزهار خێلانی سەرۆکی لیژنەی کۆچوکۆچبەران لەئەنجومەنی پارێزگای دیالە ڕایگەیاند لەپارێزگاکەی ئەواندا دەستکراوە بەدروستکردنی ١٥٠ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کۆچبەرەکان. ئاماژەی بەوەشدا کەدوای تەواوبوونی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر خێزانە کۆچبەرەکاندا دابەشدەکرێن.

کەمال شکور هاووڵاتییەکی دانیشتووی قەزای داقوقە، ڕایگەیاند ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێیە لەلایەن نووسینگەی کەرکوکی وەزارەتی کۆچو کۆچبەرانەوە پارچە زەوییەکی پێبدرێت، بەڵام تائێستا هیچ ئاگادارنەکراوەتەوە.

پێشووتر عەبدولسەمەد ڕەحمان سوڵتان وەزیری کۆچو کۆچبەرانی عێراقی، ئاشکرایکرد کە تائێستا



وەزارەتی کۆچوکۆچبەرانی عێراقی بەردەوامە لەپرۆژەی نیشتمانی بۆ گەڕانەوەی خێزانە کۆچکردووەکان بۆ شوێنی خۆیانو ئاماژەی بەوەدا کە تائێستا ٦٠ هەزار خێزانی کۆچکردوو لەناو شارەکانی عێراق گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیانو ناونووسکراونو نزیکەی ١٢ هەزار لەدەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان.

هەروەها وتی «وەزارەت بۆ هەر خێزانێکی کۆچبەر پارچە زەوییەکی بۆ خانووی نیشتەجێبوون بۆ دابیندەکات، یان بەشێوەیەکی یەکسان لەو یەکە نیشتەجێبوونانەی کەدروستدەکرێن یەکەیەکیان پێدەدرێت».

بەڵام کۆچبەرە کوردەکانی سنووری پارێزگاکانی دیالەو سەلاحەدینو کەرکوکو موسڵو ناوچەکانی دەوروبەریان، تائێستا هیچ پارچە زەوییەکیان بەشێوەیەکی فەرمی پێنەدراوە، دەڵێن سوودمەندنەبووین لێی.

ئازاد جەباری ئەندامی لیژنەی کۆچو کۆچبەران لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەدەستووری وت «ئێمە وەک ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک هیچ نووسراوێکی دابەشکردنی زەویمان بەسەر کۆچبەراندا پێنەگەیشتووە».

ئازاد جەباری وتی «دابەشکردنی زەوی نابێت تەنها ئەوانە بگرێتەوە کە لەدەرەوەی وڵات دەگەڕێنەوە».

تائێستا بەپێی وتەی عیسام خەفاجی بریکاری وەزارەتی کۆچوکۆچبەرانی عێراقی، ١٠٤ ملیار دینار بۆ قەرەبووکردنەوەی خێزانەکۆچبەرەکان خەرجکراوە. بەڵام چۆنیەتی سەرفکردنی ئەو پارەیەی ڕووننەکردەوە.

# فێری بڕینی قاسەی ماڵان بوون

## چوونە سەرماڵانو دزیکردن لەوارماوە زیادیکردووەو پۆلیسیش کۆنترۆڵی پێناکرێت



کـــامـــەران کەریم. شارەزوور

حاڵەتەکانی دزیکردنو ماڵبڕینو چوونە سەرماڵان لەماوەی دوو مانگی رابردوودا

بەشێوەیەکی بەرچاو لەشارۆچکەی وارماوە زیادیکردووە، هاووڵاتیان گلەیی لەبەرپرسان دەکەنو ئەوانیش هاووڵاتیان بەکەمتەرخەم دەزانن.

بەپێی ئامارێکی بنکەی پۆلیسی وارماوا تەنها لەهەشت مانگی رابردوودا، ١١ حاڵەتی دزینو چوونەسەرماڵان لەو شارۆچکەیە تۆمارکراوە، کەزۆرترینی ئەو حاڵەتانە لەدوو هەفتەی رابردوودا بووە، بەبێئەوەی هیچ کەسێک دەستگیرکرابێت. زۆرترینی ئەو حاڵەتانە بڕینی قاسەی ماڵانو بردنی پارەو ئاڵتوون بووە، کەدوا حاڵەتیان دزینی هەشت ملیۆن دینارە لەماڵێکدا.

بەرپرسانی ناحییەکە زۆربوونی ئەو حاڵەتانە بۆ کەمتەرخەمی هاووڵاتیان دەگێڕنەوە، بەبێئەوەی تائێستا هیچ کەسێکیان لەسەر بڕینی ماڵانو دزیکردن دەستگیرکردبێت.

کەمال عەزیز، هاووڵاتییەکی دانیشتووی یەکێک لەگەڕەکە تازەکانی ناحییەی وارماوایە، چەند رۆژێک پێش ئێستا هەشت ملیۆن دینار لەماڵەکەی دزرا، دوای ئەوەی دەچنە سەر ماڵەکەی. کەمال لەو کاتەی دەچنە سەر ماڵەکەی، ئەوان لەماڵی خزمێکیان دەبنو وتی «شەو کەگەڕاینەوە ماڵەوەمان تێکدرابوو، کاتێک زانیمان هەشت ملیۆن دینارمان دزراوە».

ئەو وتی حکومەت ناتوانێت ژیانو ماڵی هاووڵاتیان بپارێزێتو بەکەمتەرخەم ناوی بردن. «مەعقول نییە، ئەم ماوەیە دزیکردن زیادبووە، بەڵام کەس تائێستا نەگیراوە». هەروەها وتی «دزیکردن بووەتە حاڵەتێکی ترسناک».

کەمال وتی «خەڵک وای لێهاتووە گەورەترین گرفتی هەبێت، نابێت شەو ماڵ چۆڵبکات، چونکە کەشەو ماڵ چۆڵکرا، یەکسەر دەبێت خۆت حازربکەیت کەدزیت لێکراوە».

نەقیب ئازاد مەحمود لەبنکەی پۆلیسی وارماوا رایگەیاند نیگەرانن لەوەی دیاردەکە لەم ماوەیەدا زیادیکردووە.

ئەو وتی «دزەکان زیاتر چاودێری ئەو ماڵانە دەکەن کەدەردەچن بۆ سەردان یاخود ماڵەوەیان چۆڵدەکەنو فرسەت دەبەنو دزیدەکەن».

هەروەها وتی «ناکرێت ئێمە خۆمان بکەین بەماڵاندا، بەردەوام مەفرەزەکانمان بەشەوان دەگەڕێن، بەڵام زیاتر هاووڵاتیان کەمتەرخەمن».

بنکەی پۆلیسی وارماوە پلانیان هەیە بەشێوازێکیتر هەوڵی دەستگیرکردنی ئەو کەسانە بدەن کەدەچنە سەر ماڵان.

ئەو پلانەکەی بۆ دەستوور ئاشکراکردو وتی «لەگەڵ چەند ماڵێکدا رێکدەکەوین، کەماڵەکەیان چۆڵبکەنو کارمەندێکی پۆلیس لەماڵەوەبێت، تابتوانین دزەکە دەستگیربکەین».

کاوە ئەمین پیشە مامۆستایە دەڵێت کەماوەیەکە لەگەڵ دراوسێکانیان تا درەنگانی شەو دادەنیشنو پاسەوانی خۆیان دەکەن.

کاوە وتی «لەخوار ماڵی ئێمەوە چوونە سەرماڵێک، بۆیە ئێمەش ترسمان هەیە».

فازڵ عومەر بەڕێوەبەری ناحیەی وارماوا ئاماژە بەوەدەدا کەبڕینو چوونە سەرماڵان بووەتە حاڵەتێکی ناسروشتیو وتی کەبەردەوام ئاسایشو پۆلیسیان شەوان دەگەڕێن بەشەقامو کۆڵانەکاندا.

ئەو وتی «هەندێک حاڵەتی دزیکردن دوای ئاشکرابوونی بەعەشایەری چارەسەردەکرێت، ئەمە خراپەو رەنگە ئەو کەسە سبەی بچێتە سەر دراوسێیەکی تریان».

---

# بۆ خانمان.. ئاگاداری تەمەنی نائومێدی بە

## تەمەنی نائومیدی (لێچوونەوەی سوڕی مانگانە) چیت بەسەردەهێنێت؟

د. سجی اسعد*



**تەمەنی نائومێدی (تەمەنی لێچوونەوەی سوڕی مانگانە) چییە؟**

ئەم قۆناغە لەلای خانمان بەمانای پچڕانی سووڕی مانگانە دێت، لێرەدا هۆکار زۆرەو گۆڕانکارییەکان پێش ئەم پچڕانە روودەدات، لەئەنجامی وەستانی هێلکەدانەکان لەبەرهەمهێنانی هۆرمۆنە مێینەکاندا وەک ئیستروجین، کاتێک سوڕی مانگانە دەوەستێت بەو مانایە دێت کەئەو ئافرەتە توانای نابێت جارێکیتر دووگیان بێتەوە.

تەمەنی نائومیدی کەی دەستپێدەکات؟

دەشێت ئەم قۆناغە لەتەمەنێکی زووەوە دەستپێبکات لەتەمەنی ٣٥ساڵیەوە یان لەتەمەنێکی دواکەوتوودا دەستپێبکات وەک لەتەمەنی ٦٠ ساڵیەوە، بەڵام نێوەندی ئەم تەمەنە لەنێوان ٤٠-٥٠ ساڵیە، لەهەندێک لەخانماندا بەشێوەی کتوپڕ دەوەستێت، لەلای هەندێکی تریان چەند نیشانەیەک دەردەکەوێت پێش چەند مانگێک لەوەستانی.

دەشێت بپرسیت لەچۆنیەتی زانینی ئەم قۆناغە؟

لێرەدا گۆڕانکاری روودەدات لەسوڕی مانگانە بەجۆرێک دەبێتە شێوەی ناڕێک، یان کەمبوونەوەی سوڕی مانگانە بۆ ماوەی درێژو بەردەوام یان بۆ ماوەی کەم یان بەکزی سوڕی مانگانە روودەدات، یان بۆ ماوەی چەند مانگێک دادەبڕێتو دوایی دیسان دەستپێدەکاتەوە، دەبێت ئەم ماوەیە ئاگاداربیت لەرووداني دووگیانی ئەگەر هۆکانی بەرگری لەدوو گیانی بەکارنەهێنیت.

**گرنگترین نیشانەکانی چییە؟**

هۆڕمۆنی ئیسترۆجین تەنها کارناکاتە سەر نەوە خستنەوە بەتەنها، بەڵکو کاریگەری دەبێت لەسەر پلەی گەرمی جەستە، لەسەر حاڵەتی گشتی مەزاجو لەسەر چڕێتی ئێسکو جومگەکان، هەر بۆیە لەکاتی وەستانی سوڕی مانگانەدا هەندێک نیشانە دەردەکەوێت لەوانە:

نۆرەی گەرمبوونی جەستە: ئەم نۆرانە پێش وەستانی سوڕی مانگانە بەچەند مانگێک رودەداتو کۆتاییدێت لەساڵی یەکەم یان دووساڵ دوای تەمەنی نائومێدی، ئەم نۆرانە دەشێت رۆژانە یەکجار رووبدات یان چەند نۆرەیەک رووبدات لەرۆژێکدا، ئەم نۆرانە کاتێک لەئێوارانداا روودەدات عارەقێکی زۆر بەژنەکە دەکاتەوە لەکاتی خەوتندا، دەشێت لەگەڵ ئەم نۆرانەدا دڵ پێداهاتنو لێدانی زۆری دڵ لەگەڵ خۆیدا بێنێت، بۆ دوورکەوتنەوە لەم حاڵەتە پێویستە جلوبەرگی تەنک لەبەربکاتو خۆی بداتە بەر هەوایەکی فێنک.

سڕبوونی جەستە: زۆربەی جار لەگەڵ ئازاری جومگەکانو ماسولکەکاندا روودەدات، هەندێک لەخانمان تووشی ئاوسانی دەستەکانو پێیەکان دەبن، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەمەدا دەتوانرێت هەندێک وەرزشی ئاسان بکرێت.

خەمۆکیو توڕەبوونو هەڵچوونی مەزاج: ئەم گۆڕانکارییانە روودەدات لەئەنجامی ئەوەی ژنەکە هەستدەکات کە کەوتووەتە تەمەنەوە، دابەزینی ئاستی هۆڕمۆنی ئیسترۆجین پەیوەندی راستەوخۆی بەم حاڵەتەوە نییە، دەتوانێت زاڵبێت بەسەر ئەم حاڵەتەدا بەراهینانی وەرزشیو پشتگیری کەسوکار.

گیروگرفتی سێکسی: دوای ماوەیەک لەوەستانی سوڕی مانگانە، هۆکارێک پەیدا نابێت بۆ رووداني گیروگرفتی سێکسی، بەڵام دابەزینی ئاستی هۆڕمۆنی ئیسترۆجین لەخوێندا دەبێتە هۆکاری وشکبوونەوەی دامێنی (المهبل) ئافرەتەکە لەناوەوە کەوا دەکات کاری پرۆسەی سێکسی بەئازاربێت، بەڵام دەتوانرێت زاڵببێت بەسەر ئەم گرفتەدا بە بەکارهێنانی مادەی جەلاتینی بۆ تەڕکردنی دامێن یان بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانی پزیشکی کەپێکهاتەی هۆڕمۆنی ئیسترۆجینی تێدایە.

لاوازبوونی ئێسک: دابەزینی ئاستی هۆڕمۆنی ئیسترۆجین لەخوێندا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کالسیۆم کەدەبێتە هۆی ئەوەی ئێسک لەم قۆناغەدا لاواز بێتو قابیلی شکان بێت بەئاسانی، دەتوانرێت زاڵبێت بەسەر ئەم دیاردەیەدا بەراهێنانی وەرزشیو خواردنی کالسیۆم لەسەوزەکانو زیادخواردنی بەروبوومی شیرو وەرگرتنی دەرمانی پزیشکی دەوڵەمەند بەکالسیۆمو دەرمانی پڕکەرەوەی ئاستی هۆڕمۆنی ئیسترۆجین.

**ئایا چارەسەر هەیە؟**

چارەسەری ئەم قۆناغە کەهەموو ئافرەتێک پێیدا تێپەڕدەبێت لەقۆناغەکانی بەتەمەنیدا بریتیە لەیەکەم چارەسەری دەروونی کەدەبێت ئافرەتەکە ئامادەیی تیادابێت ئەم قۆناغە وەربگرێت، بەیارمەتی کەسوکاری، هەوڵی خۆگوزەرانی بدات لەگەڵ ئەم قۆناغەدا، هەست بەوە نەکات کەئەم حاڵەتە نیشانەی تەواوبوونی دنیایە، یان تەواو مێینەیەتی لەدەستچووە، بەتەواوەتی تەمەنی گەورەبووە، وەک جاران نەماوە، بەڵکو ئەمە قۆناغێکی نوێیەو لەگەڵ ئاستەنگەکانی لەسەرەتای دەستپێکردنیدا، بەهۆی تێکچوونی هۆڕمۆنەکانەوە، بەڵام دوای چارەسەری هەموویان دەتوانی بەژیانێکی نوێو خۆش خۆت رابهێنیت.

*** پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنانو منداڵبوون –بەغداد**

---

# ئازاری پشتو چارەسەرکردنی

## پشوودانو وەرزش باشترین چارەسەرن بۆ ئازاری پشت

ئا: بێستون فەتاح

نەخۆشی ئازاری پشت کەهەندێکجار مرۆڤ تووشی ئازاری قورسدەکات، زیاتر بەهۆی هەڵگرتنی شتی قورسەوە روودەدات، پسپۆڕان دەڵێن وەرزشو پشوودان باشترین چارەسەرن بۆ ئەو نەخۆشییە.

د. عەباس عەزیز پسپۆڕی نەشتەرگەری بڕبڕەی پشتو مێشکو دەمارەکان لەچاوپێکەوتنێکدا بۆ دەستوور وتی «دوو هۆکار رەنگە ببێتە هۆی زیادبوونی ئەو ئازارە، یەکێکیان بریتیە لەهەڵگرتنی کەلوپەلی قورس، ئەمە بەتایبەت لەئافرەتاندا لەکاتی ئیشی ناوماڵدا. ئازاردانو وریانەبوونی بڕبڕەی پشت لەکاتی دووگیانبووندا، یەکێکی ترە لەو هۆکارانە کەبێگومان ئەمە وادەکات ئەو ئازارە بمێنێت لەدوای منداڵبوونیش».

**هۆکاری دروستبوونی ئازاری پشت**

بەپێی روانینە زانستییەکان ئەو ئازارەی لەپشتدا دروستدەبێت دەگەڕێتەوە بۆ گیروگرفت لەبڕبڕەکانی پشتدا، کەپێکهاتەی ئەم بڕبڕانە پتەون، بەڵام لەئەنجامی خراپ بەکارهێنانیان ئەم گرفتانە دروستدەبن. د. عەباس وتی «لەنیشانەکانی لێکترازانی بڕبڕەکانی پشت، بریتیە لە: ئازاری پشت کەئەو ئازارە لەگەڵ جوڵاندا زیاددەکات، بەپێچەوانەشەوە زۆرجار بەپاڵکەوتن باشدەبێت».

ئازاری پەلەکانی خوارەوە بەهۆی بڕبڕەکانی پشتەوەیە

سەرەڕای ئەوەی بڕبڕەکان لەدوای خراپ بەکارهێنانیان دەبنە هۆکاری پشت ئێشە، بەڵام ئازاری پەلەکانی خوارەوەش زۆرجار هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڕبڕەکان، د. عەباس دەڵێت «جگە لەو ئازارەش ئازاریتر هەیە کەدەداتە قاچی لای راست یاخود لای چەپ کەدەشێت ئەم ئازارە پەیوەست بێت بەبڕبڕەی پشتەوە، یاخود بەتەنها بێت، ئەم نەخۆشییەش دەتوانرێت دەربکەوێتو رێژەکەی دیاریبکرێت بەهۆی تیشکی (کارۆ مۆگناتیسیەوە) تەنوریەوە».

ئەو تەمەنەی کەوا زۆرترین کەس تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن لەنێوان ٢٠ ساڵ بۆ ٤٥ ساڵیدایە، ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت کەوا لەخوار ئەو تەمەنەوە روونادات، ئەگەر هاتوو ئازار لەپشتی نەخۆشەکەدا زیاتربێت وەک لەقاچەکانی، ئەوا خۆی لەخۆیدا نەخۆشییەکە پێی دەڵێن ئازاری خواری پشت، واتە خوار کلێنچکو زۆریش باوەو لەزۆر کەسدا روودەدات.

د. عەباس دەڵێت «وەرزشو هەندێک چارەسەری سروشتی هەیە، کەدەبنە هۆی چاکبوونی ئەم نەخۆشییە».

**لێکترازانی بڕبڕەکانی پشت**

بڕبڕەی پشتی مرۆڤ لە ٣٣ بڕبڕە پێکهاتووە لەنێوان هەر بڕبڕەیەکو بڕبڕەیەکی تردا پشتێنێکی کرکڕاگەیی هەیە، ئەم پشتێنە کرکڕاگەییە یارمەتی بڕبڕەی پشت دەدات بۆ نوشتانەوە بەم لاو ئەو لادا.

لەئەنجامی کاری گرانو بەهەڵە ئازاردانی بڕبڕەکانی پشت لێکترازانی بڕبڕەکان دروستدەبێت، وەک باری ئاسایی بڕبڕەکان لەسەریەک کاری خۆیان دەکەن، د. عەباس وتی «بڕبڕەی پشت لەتەمەنی لاوێتیو منداڵیدا بەئاسانی دەنوشتێتەوە، بەڵام لەگەڵ بەساڵاچوونی تەمەندا مادە کرکڕاگەییەکان تووشی داخوران دەبێتو رووشان لەنێوان بڕبڕەکاندا دروستدەبێتو دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک گیروگرفت لەکەسەکەدا دروستبکات».

ترازانی کرکڕاگەی بڕبڕەی پشت سێ قۆناغی هەیە، یەکەم قۆناغی ئاوسانە دووەم قۆناغی پەردەیەکەو دەیپچڕێنێتو دەڕواتە دەرەوە قۆناغی سێهەمیش بریتیە لەپچڕانی ئەو پەردەیەی لەهەردوو دیوی کرکڕاگەکەدایە، بەهۆی تیشکی تەنوریەوە حاڵەتی پچڕانەکە دەردەکەوێت.

د. عەباس دەڵێت «بێگومان ئەم قۆناغە بەنەشتەرگەری نەبێت، چارەسەرناکرێت، یەکێک لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی ترازانی کرکڕاگەی پشت، بریتیە لەهەڵگرتنی تەنی قورس کەبێگومان ئەمەش تەنها هۆکار نییە بۆ تووشبوون بەو نەخۆشییە، چونکە لەوانەیە ئەو نەخۆشە تەنی قورسیشی هەڵنەگرتبێت، لەهەمان کاتیشدا تووشی ئەو نەخۆشییە بووبێت».

د. عەباس دەڵێت چارەسەری ترازانی کرکڕاگەی بڕبڕەی پشت بەپاڵکەوتنو پشوودان بۆ ماوەی ٤ رۆژ بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەگەڵ بەکارهێنانی دەرمانی ئازارشکێن بۆ ئەوەی ئەو فشارەی لەسەر بڕبڕەکانە کەمبێتەوە، «چونکە تەنها پاڵکەوتن ئازاری پشتو ترازانی کرکڕاگە کەمدەکاتەوە، پاشان نەخۆشەکە بۆ ماوەی ١٠ رۆژیتر ئەو پاڵکەوتنو پشوودانە دووبارەبکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر لەو ٤ رۆژەی پێشوو، لەو ماوەیەدا ئەگەر هاتوو ئەو نەخۆشە چاکنەبوو، ئەوا ئەو حاڵەتە دەکەوێتە باری نەشتەرگەرییەوە، زۆرترین حاڵەتی لێکترازانی کرکڕاگە لەبڕبڕەی ٤ و ٥ ی قەدەنیو بڕبڕەی یەکەمی عەجزیدا دەبێت».



# "کێشەی دارایی یەکێتی بەو شێوەیە نییە کەباس دەکرێت"

## وەستا رەسوڵ لێپرسراوی مەڵبەندی چەمچەماڵی یەکێتی بۆ دەستوور

سازدانی: کاروخ نامیق

**لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی دەستوور وەستا رەسوڵ ئەندامی سەرکردایەتیو لێپرسراوی مەڵبەندی ١٥ یەکێتی لەچەمچەماڵ، ئاماژە بەوەدەدات کێشەی دارایی لەناو یەکێتیدا بەو شێوەیە نییە کەهەندێک لەبەرپرسەکانی باسی دەکەن، رایدەگەیەنێت یەکێتی جارێ وای لێنەهاتووە نەتوانێت موچەی کادیرەکانی دابینبکات.**

**لەبارەی بارودۆخی چەمچەماڵەوە، دەڵێت داڵدەی هیچ کەسێک نادەن کە لەیاسا رایکردبێت، وتی "هەر راکردوویەکی دەستی یاسا لەلای هەر دەزگایەکمان بێت، دەیگرینو رادەستیدەکەین".**

**دەستوور:** زۆر باس لەوە دەکرا کەزۆری مەڵبەندەکان رۆڵی گەورەیان لەقوڵکردنەوەی کێشەکانی یەکێتیدا هەبوو، پێتانوایە کەمکردنەوەی مەڵبەندەکان چارەسەرێکی گونجاوبێت لەئێستادا کەبەرەو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەچین؟

**وەستا رەسوڵ:** ئۆرگانی زۆر وایکردبوو کەکارەکان لەمەکتەبی رێکخستن پەککەوتنێکی پێوەدیاربێت، بۆیە لەکۆنگرەی سێدا بڕیاردرا کەئۆرگانەکان کەمبکرێنەوە، بەو هیوایەی کەهەم ئەندامی مەکتەبی سیاسیو ئەندامی سەرکردایەتی ببنە بەرپرسی مەڵبەندەکان، ئەو مەڵبەندانەش کەئێستا بەپێی پەیڕەو بڕیاریان لێدراوە، هیوامان وایە زاڵبین بەسەر هەموو ئەو گرفتانەی کەدێنەپێش کاری رێکخراوەیی لەنێو ئۆرگانەکانماندا.

**دەستوور:** بەڵام لەشکرێک لەکادیر بێبەشدەبن لەئەنجامی تێکەڵکردنی مەڵبەندەکان، ئێوە راتانگەیاندووە کەموچەی کەس نابڕن، بەهەمان ئیمتیاز دەمێننەوە، لەکاتێکدا ئێستا باس لەوە دەکرێت یەکێتی کێشەیەکی گەورەی دارایی هەیە؟

**وەستا رەسوڵ:** کێشەی دارایی لەناو یەکێتیدا بەو شێوەیە نییە کەباس دەکرێت، جارێ حیزبەکەمان وای لێنەهاتووە نەتوانین موچەی کادیرەکانمان نەدەین، بەپێچەوانەوە دەمانەوێت دارایی بەفیڕۆ نەڕوات، ئەو کادیرانەی لەریزی مەڵبەندەکانی پێشووتر کاریانکردووە یان موچەیان هەبووە، ئەوانە لەمەڵبەندی دایکو لەبەشەکانی مەڵبەندی دایک وەکو جاران کاری خۆیان دەکەن.

**دەستوور:** رایەک هەیە پێیوایە کەمکردنەوەی مەڵبەندو کۆمیتەکان بچوکردنەوەی یەکێتییە، بۆ نمونە دەوترێت یەکێتی بەو هەموو مەڵبەندو کۆمیتەو بارەگایەوە، لەهەڵبژاردنەکاندا دەریخست نەیتوانیوە خواستەکانی خەڵک بەدیبهێنێتو بەدەم داواکارییەکانی هاووڵاتیانەوە بچێت، چ جایی ئەوەی ئەو بارەگایانە بەشێوەیەکی زۆر کەمبکاتەوە؟

**وەستا رەسوڵ:** بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەوەم، چونکە کاتێک ئێمە بەشداریمانکرد لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، یەکێتی ٤ مەڵبەندی هەبوو، بەڵام توانی دەنگێکی زۆر لەسەر ئاستی کوردستان بهێنێت، دەنگهێنان لەناو جەماوەردا بەخزمەتی چاکدەبێت، بەوە نییە چەند ئۆرگانی حیزبیمان هەیە، ئەگەر خزمەتی باش پێشکەشبکرێت لەلایەن حکومەتەوە کەیەکێتی بەشێکی سەرەکی ئەو حکومەتەی ئەمڕۆیە، گەر حکومەت بتوانێت خزمەتی باش بەخەڵک بکات، بەقازانج بۆ یەکێتی دەشکێتەوە، بۆ نمونە قائمقامێک یان بەڕێوەبەری ناحییەیەک کادیری حیزبەکەی تۆیە، ئەگەر توانی لەکاری حکومەت خزمەت بەهاووڵاتیان بکات، سەری حیزبەکەت لەناو جەماوەردا بەرزدەکاتەوە.

> **کادیرە حیزبییەکان لەحکومەت نوێنەری یەکێتین، ئەگەر کەمتەرخەم بن دەیانگۆڕین**

لێرە بەدواوە قۆناغەکان جیاوازن لەگەڵ رابردوو، ئێستادا قۆناغی داهاتووی ئێمە بریتییە لەوەی چۆن کادیری باش کاندید بکەین بۆ پۆستەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت باش خزمەتی خەڵک بکات، حیزبیش ئەرکی ئەوەیە چاودێری ئەو کارانە بکات کەحکومەت دەیکات، بزانێت کارەکانی باشە دەستخۆشی لێبکات، ئەگەر خراپیشە ئاگاداریبکاتەوەو لەوەی پێی بڵێت ئەو کارەت خراپە.

سەبارەت بەوەی یەکێتی لەهەڵبژاردنەکانی رابردوودا دەنگی تاڕادەیەک کەمیکرد، پێموایە یەکێتی خۆی خاوەنی جەماوەرەو جەماوەرێکی یەکجار زۆر لەدەوری ئاڵاکەی یەکێتی کۆبوونەتەوە، بەڵام لەماوەی پێشوودا بارودۆخێکی بابەتی هاتەپێشەوە، دۆخەکە پەیوەندی بەلێکترازانی بەشێک لەهەڤاڵەکانی ناو یەکێتی بوو بەلایەکی تردا.

**دەستوور:** لەپلانی مەکتەبی رێکخستندا هاتووە کەدەسەڵاتەکان شۆڕدەکرێنەوە بۆ مەڵبەندەکانو بەشێوەیەک لامەرکەزییەت پەیڕەودەکرێت، ئەمە چ رۆڵێکی دەبێت لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا؟

**وەستا رەسوڵ:** رۆڵی گرنگ دەبینێت لەچارەسەرکردنی کێشەکان، لەبەرئەوەی من لەقەزایەکی وەک چەمچەماڵدا ئەگەر دەسەڵاتم نەبێتو دەسەڵاتی کارکردنم نەبێتو لەئۆرگانەکانی خۆم نەپێچمەوە بۆ چاکو بۆ خراپ، دەستخۆشیو سەرزەنشتیان نەکەم، بەدڵنیایەوە ناتوانم کاربکەم، بۆیە شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ مەڵبەندو کۆمیتەکان باشترین کارە کەمەکتەبی رێکخستن ئەنجامیداوە.

**دەستوور:** چەمچەماڵ شارێکە جگە لەوەی بەردەوام کەشێکی نیمچە نائارامی هەبووە، کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاریو بڵاوبوونەوەی بەرچاوی گەندەڵی هەیە، زۆر کەس ئەمە بۆ نەبوونی ئیدارەیەکی بەهێز دەگێڕنەوە، لەکاتێکدا زۆربەی بەڕێوەبەرو کەسی یەکەمی فەرمانگەکان سەربە یەکێتین؟

**وەستا رەسوڵ:** لەئێستادا بەپێی زانیارییەکانی ئێمە کۆمەڵێک دەزگای تازەش هاتوونەتە ئێرە، وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش کەپێشتر لەچەمچەماڵ نەبووە، ئێستا بەڕێوەبەری ئاسایش هەیە جگە لەمعاونە قەزاییەکان، پۆلیسیش ئێستا تۆزێک کاراتر بووە لەجاران، ئێمەش وەک مەڵبەند کەنوێنەرایەتی یەکێتی دەکەین لەم ناوچەیە، کەموکوڕی لەکەس قبوڵناکەین هەر کەسێک لەهەر پلەو پۆستێکدا بێت کەموکوڕی هەبوو، خەڵک بەگەندەڵی زانی ئێمە باڵی دەگرینو لای دەدەین لەجێگاکەی، کادرێکی چالاکتری بۆ دادەنێین.

کێشەکان لەچەمچەماڵ هەندێک کێشەی یاسایی هەیە، وەک ئەوەی هەندێک کەس هەیە تەقەیان لەخەڵک کردووە یان خەڵکیان کوشتووە بەناهەقو رایانکردبێتو خۆیان نەدابێتە دەستەوە، ئێمە بۆ ئەم مەسەلەیە پلانمان هەیە، پلانێکی بەهێزیشمان هەیە، کۆمەڵێک دەزگامان هەیە دەیخەینە خزمەتی ئەو پلانەوە، پۆلیس چالاکتر دەکەین، لەم ناوچەیدا هێزی فریاکەوتنمان داناوە ئەویش دەخەینە بن دەستی دادگاو قائمقامەوە بۆ هەر جوڵەیەک کەهەبێت، هەروەها ئاسایشمان هەیە، هەروەها رێکخستنەکانی یەکێتیش چاودێری هەموو ئەو راکردووانە دەکەن، هەوڵیش دەدەین ئەوانە بەزووترین کات دەستی عەدالەت بیانگاتیو سزای خۆیان وەربگرن.

**دەستوور:** خەڵکی چەمچەماڵ گلەیی ئەوەیان هەیە ئەو کەسانە بوونەتەمایەی پشێوی لەم ناوچەیدا، لەلایەن حیزبەکانەوە پشتگیری دەکرێن، بەتایبەتی لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە، ئەوە لەبەرنامەتاندایە ئەو کەسانە بدەنەوە دەست یاسا؟

**وەستا رەسوڵ:** ئێمە لەهیچ کەسێکی قبوڵ ناکەین لەیاسا راکردوو بێتو بێت لای ئێمە پەنابدرێت، لەلای هەر دەزگایەکمان بێت دەیگرینو رادەستیدەکەین، حیزبەکانی تریش هیوادارین وەک ئێمە بکەن ئەوانیش بیرلەوە نەکەنەوە کەس پەنابدەن کە لەیاسا رایکردبێت، بەڵام ئەمە هەر یەکێتیو پارتی نییە، حیزبەکانی تریشی گرتووەتەوە. حیزبی تریش هەیە لەم ناوچەیەدا لەوانەی کەتازەش دروستبوون خەڵکی راکردوو لەیاسایان پەناداوە، ئەوە کارێکی باش نییە، من ئەو بۆچوونەم داوەتە دەزگاکانی خۆمان، هیچ کەسێکی پیاوکوژ یان راکردوو لەدەستی یاسا لەهیچ جێگەیەک پەنا نەدرێت، هەوڵدەدەین ئەو کەسانە بەزووترین کات ئەوانە رادەستی یاسا بکەنەوە.

**دەستوور:** پێشتر لێکتێنەگەیشتنێک هەبوو لەنێوان لایەنەکاندا بەتایبەت لەنێوان ئێوەو پارتیدا، ناوبەناو یەکترتان تۆمەتباردەکرد کە لەپشت ئاژاوەکانی ناوچەکەوەن؟

**وەستا رەسوڵ:** پارتی هاوپەیمانی ئێمەیە ئەگەر هەرشتێک هەبوو، لەرێگەکانی خۆمانەوە پێیان رادەگەنین، ئەو پشێویەی کە لەرابردوودا روویدا، ئەوەندە گەورە نەبوو لەم شارەدا واگەورە کرایەوە، ئەگەر بەراوردی بکەیت بەگەڕەکێک لەگەڕەکەکانی کەرکوک یان هەولێر لەچەمچەماڵیش هەرئەوەندە کێشەی هەبووە، کێشە هەیە لەم سنوورە ئێمە ناڵێین نییە، دواتر کێشەکان هەستدەکەیت گەورەکردنەوەیەکی لەدواوەیە، بەڵام بۆ هەر بیخەینە ملی یەکێتیو پارتی، ئایا خەڵکیتر نییە بەرژەوەندی لەوەدا هەبێت ئەم کێشانە گەورە بکاتەوە، بێگومان خەڵکیتر هەیە، رەنگە کەس هەبێت بیەوێت ئەو کێشانە گەورەبکاتەوە، بەڵام نە یەکێتیو نە پارتی یەکتریان تۆمەتبارنەکردووە بەوەی ئەوان کێشە دەنێنەوە لەناوچەکەدا.





# "بیرکردنەوەی پارتیو یەکێتی زاڵە بەسەر ئیئتیلافە کوردستانییەکەدا"

## محەمەد کیانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بۆ دەستوور

سازدانی/ دانا جەمیل

**محەمەد کیانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گـۆڕان دەڵێت کورد لەعێراقدا بەرنامەی تۆکمەی نییە، داواکارییەکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان داواکاری سادەن، ئاماژەش بـەوەدەدات کەئێستا لەعێراقدا هیچ دەسەڵاتێک نییە تا کورد داواکاری لێبکات، بەڵکو دەبوایە بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی هەبوایە بۆ ئایندەی عێراق.**

**دەستوور:** واهەستدەکرێت ئیئتیلافی فـراکسـیـۆنـە کـوردسـتـانـیـیـەکـان، ژمارەیەکی گرنگ نییە لەگۆڕەپانی سیاسیی عێراق؟ مەسەلەکە لاوازی پێگەکەیەتی یان خۆی نایەوێت جارێ کارتەکانی بخاتەڕوو؟

**مـحـەمـەد کـیـانـی:** بـەڕاسـتـی ئـەوە پرسیارێکی زۆر گرنگەو چەند جارێکیش لەگەڵ برادەراندا لەبارەی ئەم پرسیارەوە قسەمکردووە، بەراستی ئێمە دەبێت بزانین وەکو کورد چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەی ئێستای عێراق دەکەین، ئایا بەشێکی دابڕاوین لەو پێکهاتەیەی عێراق کەدروستدەبێتەوە یان بەشێکین لەو پێکهاتە سیاسییەی کەئێستا لەعێراقدا دروستدەبێت، ئەگەر ئێمە بەشێک نین لەو پێکهاتە سیاسییە، دەبێت بـەو ئاڕاستەیەدا کاربکەین کەکوردستان دابڕێنین لەعێراق، بەڵام پێموابێت کەس لەناو ئێمەدا تائێستا ئامادەنییە بـەو شێوەیە کاربکات، لەبەرئەوە دەبێت ئێمە خۆمان بکەین بە بەشێکی کاریگەر لەکۆمەڵگەی عێراقیو کاریگەرییەکی تایبەتیمان هەبێت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریی عـێـراق، بـەبـڕوای مـن کـورد کـەوەک ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردییەکان بەشداریکردووە ئەوە شتێکی باشە، بـەڵام دەبـوایـە بـەشـداریـکـردنـەکـە لەچەند داواکارییەکی تایبەت بەکورد خۆی نەبینایەتەوە، لەگەڵ هەندێک داواکاری دیکە سەبارەت بەپۆستەکان، ئـەوە بەبڕوای من شتێکی ناشیرینە لەسیاسەتدا، ئاکامێکی چاکی نابێتو ئەوە پیشاندەدات کەکورد تەنها چاوی لەچەند پۆستێکەوەیە، ئەوە دەلالەتی باش ناگەیەنێت بۆ هەیبەتی سیاسیی کوردو پێگەی کورد لەعێراقدا. بەڵام ئەگەر ئێمە بەرنامەیەکی هەمەلایەنەمان هەبێتو بەتێروتەسەلی داڕێژراوبێت لەسەر کۆمەڵگەی کوردیو کۆمەڵگەی عێراقیو گشتاندنی ئـەو پرۆگرامە بێت، ئێمە زیاتر کاریگەریمان دەبێتو دەتوانین بـەباوەڕو گوڕێکی دیکەوە لەناو لیستەکاندا کاربکەینو داواکاری گەورەتریشمان دەبێت. دەبوایە ئێمە پرۆگرامێکی هەمەلایەنەمان هەبوایە بـۆ هـەمـوو کـۆمـەڵـگـەی عـێـراقـیو لەگەڵ ئـەوەشدا وەکو ئۆپۆزیسیۆن لـەگـەڵ لایەنەکانی دیـکـەدا مامەڵە نەکەین، ئێستا ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان وەکو ئۆپۆزیسیۆنێک وایە کەحەرەکەیەکی چەکداری هەبێتو بچێت داواکـاری لەلایەنەکانیتر بکات، وەکو دەسەڵات سەیریان بکات، کەئایا ئەو داواکارییانەمان بۆ جێبەجێدەکەن یان جێبەجێی ناکەن، ئەمە شتێکی نـاڕاسـتـە، دەبـوایـە کـورد لـەگـەڵ هەریەک لەو فراکسیۆنانە بەرنامەیەکی هاوبەشیان هەبوایە هـەم بۆ لایەنی کـوردیو هەم بۆ لایەنی عێراقی، بەو شێوەیە ئێمە دەمانتوانی کاریگەری زیاترمان هەبێت.

**دەسـتـــوور:** لـەقـسـەکـانـتـدا ئـەوە دەردەکـــەوێـــت کـەفـراکـسـیـۆنـە کوردستانییەکان کەئێستا دانوستان دەکەن لەبەغداد، بەرنامەیەکی روونیان نییە، بەڵکو تەنها چەند داواکارییەکیان هەیە؟

**محەمەد کیانی:** بەرنامەکەیان کەپێکدێت لـەهـەنـدێـک خـاڵـی سیاسی کەهیچ پەیوەندییەکی نییە بەژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی عێراق بەکوردیشەوە، پەیوەندی نییە بەژیانی ئابووری ئەم وڵاتـەوە، ئەوە کەموکورتییەکە لەبەرنامەی ئەو فراکسیۆنەدا، تەنها چەند داواکارییەکی هەیە تایبەت بەکارکردنی دیموکراسیو پەیوەندیان بـەدەسـتـوورەوە، چەند داواکارییەکیشی بەنیسبەت کوردەوە تـێـدایـە، هیچی دیـکـەی تـێـدا نییە سـەبـارەت بەچۆنیەتی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لەعێراقدا، دووربینییەکی تێدا نییە دەربـارەی ئەوەی لەدوارۆژدا چ دۆخێکی ئابووری یان سیاسی دێتە ئاراوە، تەنها چەند داواکارییەکی کاتینو درێژخایەن نین.

**دەستوور:** لەکاتێکدا کورد بە بەرنامەوە ناچێتە بەغداد، بەڵکو تەنها داواکاری دەخاتەڕوو تاچەند ئەگەری ئەوە هەیە بتوانێت بەشداریکردنێکی کاریگەری هەبێت؟

> تائێستا من شتێکی تایبەتم نەبینیوە بەنیسبەت ئەو بەرنامەیەی کەگۆڕان هەبێت بۆ عێراق

**محەمەد کیانی:** لەبژاردەی سیاسیی کـورد کـەم کـەس لـەوە تـێـدەگـاتو زۆر کورتبینینو بەهەمان عەقڵیەتی هەشتاکانو حەفتاکان کـاردەکـەن، ئێستا بـارودۆخ گـۆڕاوەو مانای نییە پرۆسەی سیاسی موجامەلاتی سیاسی بێت، بەبڕوای من پرۆسەی سیاسی گەلێک فراوانترو گەلێک لایەنی تری هەیە، ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی ئەوەی کەبەرنامەی نوێو بیروبۆچوونی نوێت هەبێتو جورئەتیشت هەبێت لەتەرحکردنی بـەرنـامـەدا، مـن ئەم شـتـانـە لـەبـەرنـامـەی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا نابینم، ئێمە دەبینین تا کــورد وەرەقـــەی داواکارییەکانی نەبردە بەغداد، تەنها ئیشی لەسەر مـوجـامـەلات دەکــرد، بــەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ داواکاری لەکێ دەکەیت، چونکە دەسەڵاتێک نییە لەعێراقدا تا دانوستاندنی لەسەر بکەیت.

**دەســتـــوور:** ئــەو خـۆ بەکەمزانینەی کەپێشتر لیستی گـۆڕان باسیدەکرد کەکورد بـــەردەوام لەگەڵ دەرەوەدا خۆی وەک کەسی دووەم پیشانداوە، هەستناکەیت ئێستاش بەهەمان شـێـوە لەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغداد رەنگیداوەتەوە؟

**محەمەد کیانی:** بـەراسـتـی هەمان میکانیزمە کـاری پێدەکرێت، ئەگەر سەیری داواکارییەکان بکەین هەمان ئەو داواکارییانەیە کەپێش چوار ساڵ خرانەڕوو، هەمان ئەو هێزە سیاسییانەن کـەکـاریـان لـەسـەر کـــردووە، بـەڵام بەئەنجامیان نەگەیاندووە، لەئێستاشدا هەمان شێوازو تاکتیک بەکاردەهێنن، مـوجـامـەلاتو قـۆسـتـنـەوەی چەند پۆستێک گرنگە بەلایانەوە، کە بەبڕوای من داواکارییەکان زۆر سادەنو پێویستە میکانیزمێک دابنرێت بۆ بەجێهێنانی ئـەو داواکـاریـیـانـە، داواکـاریـیـەکـان چڕکراونەتەوە لەکۆمەڵێک بەرژەوەندیو بیرکردنەوەیەکی تایبەت لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا. ناتوانیت بڵێیت ئـەوە پرۆگرامێکی کاملە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵـەت لەچوار ساڵی داهاتوودا.

**دەستوور:** بیرکردنەوەیەکی تایبەت، مەبەستت بـیـرکـردنـەوەی لایەنێکی دیاریکراوە لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا؟

**مـحـەمـەد کـیـانـی:** هـەتـا ئێستا بیرکردنەوەی پارتیو یەکێتی زاڵە بـەسـەر ئـەو فراکسیۆنەدا ئـەوەش چـڕکـراوەتـەوە لـەداواکـاری پۆستی سـەرۆک کـۆمـاریو چەند پۆستێکی دیکەدا، ئەگەر تۆ بەرنامەت هەبێتو بتوانیت بەرنامەکەت لەگەڵ بەرنامەی خەڵکی دیـکـەدا تێکەڵبکەیت، ئەو کاتە پۆست وەک شتێکی میکانیکی لەگەڵ تێپەڕاندنی بەرنامەکاندا خۆی دێتەپێشەوە، بەڵام من شتەکان لەوەدا دەبینم کەچەند دەسکەوتێکی تایبەت هەیە لەکوردستاندا ئەو دەستکەوتانە بپارێزرێتو چەند پۆستێکیش لەبەغداد بەدەست بهێنرێت. مەسەلەی مادەی ١٤٠، ئایا بەحاڵی چەند جارەی پێشووی لێدێتەوە، ئێمەش دەبێت ئەو پرسیارە لەسەرکردەکانی کورد بکەین، چونکە بەقەناعەتەوە دەڵێم ئێمە نابێت لۆمەی دەسەڵاتی بەغداد بکەین، لەبەرئەوەی بـەشـێـکـی زۆری دەکـەوێـتـە سـەر دەسەڵاتی کوردی کەبەلایدا نەچوون، بۆ نمونە کاتێک تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار رەتیدەکاتەوە کەسنووری پارێزگاکان بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو کاتەی پێش تێکدانی، ئەوە کارێکی سەرۆک کـۆمـاری عێراق بـووە کەئەو کارەی نـەکـردووە، هـەردوو جێگری سەرۆک کۆمار باسی ئەوە دەکـەن کەشتێکی وانـەبـووە کەئێمە رەتمانکردبێتەوە. کەمتەرخەمی کورد لەو پەڕیدایە ئەگەر هەر کەسێک خۆی بەپارێزەری مەسەلە نەتەوایەتییەکان دەزانـێـت، دەبوایە ماددەی ١٤٠ لەئەولەویەتی کارەکانی بوایە، هەڵوێستی جدییان هەبوایە. لەبەرئەوە دەبێت کورد لۆمەی خۆی بکات کـەپـرۆژەی نەتەوایەتی کورد شکستیهێناوە، بەبڕوای من تائێستا بیرێکی نەتەوایەتی تۆکمەمان نییە کەرێنیشاندەرمان بێت، ئێمە خەباتمان بووە بەناوی خەباتی نەتەوایەتییەوە، بەڵام بەڕاستی ئەو بیرە نەتەوایەتییمان نییە کەدووربێت لەحەزو ئاواتی حیزبێک یان سەرکردەیەک.

**دەســتــوور:** لـەم جەستە بریندارەی عێراقدا بەردەوام کورد خۆی بەلایەنی یەکلاکەرەوە بینیوە لەهەموو هاوکێشەو گەمە سیاسییەکاندا، بەڵام دەرئەنجام بەدەستبەتاڵی هاتووەتە دەرەوە، هۆکاری ئەمە چییە؟

> بەڕاستی من بەرنامەی گۆڕان لەئیئتیلافەکەدا نابینم، ئەگەر ئەو ١٩ خاڵە بیرکردنەوەی گۆڕان بێت، ئەوا بەبڕوای من بیرکردنەوەیەکی زۆر زۆر سادەیە



**محەمەد کیانی:** رۆحیەتێکی ئینتهازی لەناو دەسەڵاتی کوردیدا هەیە، ئەم رۆحیەتە وایکردووە لەبەر بەرژەوەندی کەسیو خێزانیی خۆیان پۆستەکان بقۆزنەوە، پـرۆژەی ئابووریان هەیەو پاراستنی ئـەو پـرۆژە ئابوورییانە پەیوەندی بەقایمکردنی پێگەی خۆیانەوە هەیە، هەر لەبەرئەوەش من وتم پرۆژەی نەتەوایەتیمان شکستیهێناوە، ئەگەر سەوابتێکی نەتەوایەتیمان هەبێتو ئێمە لەسەری کۆبکاتەوە، ئەو کاتە ئێمە بەو شێوەیە مەسەلەی بـەرژەوەنـدی تایبەتو بەرژەوەندی حیزبی کاریگەری لەپرۆژە نەتەوایەتییەکەمان نەدەکرد. کێشەی ئێمە ئەوەیە کەبەردەوام خۆیان پیشانداوە کەلایەنی ئاشتیخوازنو لایەنی رێکخەرن لەعێراقدا، تەنها بۆ ئەوەی متمانەی لایەنەکانی دیکە رابکێشن بۆ ئـەوەی باوەڕیان پێبهێننو چەند بەرژەوەندییەکی تایبەتییان هەیە بۆیان دابینبکەن، ئەوە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر کورد هەرواش ماوەتەوە.

**دەسـتـوور:** وەک بزووتنەوەی گۆڕان لـەکـاتـی بـانـگـەشـەی هـەڵـبـژاردنـدا، بانگەشەی ئەوەتان دەکرد کە لەعێراقدا شتی جـیـاواز پێشکەشدەکەن، ئایا ئێستا فـراکـسـیـۆنـی گــۆڕان لـەنـاو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەتوێتەوە یا ئەو شتانە چین کەئێوە وەک فراکسیۆنی گــۆڕان لەعێراقدا پێشکەشیدەکەن؟

**مـحـەمـەد کـیـانـی:** بـەڕاسـتـی زۆر بەسەراحەت وەڵامـی ئەو پرسیارەت دەدەمـەوە، هەرچەندە لەوانەیە ببێتە هۆی عاجزبوونی چەند برادەرێک لەناو ئێمەدا، من دەبێت راستگۆبم لەگەڵ ئەو کەسانەی کەدەنگیان بەمن داوە، راستە گۆڕان پاڵپشتی کردووم کەببمە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵام من پێش هەموو شتێک لەبەردەم دەنگدەردا خۆم بەلێپرسراو دەزانم ئینجا لەبەردەم قـەوارە سیاسییەکەدا، تائێستا من شتێکی تایبەتم نەبینیوە بەنیسبەت ئەو بەرنامەیەی کەئێمە هەمان بێت بۆ عێراق، لەبەرئەوەی بەرنامەکەی ئێمە لەچوارچێوەی بەرنامەی لایەنەکانی دیکەدایە، من بەراستی ئاگادارنیم لەو ١٩ خاڵەی کەوەک داواکاریو بەرنامەی ئیئتیلافەکە راگەیەندرا، من کەئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقمو سبەینێ داوا لەمن دەکرێت کەدەنگ بەو لایەنە بدەم کەئیئتیلافەکە پشتگیریدەکات، من چۆن بتوانم بـڕوا بەخۆم بهێنم، لەبەرئەوەی پرسم پێنەکراوەو بۆچوونم وەرنـەگـیـراوە، من بەبۆچوونی خۆم سەیریدەکەم، نـازانـم بـرادەرانـی تر ئاگادارن یان نا.

**دەسـتـوور:** بـەڵام لـەنـاو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکەدا چەند ئەندامێکی گۆڕانی تێدایە؟

**محەمەد کیانی:** بـەڵام بەراستی من بەرنامەی گۆڕان لەئیئتیلافەکەدا نابینم، ئەگەر ئەو ١٩ خاڵە بیرکردنەوەی گۆڕان بێت، ئەوا بەبڕوای من بیرکردنەوەیەکی زۆر زۆر سادەیە، دەبوایە پرۆگرامێکی دیکە بوایە بەو شێوەیەی کەپێشتر باسمانکرد.

**دەستوور:** پێشتر گـۆڕان بانگەشەی ئـەوەی دەکـرد کـەدەنـگ بـەجـەلال تاڵەبانی نـادات بۆ سـەرۆک کۆماری عێراق، بـەڵام ئێستا هەڵبژاردنەوەی تـاڵـەبـانـی وەک ســـەرۆک کـۆمـار یەکێکە لەداواکارییەکانی ئیئتیلافە کوردستانییەکە کەگۆڕانیش ئەندامە لەناویدا، ئایا ئەمە پەشیمانبوونەوەیە یا تاکتیکێکی سیاسییەو گۆڕان دەیەوێت لەرێگەیەوە بەچی بگات؟

**محەمەد کیانی:** لەراستیدا من ئاگادار نیم لـەو پـەشـیـمـانـبـوونـەوەیـە، من پابەندیشم بەو قسانەی کەکردوومە، بـەڵام بـڕوام وایـە لـەرۆژی دەنگداندا کەس ناتوانێت تەحەکوم بکات بەوەی من چۆن دەنگدەدەم.

# بان غازی: لەئاو زۆر دەترسم



سازدانی: موحسین یاسین

خانمە ئەکتەری بواری شانۆو دراما "بان غازی" لەساڵی ١٩٨٣ لەگەڕەکی مامۆستایانی سلێمانی لەدایکبووەو دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییەو ئێستا مامۆستایە، لەم چاوپێکەوتنەی دەستووردا ئاشکرایدەکات کەهێشتا نەچووەتە ناو ژیانی هاوسەرییەوەو ئەوەش دەڵێت کە لەئاو زۆر دەترسێت.

**دەستوور:** باسی منداڵیی خۆت بکە؟

**بان غازی:** لەتەمەنی منداڵیدا پێیاندەوتم کەسێکی بەعەقڵ گەورەی‌و بیرکردنەوەت لەگەڵ خۆتدا نییە، بەڵام کەسێکی هێمنو لەسەرخۆبوومو هەرگیز حەزم بەشەڕ نەکردووە، بەڵام هەمیشە وەک کەسێکی گەورە هەڵسوکەوتم کردووە.

**دەستوور:** سەرەتای کاری هونەریت دەگەڕێتەوە بۆ چ ساڵێک؟

**بان غازی:** لەدوای قۆناغی ناوەندی کەچوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، کارە هونەرییەکانم لەوێوە دەستپێیکردو پەرەیسەند، هەرچەندە من هەر لەمنداڵییەوە حەزو خولیام هەبوو بۆ کاری هونەری، بەڵام کارەکانم لەپەیمانگاوە گەشەیکردووەو یەکەم کاری شانۆیی کەبەشداریم تیاداکرد شانۆیی"یاداشتەکانی عەرعەر"بوو کە لەدەرهێنانی مامۆستا"مۆفەق عارف لهۆنی" بوو کەسەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا.

**دەستوور:** لەچ درامایەکدا بەشداریتکردووە؟

**بان غازی:** لەزنجیرە درامای "لەگوڵێک کاڵترو گێلە پیاوو ئارەزووو گەمەی باڵندەکان بەشداریمکردووە.

**دەستوور:** هۆکار چییە زۆربەی هونەرمەندە شانۆکارەکان لەشانۆوە دەچنە ناو کاری دراماوە، ئایا ئارەزووە یان چاولێکەرییە؟

**بان غازی:** من ئارەزووم هەبووە بۆ دراماو شانۆ، بەڵام هەندێک لەهونەرمەندان بۆ چاولێکەری‌و خۆدەرخستن کاری دراما دەکەن. بۆ من چاولێکەری نەبووە، چونکە هەمیشە حەزمکردووە گۆڕانکاری لەژیانمدا بکەمو هەر بەشانۆوە سەرقاڵ نەبم، بەڵکو لەبواری دراماشدا بەشداریبکەم.

**دەستوور:** لەو درامایانەی بەشداریتکردووە، هەستدەکەیت لەکامەیاندا سەرکەوتووبوویت؟

**بان غازی:** من زیاتر حەزم لەرۆڵێکە کە لەگەڵ خۆمدا بگونجێتو لەکۆمەڵگەدا لەسەرم نەکەوێت، هەندێکجار رۆڵی سەرەکیم رەتکردووەتەوە بۆ رۆڵی سەرەتایی. بەڵام لەدرامای ئارەزوودا زیاتر دەرکەوتمو ناسرام.

**دەستوور:** هیچ کاتێک رووبەڕووی رەخنە بوویتەوە لەدوای بەشداریکردنت لەزنجیرە درامایانەدا کەبەشداریت تێدا کردووە؟

**بان غازی:** تائێستا تووشی هیچ کێشەو توانجێک نەبووم، بەڵام نازانم لەزنجیرە درامای"گەمەی باڵندەکاندا " کەئێستا نمایشدەکرێتو رۆڵی سەرەکیم هەیە چۆن دەبێت.

**دەستوور:** دەوترێت کۆمەڵگە بەربەست لەبەردەم ئافرەتاندا دادەنێت، تۆ چەندە گرنگیت بەو بەربەستانە داوە؟

**بان غازی:** خێزانەکەم رێگر نەبوون لەبەردەممداو سەربەستییەکی تەواویان داومەتێ لەهونەریدا کاربکەمو لەدەرەوەش تووشی هیچ گرفتێک نەبووم.

**دەستوور:** ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە؟

**بان غازی:** نەخێر.

**دەستوور:** ئەی بەنیازی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری نیت؟

**بان غازی:** تائێستا نەخێر.

**دەستوور:** لەژیانتدا لەچ شتێک ترساویت؟

**بان غازی:** لەئاو زۆر دەترسم.

**دەستوور:** لەماڵەوە لەدروستکردنی خواردندا چۆنیت، ئایا دەزانیت خواردن دروستبکەیت؟

**بان غازی:** شارەزاییم لەدروستکردنی خواردندا هەیەو ئیشی ماڵەوەش دەکەم.

**دەستوور:** جوانیی رووخسار تاچەند گرنگە بۆ هونەرمەندی شانۆکار؟

**بان غازی:** جوانی زۆر گرنگ نییە، بەڵام لەدراماو شانۆدا شەخسیەتو مامەڵە مرۆڤ جواندەکەن.

**دەستوور:** دەتەوێت لەکاری هونەری بەردەوامبیت؟

**بان غازی:** حەزدەکەم تا دواساتەکانی ژیانم بەردەوامبم لەکاری هونەری‌و پاشان ئەگەر ژیانی هاوسەریشم پێکهێنا، یەکەم مەرجم ئەوەیە دەمەوێت بەردەوامبم لەکارە هونەرییەکانم.

**دەستوور:** چ کاتێک توڕەدەبیت؟

**بان غازی:** بەهۆی ئەوەی مامۆستای قۆناغی بنەڕەتیم، قوتابیەکانم هەندێکجار توڕەمدەکەن.

**دەستوور:** لەشانۆو درامادا حەزت لەچ جۆرە کەساتیەتییەکە؟

**بان غازی:** زیاتر حەزم لەو رۆڵانەیە بۆ نمونە کەگریانی تیابێت.

## کوێستانی قەندیل بەشداریی فێستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی دەکات

موحسین یاسین

فیلمی سینەمایی کوێستانی قەندیل کە لەدەرهێنانی تەها کەریمییە، لەبەشی کێبەرکێی پانزەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی "ئۆرێنس" لەئیسپانیا بەشداریدەکات.

کوێستانی قەندیل بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری‌و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو قوتبەدین سادقی شانۆنامەنووسو ئەکتەرو دەرهێنەری بەئەزموونی شانۆی کوردستانو ئێران یەکێک لەرۆڵە سەرەکییەکانی فیلمەکەی بەرجەستەکردووە.

فیستیڤاڵی "ئۆرێنس" بە بەشداریی ٣٠ فیلم کە لەناو ١٩٧ فیلمدا هەڵبژێراون، لەسەرەتای مانگی داهاتوو بۆ ماوەی نۆ رۆژ بەڕێوەدەچێت.

فیلمی سینەمایی کوێستانی قەندیل لەلایەن کۆمپانیای ستاک فیلمی سنە لەسەرتاسەری دنیادا بەشێوەی نێودەوڵەتی بڵاودەکرێتەوە، لەم فیلمەدا هەڵبژاردەیەک لەئەکتەرەکانی کوردستانی عێراق، کوردستانی ئێران، کوردستانی تورکیا رۆڵیان بینیوە.




## پایزەدیدەنی لەسلێمانی نمایشدەکرێت

موحسین یاسین

تیپی شانۆیی هۆبە لەسەر بانگهێشتی بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆی سلێمانی لەڕۆژانی ٢٤و ٢٥ی مانگی داهاتوو شانۆیی پایزە دیدەنی نمایشدەکات.

پایزە دیدەنی لەنووسینی دلاوەرقەرەداغی‌و بیرۆکەو دەرهێنانی دلێر محەمەد تاهیرو نواندنی پەرژین عەبدوڕەحمانە.

ئەم شانۆییە پێشتر لەفێستیڤاڵی شانۆی کوردی لەلەندەن نمایشکراوە.


## ئارمان: ئیبراهیم تاتڵیس دەمبات بۆ ئەستەمبوڵ

دەستوور

ئارمان ئیسماعیل کەخاوەنی ٤٥ کاری میوزیکە بۆ زنجیرە دراماو گۆرانیی هونەرمەندان، دەڵێت خەڵکی ئێمە ئاشنایەتیی لەگەڵ میوزیکدا نییەو ئاشکراشیدەکات کەئیبراهیم تاتڵیس بەڵێنیپێداوە بیببات بۆ ئەستەمبوڵ.


ئارمان کە لەسەنتەری ئۆکسترای سلێمانی مامۆستای مۆسیقایەو پێشتریش لەچەندان درامادا رۆڵی بینیوە دەڵێت لەزنجیرە دراماکانی گەردەلولو شەوچەرەدا بەشداریکردووە، کەرۆڵی ئارامی بینیوەو دەڵێت رۆڵی ئارام لەکەسایەتیی خۆمەوە نزیکە.

ئارمان، کە لەدایکبووی ١٩٨١ی سلێمانییە، پێیوایە لەکوردستان بایەخ بەهونەر نادرێتو وتی ئیبراهیم تاتڵیس بەڵێنی پێداوم بمبات بۆ ئەستەمبوڵو لەوێ سەرقاڵی خوێندن بم.




**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا کەسی زۆر تایبەت دەناسیت. کەسێکە کە دەتوانی هاوڕێیەتییەکی گەرمو درێژخایەنی لەگەڵدا ببەستیت. هەواڵی کەسێکی خۆشەویسست پێدەگات کە ماوەیەکە ئاگاداری نیت. ئەویش بەوەڵامەکەت زۆر دڵخۆشدەبێت.




**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

سەبارەت بەشتێک کە ئەوە ناهێنێت خۆتت دوودڵکردووە.خۆت هەست بەم حاڵەتە ناکەیت، بەڵام کەسانی دەورووبەرت هەوڵ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەو چارەسەرەکەی دەدەن. هەست بەوە دەکەیت کە کەسێک زۆر سەرسامە پێتو هەڵسوکەوتو جلوبەرگیشیت زۆر پێخۆشە ا.




**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

کێشە تایبەتییەکانت بەرەبەرە بەرەو چارەسەربوون دەچنو بەمە دڵخۆش دەبیت. گوێ بەجوانکارییە بچوکەکانی نێو ماڵەکەت مەدە، ئەگەرچی سەرنجت ڕابکێشنو ببنە مایەی بێزاریت. باری دارایيت باشدەبێتو لەگرفتەکان دەربازدەبیت.




**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

کەسێکی جوان دەناسیتو دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر سەرنجت ڕابکێشێت، بەڵام پێویستە ئاگات لەوەبێت ئەو کەسە بایەخی زۆر بەڕووکەش دەداتو زیادەڕەوی تێدا دەکات. بۆ نزیکبوونەوەت لێی تووشی ناڕەحەتی زۆر دەبیت، بەڵام دەرەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا گرێبەستێک لەگەڵ چەند کەسێکدا دەکەیت،بەڵام پێویستە پێش ئەوە بەباشی بیرت لەهەموو لایەنەکانی ئەو پرۆژەیە کردبێتەوە بۆ ئەوەی دواتر پەشیمان نەبیتەوە. بەکارەکەتەوە سەرقاڵدەبیت، بەڵام پێویستە کاتەکانت ڕێکبخەیت.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

چەند ڕۆژێک بەسەر دەبەیت کە تێیدا زۆر کۆمەڵایەتی دەردەکەویتو لەگەڵ دەوروبەرەکەت زۆر تێکەڵاو دەبیت. بۆ ئەو کەسانەی کە بەدوای هاودەمێکدا دەگەڕێن کارێکی باشە. بەڵام هەرچۆنێک بێت چەند کەسێک دەناسیت، کە لە تەمەنتدا سوودیان بۆت دەبێت.

# گۆگۆش.. جەژن لەکوردستان دەبێت

ژەنیار



گوگوشی گۆرانیبێژی بەناوبانگی فارسو چەند گۆرانیبێژێکی دیکەی ئێران، لەجەژنی رەمەزانی ئەمساڵدا، سێ ئاهەنگی گەورە لەهەولێر ئەنجامدەدەن.

سەلوان سەناتی خاوەنی کۆمپانیای هونەریی "بابیلۆن" بەدەستووری راگەیاند "بەبۆنەی هاتنی جەژنی رەمەزانەوە، بۆندێکمان لەگەڵ ژمارەیەک لەگۆرانیبێژانی ئێرانی مۆرکردووە بۆ ئەوەی لەهەرسێ رۆژی جەژنی رەمەزاندا، ئاهەنگبگێرێن".

وتیشی "گۆرانیبێژەکان پێکهاتوون لەگوگوشو ئەفشینو سپێدەو شادمێرو ئاندیو جەمشید".

سەناتی پێیوایە "هێنانی گۆرانیبێژی ئێرانی بۆ ئێمە باشترە، لەبەرئەوەی خەڵکێکی زۆر لەئێرانەوە روودەکەنە کوردستان بۆ بەشداریکردن لەو ئاهەنگانەو ئەوەش سوود بەئابووری کوردستان دەگەیەنێت".

کۆمپانیای بابیلیۆن تائێستا ژمارەیەکی زۆری گۆرانیبێژانی بیانی هێناوەتە کوردستان، لەوانیش هەردوو گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیساو نەجوا کەرەم، گۆرانیبێژی لوبنانی وەدیع سافی، هەروەها گۆرانیبێژی عێراقی شەزا حەسونو هەردوو گۆرانیبێژی ئێرانی موعینو جەمشید.

# مەسیحییەکانی عێراق لەفیلمێکی کوردیدا

ژەنیار



رۆژنامەنووسو دۆکیۆمێنتار سەهین موفتی، کاری دەرهێنانی بۆ فیلمێکی دۆکیۆمنێتی لەبارەی مەسیحییە ئاوارەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق کۆتایی پێهێناو نمایشێکی تایبەتی بۆ دەکات بەر لەپەخشکردنی لەتەلەفزیۆن.

سەهین موفتی لە لێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "فیلمی دۆکیۆمێنتی ئاوارەبوون لەلانەدا، کاری وێنەگرتنی لەلایەن کاوە موحسین ئەنجامدراوە، ماوەکەی ٣٨ خولەکەو بەرهەمی کەناڵی ئاسمانیی زاگرۆسە، بەر لەنمایشکردنی لەتەلەفزیۆن، نمایشێکی تایبەتی بۆ دەکرێت".

هەروەها وتی "ئەم فیلمە باس لەرەوشی ژیانی مەسیحییەکانی عێراق دەکات، بەتایبەتی دوای ئاوارەبوونیان لەزێدی خۆیان لەناوەڕاستو باشووری عێراقو پەنابردنیان بۆ هەرێمی کوردستان".

ئاماژەی بەوەشکرد "لەم فیلمە دۆکیۆمێنتییەدا، لەزاری مەسیحییە ئاوارەبووەکانەوە، بارودۆخی هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق دەخرێتەڕوو".

# شانیای عێراقی
## یەکەم ئەلبومی بەکوردی بڵاودەکاتەوە

ژەنیار لەهەولێر





خانمە گۆرانیبێژی عێراقی شانیا، یەکەم ئەلبومی گۆرانی بەکوردی تۆمارکردو یەکێک لەگۆرانییەکانی ئەو ئەلبومەشی کلیپکردو بووە یەکەم ژنە گۆرانیبێژی عەرەب کەئەلبوومێکی گۆرانی بەکوردی بڵاوبکاتەوە.

شانیا لەبارەی دەستپێکردنی کاری هونەرییەوە بۆ دەستوور وتی "لەمنداڵییەوە لەتیپی ئینشادی عێراقی وانەم لەبواری گۆرانی وەرگرتووە، دواتر کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدادم تەواوکرد، دوای بەشداریکردنم لەچەند زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنی، بڕیارمدا ئەمجارەیان لەرێگەی ئەلبومێکی گۆرانییەوە بەزمانی کوردی خۆم وەکو گۆرانیبێژێک بناسێنم".

ئەوەشی وت "یەکەم ئەلبومی گۆرانیم بەزمانی کوردییە، لەبەرئەوەی ئەو ماوەی لەکوردستان بووم‌و کوردم ناسیوە، کەسانی باشن، بۆیە پێمخۆشبوو بەکوردی گۆرانی بڵێم‌و جەماوەرم لەکوردستان هەبێت".

وتیشی بەنیازە ئەلبومێکی گۆرانی بەزمانی عەرەبی تۆماربکات.

شانیا ئاشکرایکرد کە لەچەند لایەنێکەوە پێشنیازی رۆڵبینینی بۆ کراوەو بەنیازە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات.

www.netewe.com



**کاوڕ** (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

پێویستە ئەو دەمەقاڵەیە هەڵپەسێری کە لەگەڵ هاوڕێیەکی دێرینتدا هەتە. بارودۆخی دەروونیت جێگیر دەبێتەوەو کارە کەڵەکەبووەکانت وردە وردە تەواودەکەیتو هەست بەئاسوودەیی دەکەیت. ئاگات لەخۆشەویستەکەت بێتو زویری مەکە.




**گا** (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

بەردەوام سەرقاڵیت بەیارمەتیدانی کەسانێکەوە کە حەز بەبینینت دەکەنو خۆشیاندەوێی .بەڵام پێویستە خۆت لەبیرنەکەیتو تەندروستیت فەرامۆشنەکەیت .گازی لەوە گەورەتر مەگرە کە ناتوانی بیخۆیت. کەسێک بەنهێنی خۆشیدەوێی، بەڵام هەستی پێناکەیت.



**دووانە** (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

گەیشتوویتەتە ئەو دەرەنجامەی کە شوێن دڵت نەکەوتوویتو لەمەشدا زیانت بەرکەوتووە. لەکارەکەتدا بەباشی پێشدەکەویت، بەڵام لەئاستی پێشبینییەکانتدا نییە. ئەمەش وات لێدەکات قایلنەبیت بەوەی کە دەیکەیتو هەوڵی گۆڕانکاریی بدەیت.



**قرژاڵ** (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

دەوروبەرەکەت بۆچوونەکانتیان زۆر پێخۆشە. ئەمەش وات لێدەکات لەژیانی کاردا جێگەی شانازی بیت. کاتێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەی لەمێشکتدایە. باری داراییت باشدەبێتو داهاتت زیاددەکات. هیوایەکی نوێ بەژیان دروستدەبێت لەلات.



**شێر** (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

لەم هەفتەیەدا چوونەدەرەوەو بینینی کەسێکی چاوەڕواننەکراو کاریگەریی لەسەر ژیانت جێدەهێڵێت. هەروەک چەند رۆژێکی هەفتە لەماڵەوەو سەرگەرم بوون بەیەکێک لەحەزەکانتەوە بەسەردەبەیت. لەئێستادا ئەو دنیایەت لە هەموو شوێنێک پێخۆشتر کە تێیدایت.



**فەریک** (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

هەندێک شتی بچوک لەکارەکەتدا بێزارتدەکەنو ئەوەندەی بۆت دەکرێ، هەوڵبدە خۆتیان لێ بەدوور بگریت. ڕەوتی هەسارەکان بەوە ئامۆژگاریت دەکەن کە بەپێی حەزەکانت بجوڵێیتەوەو تەرکیز نەخەیتە سەر ئەو شتانەی کە حەزیان پێناکەیت.

# «بوونی دوو مەنهەجی جیاواز بۆ پۆلی دوازدەیەم هیچ کێشەیەک دروست ناکات»

## پاکیزە تەلعەت بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر بۆ دەستوور

سازدانی: فەرمان ڕەشاد

**پاکیزە تەلعەت بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لەم دیمانەیەدا گرفتەکانی بەردەم پەروەردەو فێرکردن دەخاتەڕوو، بڕوای وایە کەمی قوتابخانەکان یەکێکە لەگەورەترین لەمپەرەکانی بەردەم پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە، دەڵێت بوونی دوو مەنهەجی جیاوازی خوێندن کێشە دروست ناکات بۆ ساڵی ئاییندە.**

**دەستوور:** ڕێژەی قوتابخانەکان لەسنووری پارێزگای هەولێر بۆ ئەمساڵی خوێندن لەئاستی پێویستە؟

**پاکیزە تەلعەت:** لەڕاستیدا ئێمە گرفتمان هەیە لەڕیژەی قوتابخانەکان لەسنووری پەروەردەی هەولێر، بۆیە دەبینین بەهۆی ئەو کەمییەوە ڕێژەی قوتابی لەپۆل زۆرەو تا پەنجا قوتابی لەهەندێ شوێن لەپۆلێک دەڕوات، بەڵام بێگومان وەزارەتی پەروەردە ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری قوتابخانە دروستدەکاتو کەمتەرخەمی نییە لەلایەن حکومەتەوە، بەتەنها بۆ ئەم ساڵ ٥٣ قوتابخانەی تازەمان بۆ کراوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی بۆ ساڵی داهاتوو ٩٥ قوتابخانەی تر دەکرێنەوە، هەروەها لەسەر بودجەی وەبەرهێنانو پەرەپێدانو حکومەتیش بەردەوام قوتابخانەی تازە دەکرێتەوە، بەڵام تائێستا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کەکێشەی کەمی قوتابخانە چارەسەربکرێتو تائێستاش جگە لەناو پارێزگای هەولێر لەدەوروبەری قوتابخانەی سێ دەوامی ماوە.

**دەستوور:** پارێزگای هەولێر پێویستی بەچەند قوتابخانەی تر هەیە، بۆچارەسەرکردنی ئەو کێشەیە؟

**پاکیزە تەلعەت:** لێرە من ناتوانم دیاریبکەم بڵێم پێویستمان بەئەوەندە قوتابخانە هەیە، چونکە گەشەسەندنی دانیشتووان زۆر خێرایەو بەردەوام گەڕەکو شوێنی نیشتەجێبوونی تازە دروستدەکرێت، ئەوە وایکردووە ئەمڕۆ پێت وایە گەڕەکێک پێویستی بەدوو قوتابخانە هەیە، بەیانی کەسەیر دەکەیت پێویستی بەدووی تر هەیە، بۆیە ئەستەمە ئەو ڕێژەیە دیاریبکەین، بەڵام ئێمە بەگوێرەی توانا بەردەوامین لەکردنەوەی قوتابخانەی تازە.

**دەستوور:** دەرچوویەکی زۆر هەیەو دانامەزرێنرێن، کەچی بەردەوام ساڵانە گرفتی کەمی مامۆستا دووبارەدەبێتەوە؟

**پاکیزە تەلعەت:** کەمی مامۆستا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەئێمەوە نییە، چەند مانگێکە ئێمە داواکاری ئەو دەرچووانەمان داوەتە وەزارەتی پەروەردە، ئەوانیش دەیبەنە ئەنجومەنی وەزیران، بێگومان لەئەنجومەنی وەزیرانیش ڕێژەیەک بۆ وەزارەتی پەروەردە دابیندەکرێتو ئەوەش دابەشدەکرێتە سەر چوار بەڕێوەبەرایەتی کەیەکێکیان پارێزگای هەولێرە، ئەوەی ئەمساڵ بۆ پارێزگای هەولێر دابینکراوە ٦٣٠ پلە بۆ بنەڕەتیو ٣٠٠ پلە بۆ ئامادەییە، ئەمە لەکاتێکدایە ئێمە پێویستمان بەڕێژەیەکی بەرچاو هەیە لەمامۆستا بەتایبەتی لەوانە زانستیو زمانی ئینگلیزی، بەڵام ئەو ڕیژەیەی کەبۆ ئێمە دانراوە، ناکاتە چارەکی ئەو داواکارییانەی کەپێشکەشکراون بۆ دامەزراندن، چونکە ئێستا نزیکەی ٣٠٠ فایل بۆ دامەزراندن لەلای ئێمە هەیە، بۆیە ئێمە بەو ڕێژەیەی هەیە

> **تائێستاش لەپارێزگای هەولێر قوتابخانەی سێ دەوامی ماوە**

بۆ دامەزراندن ناتوانین کێشەی کەمی مامۆستا چارەسەربکەین، لەلایەکیتر هۆکارێکی تری کەمی مامۆستا پەیوەندی بەوەوە هەیە ڕێژەیەک لەمامۆستا مۆڵەتی جۆراوجۆر وەردەگرن، ئەمەش بۆشایی بۆ ئێمە دروستدەکات.

**دەستوور:** زۆرجار ئەو مامۆستایانەی خزمەتی دەرەوەی شاریان تەواوکردووە، ناگەڕێندرێنەوە ناو شارەکان، هۆکاری ئەمە چییە؟

**پاکیزە تەلعەت:** بەهۆی ئەوەی ناوی ئەوانەی کەدادەمەزرێن درەنگ دەگەڕێنەوە، بۆیە ئێمە هەندێکجار داوادەکەین لەوەی ئەو مامۆستایانە لەکاتی خۆیان بگەڕێندرێنەوە نێو شارەکان، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە بۆشایی دروست نەبێت لەدەرەوەی شارەکاندا.

**دەستوور:** بۆ ئەمساڵ ئایا ڕێژەی لە١٠٪ پۆلی دەیەمو لە١٥٪ پۆلی یازدەم ئەژماردەکرێ بۆ قوتابیانی پۆلی دوازدە؟

**پاکیزە تەلعەت:** لەساڵی پارەوە ئەم بڕیارە هەڵپەسێردراوە، ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە بەمەبەستی دۆزینەوەی بەدیلێکی گونجاو، بەنیازین لەماوەیەکی زۆر کەمدا بەدیلەکە ڕابگەیەنین، ئێستا هیچ قسەی لەسەر ناکەم. بەڵام ئەو ڕێژەیەی باستکرد ئەمساڵ جێبەجێ ناکرێت.

**دەستوور:** ئەمساڵ بۆ پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی دوو مەنهەج پەیڕەودەکرێ، پێتان وانییە ئەمە جۆرێک لەکێشە دروستدەکات؟

**پاکیزە تەلعەت:** پێم وانییە هیچ گرفتێک لەم ڕووەوە دروستببێت، ئەوەی لەپۆلی یازدەوە بۆ دوازدە دەچێت ڕاستەوخۆ ئەو مەنهەجە تازەیە دەخوێنێت، کەمادەکانی کیمیاو بیرکاریو ئینگلیزیو زیندەوەرزانی گۆڕدراوە، بۆ ئەمەش ئەم هاوینە مامۆستاکانی ئەو مادانە خولیان بۆ کرایەوە، ئێستا ئامادەن ئەو مادانە بڵێنەوە، قوتابیانی دوو ساڵەش هەمان مەنهەجی ساڵی ڕابردوویان دەخوێننەوەو ئێمە بەدوای ئالیەتێکی



گونجاو دەگەڕێین بۆ ئەوەی بێ کێشە ئەمساڵ بیپەڕێنین، چونکە بەڕاستی ئێمە ناتوانین لەبەر ئەو قوتابیانەی کەڕێژەیەکی کەمن لەچاو ئەوانەی ئەمساڵ دەبنە پۆلی دوازدە ساڵێک ئەو مەنهەجە تازەیە بوەستێنین.

**دەستوور:** چۆن دەڕواننە ئەو دیاردەیە کەڕێژەیەک قوتابیان ساڵانە خۆیان دەهێڵنەوە بۆ خولی دووەمو ساڵی دووەم؟

**پاکیزە تەلعەت:** ئێمە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا نین، هەم لەگەڵ ئەو ڕێژە زۆرەی کەخۆیان بۆ خولی دووەم دەهێڵنەوەو هەم ئەوانەی بۆ ساڵی دووەم، بەڵام بەڕاستی ئەوە دەگەڕێتەوە سەر قوتابیان کە لەپێناو وەرگرتن لەشوێنی بەرز ئەو تاکتیکە بەکاردەهێنن، من ئامۆژگاری قوتابیان دەکەمو هیواداریشم واز لەوە بهێنن.

# بەدوو سیستمەوە دەرگای مەکتەب دەکرێتەوە

## وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا لەپشووی هاویندا بەسیستمی خوێندندا بچێتەوە، بەڵام تائێستا هیچ نەکراوە

مەعاز فەرحان

پەروەردە لەنێوان سیستمە کۆنو تازەکەدا تائێستا گیریخواردووە، مامۆستایانو خوێندکاران تائێستا نازانن لەئەمساڵی خوێندندا بەکام سیستم دەستپێدەکەن، لەکاتێکدا کردنەوەی دەرگای خوێندنگەکان تەنها دوو هەفتەی ماوە.

لەگەڵ نزیکبوونەوە لەساڵی نوێی خوێندن گلەییو ناڕەزایی لەبەرانبەر وەزارەتی پەروەردە زیادەبن، چونکە ئەو وەزارەتە هێشتا مەسەلەی سیستمە کۆنو تازەکەی یەکلایی نەکردووەتەوە، لەکاتێکدا بڕیاربوو لەم پشووی هاوینەدا ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێبهێنرێت.

ساڵی پار لەژێر هەڕەشەو فشاری مانگرتنو خۆپیشاندانی خوێندکارانی ئامادەییەکان بەتایبەت خوێندکارانی پۆلی شەشەم، وەزارەتی پەروەردە ناچاربوو چەند بڕگەیەکی سیستمە نوێیەکەی خوێندن بۆ ئەو ساڵەی خوێندن ڕابگرێت، خودی وەزیری پەروەردەش ڕایگەیاند کەکۆبوونەوەیەکی فراوان دەبەسترێتو بەکۆی سیستمی نوێی خوێندندا دەچنەوە لەپشووی هاویندا.

تائێستا ئەو بڕیارەی وەزارەتی پەروەردە بۆ دابەشکردنی کۆنمرەی پۆلی ١٢ بەسەر هەموو قۆناغی ئامادەییدا بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە ئاماژە بەوەدەکات کە تائێستا بڕیارنەدراوە کەئیش بەو سیستمە بکرێت یان نا، دەڵێت «بەدڵنیاییەوە دەبێت لەگەڵ دەستپێکی نوێی خوێندن ئەو کێشەیە یەکلابکرێتەوە».

سیستمی نوێی خوێندن لەساڵی ٢٠٠٧ەوە باسدەکرێت، بەڵام ڕەخنەکان لەسەر ئەو سیستمەو چۆنیەتی جێبەجێکردنی بەردەوامە، هەندێک پێیانوایە سیستمەکە بۆ کوردستان دەستنادات، بەهۆی کەمی بیناو مامۆستای تایبەتو شارەزا، بەڵام هەندێک ڕایان لەسەر سیستمەکە هەیە.

دوو هەفتەی ماوە بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان، هێشتا پێداچوونەوە بەسیستمەکەدا نەکراوەو بەشێوەیەکی ئاشکرا بڕیاری ئەوە ڕانەگەیەنراوە بەچ سیستمێک خوێندن دەستپێدەکاتەوە.

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، لیژنەی پەروەردەو



تائێستا کۆسپەکانی بەردەم سیستمی نوێی خوێندن لانەبراون

خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ژمارەیەک بەڕێوەبەری گشتی سەر بەوەزارەتی پەروەردە کۆبوونەوە، بەڵام هیچ شتێکیان ڕانەگەیاند تەنها ئەوەنەبێت لەماوەیەکی نزیکدا دانانی سیستمی نمرە بۆ پۆلەکانی دەیەم تا دوانزەیەم بڕیاری لەسەر دەدرێت.

شەهرام عەبدوڵڵا خوێندکاری شەشەمی ئامادەیی بەنیگەرانیەکەوە وتی «خەریکە خوێندن دەستپێدەکاتەوە نازانین بەچ سیستمێک مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرێت، هیچ دیارنییە بەو سیستمەدا دەچنەوە یان نا».

ئەو خوێندکارە وتی «لەئێستاوە تووشی دڵەڕاوکێ بووین، نازانین ئەمساڵ بەچ سیستمێک دەخوێنین».

مامۆستا نادر مەحمود بەڕێوەبەری ئامادەیی زۆزک لەبازیان وتی «بەڕاستی کەمتەرخەمییە تائێستا ئەو بڕیارە یەکلایی نەبووەتەوە، دەبوایە بەبوونو نەبوون وەڵامی هەمووڵایەک بدرایەتەوە».

ئەو بەڕێوەبەرە وتی تائێستاش نازانین ئەو بڕیارە کاری پێدەکرێت یان نا.

مەریوان سەلاح حیلمی شارەزای بواری پەروەردە، پێیوایە ئەو وەڵامنەدانەوەیەی وەزارەتی پەروەردە، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی وەزارەت وتی «ئەگەر کەمتەرخەمی نەبێت بۆچی بەبەڵێ یان نەخێر ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەسیستمەکەدا کراون ڕاناگەیەنرێت».

وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە باس لەوەدەکات کە لەپشووی هاویندا لەکۆبوونەوەکاندا باس لەبڕیارەکە کراوە، بەڵام بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە.

ئیسماعیل بەرزنجی وتی «لەپشووی هاویندا ئەنجومەنی وەزارەت کەسێ کۆبوونەوەی سازداوە لەهەرسێ کۆبوونەوەکەدا باسکراوە، بڕیارەکە تائێستا هەڵپەسێردراوەو ڕەتنەکراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن بڕیاری گونجاوی بۆ دەدرێتو لەبەرژەوەندی خوێندکاراندا دەبێت».

بەرزنجی ئاشکرایدەکات کەبڕیارنەدراوە ئیش بەو سیستمە دەکرێت یان نا، ئەو دەڵێت «نەخێر تائێستا بڕیارنەدراوە کەئیشی پێبکرێت یان نەکرێت، بەس هەڵپەسێردراوە، دەبێت لەگەڵ دەستپێکی نوێی خوێندن ئەو کێشەیە یەکلاییبکرێتەوە».

مەریوان حیلمی پێیوایە کەیەکلایینەکردنەوەی ئەو بڕیارەو چارەسەرنەکردنی ئەو کێشەیە خوێندکاران تووشی بارێکی دەروونی ناخۆش دەکات.

حیلمی وتی «هەڵپەساردنی ئەو کێشانە شتێکی باش نییە، چونکە کەچووینە ساڵی نوێی خوێندن کێشە بۆ خوێندکاران دروستدەکاتو دەیانخاتە بارێکی دەروونی ئاڵۆزو دوودڵییەوە، بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە بەزووترین کات چارەسەری ئەو کێشەیە بکاتو چیتر ئەو کێشانەی کە لەسیستمی نوێی خوێندندا هەن بەهەڵپەسێردراوی نەمێننەوە».

سەفین دزەیی وەزیری پەروەردە، لەساتی خۆپیشاندانەکانی خوێندکاراندا لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا، لەبارەی بڕیاری ٢٥ نمرەکەی قۆناغی ئامادەییەوە، وتی بەهۆی ئەوەی هیچ فلتەرێکی تاقیکردنەوە تا قۆناغی ١٢ نەماوە، ئەوا هەموو قورساییەک دەچێتە سەر قۆناغی ١٢، بۆیە بەپێی ئەژمارکردنی ٢٥ نمرەی قۆناغی ١٢ لەقۆناغی ١٠و ١١دا، هەوڵدراوە ئەو قورساییە لەسەر قۆناغی ١٢ نەمێنێتو وتی «ڕەوا نییە خوێندکار ماوەی ١٢ ساڵ بخوێنێت، هەموو هەوڵدانەکەی تەنیا لەسەر قۆناغی ١٢ بەندبێت».

ئەوکات ڕایگەیاند کەبڕیاری هەڵپەساردنەکەی لەسەر ئەو بنەمایەی کە لەڕووی جێبەجێکردنەوە هەندێک هەڵەیان بینیو وتی «چونکە لەوانەیە لەئالیەتی جێبەجێکردندا هەندێک کەموکورتیمان هەبێت، وەک کەمی مامۆستا لەهەندێک قوتابخانەدا».

مەریوام سەلاح حیلمی وتی «لەسەر ئەو شتانەی کەخوێندکاران خۆپیشاندانیان بۆ کردو مامۆستایان ناڕەزایەتیان لەسەر دەربڕی، تائێستا هیچ بڕیارێک نەدراوە».

ئیسماعیل بەرزنجی پێیوایە سیستمە نوێیەکەی خوێندن لانادرێت، بەڵکو هەوڵدەدرێت کەموکورتییەکانی چارەسەربکرێن.

بەرزنجی وتی «پێشئەوەی خوێندکارانی پۆلی ١٢ فۆرمی وەرگرتن پێشکەشی زانکۆکان بکەن ئەو کێشەیە چارەسەردەکرێت، ئەو سیستمە لانادرێت بەڵکو دەبێت ڕێگەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە».

هەروەها وتی «کۆسپەکانی بەردەم ئەم سیستمە لادەبرێنو چارەسەردەکرێن».

# بازاڕی لەچکو حیجاب دەبوژێتەوە

## بەهۆی مانگی ڕەمەزانەوە، کچان بەلێشاو ڕوو لەفرۆشگاکانی تایبەت بەفرۆشتنی لەچکو حیجاب دەکەن

مەعاز فەرحان

ڕۆژان عەبدولڕەحمان، ٢٢ ساڵ، لەیەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانەوە بڕیاریداوە بەپێچەوانەی جارانەوە خۆی بپۆشێتو جلە تەنکو قۆڵ ڕووتەکانی بگۆڕێت، بەنیازیشە ماوەی مانگێک لەبری ئەوەی ئارایشتی قژی بکات، جوانترین لەچک لەسەربکات.

ڕۆژان وتی «لەبەر ڕێزی مانگی ڕەمەزانو لەبەرئەوەی کە بەڕۆژوومو بۆ ئەوەی نەبمە هۆی گوناه بۆ خەڵکیتر، بەباشم زانی لەچک بکەم».

هەموو ساڵێک لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزاندا کچانی کوردستان ڕوو لەپێشانگاکانی کەمالیاتو فرۆشتنی لەچکو حیجاب دەکەن، بازاڕەکانیش بە لەچکی ئیماراتیو تورکیو ئێرانی ڕازێنراونەتەوە.

خاوەن پێشانگاکانی کەمالیاتو فرۆشتنی لەچکو حیجاب ئاماژە بەوە دەدەن، کە لەسەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە بازاڕی ئەوان گەرمبووەو کڕیارەکانی ئەوان بەزۆری ئەو کچانەن کەتەنها لەڕەمەزاندا لەچکدەکەنو لەگەڵ تەواوبوونی ڕەمەزانیشدا لەچکەکانیان فڕێدەدەن.

ڕەنج فەرەج خاوەنی پێشانگای کەمالیات، بەدەستووری وت «لەسەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە بازاڕی ئێمە گەرمبووە، دیاردەی باڵاپۆشی لای کچان زۆر زیادیکردووە لەم مانگەدا».

ڕەنج دەڵێت ئەو کچانەی کەڕوو لەدوکانەکانی ئەوان دەکەن بەشێکیشیان بەڕۆژووش نین، بەڵام لەبەر خاتری مانگی ڕەمەزان لەچکدەکەن.

ڕەنج وتی «وایدەبینم زیاتر پاڵنەری دینییەو لەبەر خاتری مانگی ڕەمەزان لەچکدەکەن».

ئەو کچانەی کە لەمانگی ڕەمەزاندا لەچک لەگەڵ کابۆو تیشێرتو تەنورەدا لەسەر دەکەن، ئاماژە بەوە دەدەن کە لەبەر پیرۆزی ئەو مانگە لەچکدەکەن.

ڕۆژان ڕەنگی ئەو لەچکەی کەکڕیبووی لەگەڵ تیشێرتەکەیدا مۆر بوو، وتی «ئەگەر گەیشتمە قەناعەت، ئەوا بەیەکجاری لەچکو حیجاب دەکەم».

کچان لەچککردن لەڕەمەزاندا بەدابونەریتێکی ئیسلامییانەو دیاردەیەکی جوان وەسفدەکەن، لەهەمانکاتیشدا زۆر بەلایانەوە گرنگە کەئارایشتی لەچکەکەیان لەگەڵ جلەکانیاندا بگونجێت.

ڤینا کەریم ٢٤ ساڵ کەدەستی بەو لەچکەوە گرتبوو کە لەسەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە دابوی بەسەریدا، وتی «بەلامەوە ئوسولێکی جوانە کە لەڕەمەزاندا لەچکبکەم لەبەر خاتری خەڵک نییە، بەڵکو لەبەرخاتری خودا لەچکم کردووە».

«زۆر هەوڵدەدەم ئارایشتی لەچکەکەمو جلەکانم بگونجێنم ئینجا بێمەدەرەوە». ڤینا وای وت.

> لەبەر خاتری خەڵک نییە، بەڵکو لەبەرخاتری خودا لەچکم کردووە



لەڕەمەزاندا لەچکدەکەن و دوای ڕەمەزان قژ بەردەدەنەوە

مامۆستایانی ئاینی ئاماژە بەوەدەدەن کەئەو کچانەی لەڕەمەزاندا لەچکدەکەن ئەوا «کارێکی باش» دەکەنو پێیانوایە ڕەمەزان مرۆڤ لەخودا نزیکدەکاتەوە، داوا لەو کچانە دەکەن کەدوای ڕەمەزانیش دەستبەرداری لەچکەکانیان نەبن.

مامۆستا مەلا ڕەشید وانەبێژو نوێژخوێنی خانەقای مەحوی لەسلێمانی پێیوایە ناتوانرێت بەو کەسانە بوترێت کاری ناتەندروست دەکەن کەبەتەنها لەڕەمەزاندا لەچکدەکەن، بەڵکو وتی «دیاردەیەکی باشەو شتێکی چاکەو هۆکارێکە بۆ ئەوەی کچان بەیەکجاری ڕوو لەباڵاپۆشی بکەن».

مامۆستا مەلا ڕەشید «باشترە بۆ ئافرەتان بەیەکجاری لەچکو حیجاب بکەنو دوای ڕەمەزان دەستبەرداری نەبن».

# لەمەودوا نێرگەلە بقەیە

## گەنجان دەڵێن دەستبەرداری نێرگەلەکێشان نابین

کاروخ نامیق



وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم هەڵمەتێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشانی نێرگەلە دەستپێکردووە، بەئامانجی هۆشیارکردنەوەو قەدەغەکردنی ئەو مادە زیانبەخشە، بەڵام گەنجان دەڵێن دەستبەرداری نێرگەلە نابین.

کۆژان کامەران ٢٣ ساڵ، گەنجێکە بە بەردەوامی نێرگەلە دەکێشێت بەدەستووری ڕاگەیاند ناتوانێت دەستبەرداری نێرگەلە ببێت، بۆیە حکومەتیش ناتوانێت لێیان قەدەغەبکات.

وتی «لەوە دەچێت بتوانێت کافتریاکان دابخاتو نەهێڵێت بیکەنەوە، بەڵام ئێمە هەر دەیکێشین».

کۆژان وتی «گەنج لەم وڵاتە بێ ئیشە شوێنێکی نییە تا کاتەکانی خۆی تێدابەسەر بەرێت، ناچار خویداوەتە کافتریاکانی نێرگەلەکێشان».

لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بەدەیان کافتریای تایبەت بۆ کێشانی نێرگەلە لەشارەکانی کوردستان کراونەتەوەو لەئێستاشدا کردنەوەی کافتریای تایبەت بۆ کێشانی نێرگەلە بەردەوامەو حکومەتیش دەیەوێت ڕێگری لێبکات.

ئەگەرچی لەپەرلەماندا یاسایەکی تایبەت لەبارەی قەدەغەکردنی کێشانی جگەرەوە هەیە بەتایبەت لەشوێنە گشتیو ناو بازاڕەکاندا، بەڵام ئەم یاسایە بەهیچ شێوەیەک کاری پێناکرێت.

وەزارەتی تەندروستی دەیەوێت ئەو یاسایە لەمیانەی ئەو هەڵمەتەی کەدەستیانپێکردووە، کاراتر بکەنو جێبەجێبکرێت، بەئامانجی قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە.

بەڵێن سەلاحەدین ٢٧ ساڵ، گەنجێکی تری نێرگەلەکێشە پێیوایە تەشەنەسەندنی کێشانی نێرگەلە لەنێوگەنجان دەگەڕێتەوە بۆ چاولێکەری.

بەڵێن وتی «هەڵمەتێکی لەو شێوەیە زۆرباشە، زیانەکانی بخرێنەڕوو بۆ ئەوەی گەنجان لێی دووربکەونەوە».

بەڵێن شەوانە یاخود ئێواران لەگەڵ هاوڕێیەکانی دەچێت بۆ کافتریاکانی ناوشارو لەماڵیشەوە دەیکێشێتو ئێستاش بەردەوامە.

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو دکتۆر تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی کێشانی نێرگەلەی لەکوردستان ڕاگەیاند کەماوەی چەند هەفتەیەک دەخایەنێت، هەڵمەتەکە لەژێر دروشمی (کێشانی نێرگەلە مردنێکی لەسەر خۆو بەئازارە) بەڕێوەدەچێت.

د. خاڵس قادر وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم بەدەستووری ڕاگەیاند هەڵمەتەکەیان بۆ زیاتر تەشەنەسەندنی دیاردەی نێرگەلەکێشانە بەتایبەتی لەنێو گەنجانو کەمکردنەوەی ئەو دیاردە مەترسیدارەو کۆنترۆڵکردنو پاراستنی هاووڵاتیانو نەوەی داهاتوو لەمەترسییە تەندروستییەکانی کێشانی نێرگەلە.

د. خاڵس قادر وتی «کێشانی نێرگەلە لەنێوگەنجانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووەو گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار».

یەکێک لەئامانجەکانی ئەو هەڵمەتە کاراکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی نێرگەلەو جگەرەکێشانە.

د. خالس وتی «ئێستا ئەو یاسایە پێداچوونەوەی بۆ کراوەو دووبارە ڕەوانەی پەرلەمان کراوەتەوە بۆ هەموارکردنەوەی بەشێوەیەک بتوانرێت جێبەجێبکرێت».

د. خاڵس قادر وتی «قەدەغەکردنی کێشانی نێرگەلە ڕەنگە تاکە چارەسەر نەبێت، لەبەرئەوە ئێستا بەهۆشیارکردنەوە دەستمانپێکردووە».

لەڕووی تەندروستییەوە کێشانی نێرگەلە زیان بەتەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت، بەبڕوای پزیشکان زیانەکانی نێرگەلە زۆر زیاترە لەجگەرە، چونکە مرۆڤ دووچاری شێرپەنجەی لێوو ناودەمو شێرپەنجەی گەدەو میزەڵدانو نەخۆشی سیلو دڵو سوڕی خوێنو کۆئەندامی هەناسەو جەڵدەی دەماغ دەکات.

# خاوی هێڵەکان، گەنجانی داقوق لەسەر خەت دووردەخاتەوە

زانیار داقوقی

گەنجانی قەزای داقوق دەڵێن بەهۆی نەبوونی هێڵی ئینتەرنێت، یان خاوی هێڵەکانەوە بێبەشبوون لەبەرکارهێنانی ئینتەرنێتو لێی سوودمەند نابن، داوادەکەن لایەنی حکومیو کەرتی تایبەت هێڵی ئینتەرنێت لەقەزاکە فراوانتر بکەنو ئەوانەشی هێڵەکانیان خاوە باشتری بکەن.

لەدوای ساڵی ٢٠٠٤وە بۆ یەکەمجار هاووڵاتیانو بەتایبەت گەنجانی قەزای داقوق، فێری سەرەتاکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بوون، بەڵام دوای شەش ساڵ لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت تائێستا گەنجانی ئەو قەزایە نەیانتوانیوە بەپێی پێویست سوودی لێببینن.

بەڕێوەبەری بنکەو سەنتەرەکانی هێڵی ئینتەرنێت دەڵێن خوازیارانی بەکارهێنانی هێڵی ئینتەرنێت لەسەرەتادا زۆر بووە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی بوونی گرفتو خاوی هێڵەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە.

سەنتەری ڕۆشنبیری داقوق کەسەنتەرێکی کەرتی تایبەتە، بەشێکی تایبەتی بەهێڵی ئینتەرنێت هەیە، بەڵام ئەو بەشە بەپێی پێویست نییەو لەئاستی داخوازییەکانی گەنجان نییە.

ئەو سەنتەرە پێکهاتووە لەبەشی ئینتەرنێتو هۆڵی خوێندنەوەو بەشی کتێبخانەی گشتی. ئەو سەنتەرە حکومی نییە.

قاسم ڕەشید بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆشنبیری داقوق بەدەستووری وت «ئەم سەنتەرە لەساڵی ٢٠٠٧ دەستیکرد بەکارکردنو نزیکەی ٢٠ هێڵی ئینتەرنێتی لەخۆگرتو زۆربەی زۆری ئەو هێڵانەش بەکرێ دابەشکرابوون لەنێوان دانیشتووانی داقوقدا». بەڵام ئێستا ئەوان کارەکانیان ڕاگرتووە.

قاسم باسلەوە دەکات لەسەرەتاوە ماوەی یەک ساڵ دانیشتووانی داقوق بەشێوەیەکی بەربڵاو هێڵی ئینتەرنێتیان بەکارهێناوەو زۆربەی قوتابیانو ماموستایانو لاوان سەردانی سەنتەرەکەیان دەکرد بۆ ڕاکێشانی هێڵ بۆ ماڵەکانیان، بەڵام دەڵێت ئێستا ڕووی لەکەمی کردووە. بەتایبەت دوای ئەوەی کارەکانی ئەوان تەواوبوو.

قاسم وتی «تەنانەت ئەوانەی بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێتی سەنتەرەکەش سەردانیان دەکرد ئێستا کەمبوونەتەوە، ئەوانیش دەستیان لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت هەڵگرت».

هەروەها وتی «هۆکارەکەی بەهۆی خراپی گەیاندنو خاوی هێڵەکەوەیە».

هاوار عادیل گەنجێکی دانیشتووی قەزای داقوقە، بەدەستووری وت «هێڵی ئینتەرنێت لەداقوق بەهیچ جۆرێک دڵی گەنجانی خۆشنەکردووە، چونکە ئەوکەسەی سەنتەری ئینتەرنێتی هەیە، هەر هێڵێکی هەرزانو خراپ بێت، دەیهێنێتە بازاڕ».

ئەو وتی خاویو خراپی هێڵەکانو دروستبوونی گرفتی هێڵەکانی ئینتەرنێت کێشەی بۆ دروستکردوون.

هاوار وتی «ئەوەی سەنتەری ئینتەرنێت دەکاتەوە لەداقوق هیچیان توانای هێنانی هێڵی باشیان نییە».

شەمسەدین مەحمود خاوەنی تۆڕێکی ئینتەرنێتە لەقەزای داقوق، بەدەستووری وت «هێڵی باشو چاکو کارا بۆ قەزای داقوق دەستنادات، چونکە خەڵکی هەژاری زۆرە».

www.netewe.com

# جارێکیتر پەنا بۆ دیالۆگ لەگەڵ ئۆجەلاندا دەبردرێت

## حکومەتی تورکیا پەیوەندی بەئۆجەلانەوە کردووەو کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیش بڕیاری گفتوگۆکردنی لەگەڵ داوە

**محەمەد عەلی کەمالو**
**فەرمان چۆمانی**

جارێکیتر لەهەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، پەنا بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەبردرێتەوە، بەپێی هەواڵی دەزگاکانی راگەیاندن دەوڵەتی تورکیا پەیوەندی بەئۆجەلانەوە کردووە، لەکۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیشدا داواکراوە بەزووترین کات دیالۆگ لەگەڵ ئۆجەلاندا دەستپێبکرێت.

هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا لەلایەن سیاسەتمەدارانی کوردو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەردەوامەو لەو پێناوەشدا چەندین رێگەچارەیتر گیراونەتەبەر، کەدوا رێگاچارەیان خۆی لەسازدانی دیالۆگ لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرکردەی حوکمدراوی پەکەکە لەلایەن هەریەک لەحکومەتی تورکیاو کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتییەوە دەبینێتەوە.

لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی هەمیشەیی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیدا کەبەسەرپەرشتی هەریەک لەئەحمەد تورکو ئایسەل توغلوک سەرۆکانی کۆنگرە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەسترا، بڕیاری کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیاو عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکەو سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان درا.

ئەحمەد تورک لەوتەیەکی کۆنگرەکەیاندا رایگەیاند کۆنگرەکەیان لەگەڵ هەر کەسێکدا کۆدەبێتەوە کەپێیوابێت دەتوانێت لەچارەسەرکردنی کێشەی کورددا رۆڵی هەبێت، وتی «لەسەروو هەمووشیانەوە بەرپرسانی دەوڵەتو حکومەتو عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لەو پێناوەشدا سیاسەتێکی دەستپێشخەریکەرانە پەیرەودەکات».

لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کەئەحمەد تورکو ئایسەل توغلوکو ئاڵتان تانی نووسەری ناسراو و عوسمان بایدەمیری سەرۆکی گەورە شاری ئامەدو چەندین ئەندامی ئەنجومەنی هەمیشەیی ئامادەبیوون، ئەحمەد تورک سەبارەت بەکۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی کۆنگرەکەیان ئاشکرایکرد کەباسی دوایین پێشکەوتنە سیاسییەکانی ئەم دواییەو هەیکەلو پێکهاتەی کۆنگرەو پرۆژەی ئۆتۆنۆمی دیموکراتیو پێکهێنانی لیژنەکانی کارکردنیان کردووەو گەیشتوونەتە دەرەنجامی زۆر باش.

ئەحمەد تورک ئاماژەی بەوەدا کەراگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن پەکەکەوە هەنگاوێکی ئازایانەیە لەچارەسەرکردنی کێشەی کورددا و بەهەلێکی مێژوویشی بۆ ئاشتییەکی جەماوەری لەقەڵەمدا.

تورک وتی «وەڵامدانەوەی ئەو ئاگربەستە بەشێوەیەکی ئەرێنیو گۆڕینی بۆ ئاشتی، ئەرکێکی ویژدانیو ئەخلاقیو سیاسی هەموو ئەو لایەنانەیە کەداوای ئاگربەستیان لێکراوە».

جارێکی تریش داوای لەحکومەتی تورکیا کرد، بەشێوەیەکی کرداری ئەو هەڵمەتە سیاسیو سەربازییانە رابگرێت.

لەکۆنگرەکەدا باس لەوە کرا کە لەحاڵەتێکدا ئەگەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بەردەوامبێتو ئاگربەستی پەکەکە وەڵامێکی نەدرێتەوە، ئەوا ئەوان جارێکیتر روویان نابێت داوابکەن کەئاگربەست درێژەی هەبێت.

> ئەحمەد تورک: ئەگەر ئاگربەستی پەکەکە وەڵامێکی نەدرێتەوە، ئەوا رووما نایەت داوابکەین کەئاگربەست درێژەی هەبێت

سەرچاوەکانی هەواڵ چەند رۆژی رابردوو ئەوەیان بڵاوکردەوە کەحکومەتی تورکیا لەگەڵ سەرۆکی پەکەکە ئۆجەلان لەبارەی ئەو پرسەوە گفتوگۆیان کردووە، بەڵام هەر زوو رەجەب تەیب ئەردۆگان ئەوەی رەتکردەوە.

پێشتر موراد قەرەیلان لەبارەی بوونی دیالۆگ لەنێوان حکومەتو ئۆجەلاندا بەکارێکی دروستزانی، لەبارەی وتەکانی رەجەب تەییب ئەردۆگانیش بەوەی کەدیالۆگی لەو جۆرە روونەداوە، تەنها بۆ ئەوە گەڕاندەوە کەبتوانێت دەنگی جەماوەی پارتەکەی بەدەستبهێنێتەوە.

ئایسەل توغلوک سەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئاماژەی بەوەدا کەپرۆژەی تورکیایەکی دیموکراتو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، پێشنیازێکی جوداخوازی نییە، بەڵکو پرۆژەیەکە بۆ یەکگرتوویەکی خۆویستانەو پرۆژەی پێکەوەژیانە، وتی «چاوەڕێی پشتیوانی تەواوی خەڵکی تورکیاین بۆ ئەو پرۆژەیەو لەنێویشیاندا رووناکبیرانو نووسەرانو ئەکادیمییەکان».


دوای ١٠ رۆژ لەراگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە سەرکردایەتی کۆماجڤاکێن کوردستان (کەجەکە) روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوەو تێیدا پشتڕاستی هەواڵەکانی کۆبوونەوەکانی حکومەتی تورکیا لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا کردەوە، کەپێشتریش لەزاری موراد قەرەیلانەوە باسی لێوەکرابوو.

لەروونکردنەوەکەدا هاتووە «پارتی دادو گەشەپێدان بەرژەوەندیخوازانەو دووڕوویانە لەچارەسەرکردنی کێشەی کورد نزیکدەبێتەوە، ئەو سیاسەتانەی گوایا کۆنەبوونەتەوە لەگەڵ ئۆجەلان تەنها لەبەر لەدەستدانی دەنگو هەڵخەڵەتاندنی گەلی کورد دەیگرنەبەر هیچ دەرەنجامێکی لێناکەوێتەوە».

لەلایەکی ترەوە، ئەحمەد دەنیز بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆماجڤاکێن کوردستان، بەدەستووری وت «ئەو ئاگربەستە لەسەر داخوازی دەوڵەتی تورکیا بووەو لەگەڵ سەرۆک ئاپۆ کۆبوونەتەوە، هەروەها رای گشتی کوردو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش ئەو داواکارییەیان هەبووە، بۆیە بزووتنەوەکەمان ئەو بڕیارەی دا».

بەوتەی ئەو سەرکردەیەی پەکەکە، ئامانجیانە ئەو ئاگربەستە، ببێتە دوو لایەنەو وتی «چونکە ئەگەر دووقۆڵی نەبێت بێسوودە، دەمانەوێت پرسی کورد بەشێوەی دیالۆگ چارەسەربکرێت، دەبێت دەوڵەت هەنگاو بهاوێت بۆ ئەو مەرجانەی کەهەمانبووە».

دەنیز وتی «دەوڵەت هەنگاو ناهاوێتو ئێستاش ئۆپەراسیۆن هەیەو بەرسڤی نەداوەتەوەو بەڵێنی نەگەیاندووەتەسەر، لەئەنجامی ئەوەشدا شەڕ دروستدەبێت، ئەمەش گفتوگۆ لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد قورسدەکات، بۆیە ئاوا بڕوات ئەگەری زۆری هەیە دوای ئەو ٤٠ رۆژە ئاگربەست بشکێنرێتو ناچارین بەرگری لەخۆمان بکەین، چونکە دەوڵەت خۆی ئامادەنەکردووە بۆ قبوڵکردنی مافی نەتەوەیی کورد».



عەبدوڵڵا ئۆجەلان

# تۆڕی گروپە تیرۆرستییەکانی ئێران، وڵاتانی عەرەبی دەگرێتەوە

## توندتربوونەوەی کێشەکانی نێوان ئێرانو ئەمریکا زیادیکردووە

**ئازاد رەحمانی**

بەرپرسانی ئێرانی پەیتاپەیتا بۆ لوبنانو سوریا سەفەردەکەن، عەلی ئەکبەری ویلایەتی راوێژکاری تایبەتی خامنەیی لەکاروباری دەرەوەی ئێران لەدوای چەندین رۆژ دانیشتنو گفتوگۆ بۆ تاران گەڕایەوە.

ویلایەتی لەرێگەی گەڕانەوە بوو کەمەنوچەری موتەکی وەزیری دەرەوەی ئێران بەرەو سوریا بەڕێکەوت. بڕیارە ئەحمەدی نەژادیش لەکۆتاییەکانی مانگی رەمەزان بەمەبەستی چاوپێکەوتنو گفتوگۆ لەگەڵ رابەرانو بەرپرسانی لوبنانی بۆ ئەو وڵاتە سەفەر بکات. هاتوچۆکردنێکی لەرادەبەدەر کە لەمێژووی پەیوەندی ئێرانو ئەو دوو وڵاتەدا بێ وێنەیە.

هاوکات دەزگا ئەمنییەکانی بەحرەین لەراپۆرتێکدا هوشداری ئەوە دەدەن کە لەئەگەری هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئێران، گروپە توندڕەو و تێکدەرەکانی پەیوەندیدار بەئێران دەستدەدەنە هێرشی تێکدەرانە لەدژی وڵاتانی کەنداو.

رۆژنامەی ئەلقەبەسی کوەیت باس لەوەدەکات کەئەم راپۆرتەی دەزگا ئەمنییەکانی بەحرەین لەئیعترافو دانپێدانانی گروپێکی «تیرۆریستی گەورە»ی دەستگیرکراو لەبەحرەین سەرچاوەدەگرێت.

٢٥٠ ئەندامی دەستگیرکراوی گروپەکە لەبەحرەین ئیعترافیان بەوەکردووە کەئەوان پەیوەندییان بەحکومەتی ئێرانەوە هەیەو چەندین باندی هاوشێوەی ئەوان لەکوەیتو سعودییە خەریکی چالاکیو ئامادەکاری بۆ بەرپەرچدانەوەو تۆڵەکردنەوەی هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێرانن.

لەناوخۆی ئێرانیش شەپۆلێکی نوێی هەڕەشەی فەرماندە سەربازییەکان لەدژی ئەمریکاو ئیسرائیل دەستپێکردووە.

ئەحمەد رەزا پوور دەستان فەرماندەی هێزی زەمینی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی لەوتووێژێک لەگەڵ هەواڵنێری ئیرنا دەڵێت «رێگەی بچوکترین سەرکێشی بەدوژمن نادەین، ئەرتەش لەباشترین بارودۆخی ئامادەییو جەنگیدایەو ئەم سوپایە لەتوانایدایە بەرەنگاری هەرچەشنە هەڕەشەو هێرشێک ببێتەوە».

سوپای پاسدارانیش رۆژی پێنجشەممە بەبڵاوکردنەوەی راگەیەندراوێک رایگەیاندووە کە لەئەگەری بەکردەوە دەرهاتنی هەڕەشەکان، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوچەکە دەکەوێتە مەترسی جدییەوە.

خامنەیی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران لەنوێترین لێدوانی سەبارەت بەئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران دەڵێت «هەمووان بزانن کە لەئەگەری جێبەجێبوونی هەڕەشەکان لەدژی ئێران، بەرپەرچدانەوەکان تەنیا ناوخۆی ئێران ناگرێتەوەو رووبەڕووبوونەوەی ئێران رووبەرێکی بەرینتر دەگرێتەوە».

هاوکات ئەحمەدی نەژاد لەرێوڕەسمی رۆژی پیشەسازیی بەرگری وڵات، لەکۆبوونەوەی فەرماندە سەربازییەکانی ئێران دەڵێت «ئێمە دەبێ بەشوێنێک بگەین کەپێش لەهێرشی دوژمنان دەستیان بقرتێنین».

سایتی میدڵ ئیست ئۆنلاین لەشیکاریو لێکدانەوەی ئەم بارودۆخەدا دەنووسێ، بێگومان ئەم جموجۆڵانەی ئێران لەنیگەرانی بەرپرسانی ئێرانی لەئەگەرە نزیکەکانە. ئەم نیگەرانییە هاوکاتە لەگەڵ گفتوگۆی ناڕاستەوخۆی نێوان ئەحمەدی نەژادو ئۆباما لەرێگەی چەندین دەلاڵو ناوبژیوانی جێگەی بڕوا. بەدڵنیاییەوە هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە ئەوەنییە کەئەمریکا بیەوێ ئێران بکاتە هاوبەشێکی ناوچەیی خۆی. بەپێچەوانە ئەم بارودۆخە نیشانەی نیگەرانی بەرپرسانی ئێران لەهەنگاوەکانی ئەمریکایە.

ئێران دەزانێ کەبۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا دەستی بەسنوورەکانی ئەو وڵاتە ناگات، هەربۆیە دەیەوێ هەر لەئێستاوە لەم ناوچەدا لەگەڵ ئەمریکا زۆرانبازی بکات. نیگەرانییەکانی ئێران دوو هۆکاری سەرەکی هەیە، یەکەمیان ئابڵوقەی توندی ئەمریکاو ئەوروپاو دووەمیان مەترسی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران. ئەمریکا تائێستا بەباشی سیاسەتی تەسکترکردنەوەی گەمارۆکانی ئێرانی بەرەوپێش بردووە، بەڵام ئێستا ئێران نیگەرانی بڕیارو هەنگاوی دووەمە، واتە هێرشی سەربازییە.



٢٥٠ ئەندامی دەستگیرکراوی گروپێکی تیرۆریستی دانیان بەوەداناوە کە پەیوەندیان بەئێرانەوە هەیە

# کۆماری ئیسلامی بەشەڕ وەڵامی داخوازییەکانی کوردی دایەوە

## ٣١ ساڵ بەسەر فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان تێپەڕی

هیوا سەلیمی



**شەڕ دژی کوردەکانی ئێران بەفەرمانی خومەینی ئەنجامدرا**

پاش تێپەڕینی ٣١ ساڵ بەسەر هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستانی رۆژهەڵات، ئەمساڵ جیاوازتر لەساڵانی رابردوو باسی رووداوی ٢٨ی گەلاوێژ دەکرێ. ئەو رۆژانەی کە بەفەرمانی خومەینی هێرشکرایە سەر کوردستان و بەهەزاران کەس لەخەڵکی کوردستان کوژران. ئەوەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەبزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی لەئێران ئامادەبووەو تاڕادەیەک مێژووی سی ساڵەی کۆماری ئیسلامی لەزۆر جێگەدا خراوەتە ژێر پرسیار.

ئەو شەڕە کە بەفەرمانی جیهادی خومەینی دژ بەکوردستان ناو دەبرێ تەنیا بەرپەرچدانەوەو بەرەنگاری خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵاتی لێنەکەوتەوە، بەڵکو زیاتر لەدەیان پێشمەرگەی یەکێتی لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی کورددا لەرۆژهەڵات کوژران.

چەند هەفتە لەمەوبەر میرحسێن موسەوی رەخنەی لەهێرشکردنە سەر کوردستان گرت و بەهەڵەی وەسفکرد.

هەموو ساڵێک لەلایەن چالاکوانانی کورد رێز لە ٢٨ی گەلاوێژ دەگیرێت و ئەم رۆژە بەرۆژی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی ئێران ناوزەدکراوە.

بۆ ئەم مەبەستە دەستوور لەم راپۆرتەی خوارەوەدا چاوخشاندنێکی خیرا بەسەر رووداوەکانی ٣١ ساڵ لەمەوبەری کوردستانی رۆژهەڵاتدا دەکات.

لەشۆڕشەکەی ٧٩ی ئێرانەوە بۆ هەوڵەکانی دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی لەسەر زەمینەی چەندین دەیە خەباتی سیاسیو چەکداری لەرابردوودا جموجۆڵێکی سیاسی گەورە لەدوای شۆڕشی ٧٩ی ئێران لەکوردستان دروستبوو. کوردستانی رۆژهەڵات لەرووخاندنی رژێمی پاشایەتی رۆڵی گێڕاو دواتر فەزایەکی کراوەی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەکوردستان هاتەئاراوە. ئەگەرچی لەو چەند مانگەی سەرەتای دوای شۆڕش، بنکە سەربازییەکانی ئەرتەش لەشارەکانی کوردستان لەجێی خۆیاندا مابوونەوە، بەڵام کۆنترۆڵو ئیدارەی شارەکان لەدەست هێزی پێشمەرگەو خەڵکدا بوو. حکومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی بەوردی چاودێری رووداوەکانی کوردستانی دەکرد، بەلێکدانەوەی هێزی کوردستانو کڕینی کات بۆ هێرشەکانی دواتر، وەفدێکی بۆ گفتوگۆ رەوانەی کوردستان کرد.

زستانی ١٩٧٩ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی گەیشتنە مەهابادو لەوێ لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد کەپێکهاتبوون لەشیخ عیزەدینی حوسێنی، دکتۆر قاسملو، سەلاحەدینی موهتەدی، فوئادی موستەفا سوڵتانیو غەنی بلوریان دیدارو چاوپێکەوتنیان ئەنجامدا.

ئەم دانیشتنە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە، بەڵام گەڵاڵەیەکی ٨ مادەیی لەلایەن نوێنەرانی کوردەوە رادەستی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بەسەرۆکایەتی داریوشی فروهەر وەزیری کاری حکومەتی تازە پێکهاتووی تاران کرا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەناری مامەدی، پێشنیازی مادەیەکی کرد، کەرێگە بگیرێ لەگێڕانەوەی ئەو کوردانەی باشوور کە لەدوای هەرەسهێنانەکەی ١٩٧٥ هاتبوونە کوردستانی رۆژهەڵات.

لەم مانگانەی سەرەتادا کە لەسەرەتای شۆڕش تا هاوینی ١٩٨٠ درێژەی کێشا چەندین رووداوی وەک پێکدادانی سەربازی لەپاوە، کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان لەناڕەزایەتی بەرەفتارەکانی دەوڵەت لەو ناوچەیەو شەڕەکانی ناوچەی دیواندەرە روویدا. چەند رۆژ پێش لەفەرمانی هێرشی سەرتاسەری بۆ سەر کوردستان، شەڕێکی قورس لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەکو هێزەکانی سوپای پاسدارانو ئەرتەشو جەندەرمە لەشاری پاوە رویدا، راگەیاندنەکانی سەر بەکۆماری ئیسلامی لەشارەکانی تری ئێران کەوتنە پڕوپاگەندەو جۆشدانی جەماوەریو چەواشەکاری سەبارەت بەرووداوەکانی شاری پاوە. بەمەبەستی پشتیوانیکردنی هێزەکانی دەوڵەت لەپاوە کەوردەوردە لەژێر گورزی هێزی پێشمەرگە خەریکی لەناوچوون بوون، موستەفا چەمران جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێران خۆی بەرەو پاوە بەڕێکەوتو فەرماندەیی جەنگەکەی لەئەستۆگرت. لەو ١٨٠ پاسدارەی کە بۆ یارمەتیدانی شاری پاوە بەڕێکرابوون، ١٥٠ کەسیان کوژراو هەروەها فرۆکەیەکی سیخوڕی جۆری ئێف٤ لەنزیک شاری پاوە خرایە خوارەوە.

**فەرمانی جیهاد دراو بەرەنگاری سێ مانگە هاتەئاراوە**

خومەینی لەپەیامیک بۆ سەرجەمی هێزە

> خومەینی لەپەیامیک بۆ سەرجەمی هێزە چەکدارەکانی ئێران، فەرمانی هێرشی بەربڵاوی زەمینیو ئاسمانی بۆ سەر کوردستان پەسەندکرد

چەکدارەکانی ئێران، فەرمانی هێرشی بەربڵاوی زەمینیو ئاسمانی بۆ سەر کوردستان پەسەندکرد، ٢٨ گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩ ئۆگەستی ١٩٧٩ی زایینی ئەم هێرشە دەستپێکرد. هێرشێکی بەربڵاو دەستپێیکردو هاوکات لەگەڵ هێرشی هێزە چەکدارەکان، خەڵخاڵی نوێنەری خومەینی بۆ دادگاییکردنی خەڵکی ناڕازی رەوانەی کوردستان کرا. لەیەکەمین کاتژمێرەکانی جەنگ سەرەڕای بەرەنگاری بەرچاوی خەڵکو هێزی پێشمەرگە، شاری پاوە گیرایەوەو لەچەندین سەعاتداو لەدادگایەکی چەند دەقیقەیدا خەڵخاڵی بڕیاری لەسێدارەدانی ١٢ کەسی پەسەندکرد. لەدوانیوەڕۆی رۆژی دواتر ٧ کەسیتر لەخەڵکی پاوە لەسێدارەدران. ئینجا بەبیانووی ئەوەی کەچەند ژنێکی موسڵمان لەیەکێک لەمزگەوتەکانی شاری سنە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بەبارمتە گیراون، هەستی ئایینی شارە فارسەکان جۆشدراو هێرشی بەربڵاو بۆ شاری سنەش دەستپێیکرد. هێزە چەکدارەکانی ئێران بەپشتیوانی جاشەکانی ناوچەکە، هەروەها تاقمو گروپە چەکدارە ئیسلامییەکانی ناسراو بەمەکتەبی قورئان سەرجەمی شارو شارۆچەکانی کوردستانو لەوانە سنە، سەقز، بانە، مەهابادو...یان گرتەوەو پێشمەرگە شارەکانی چۆڵکردو بەرەو سنوورەکانی کوردستانی عێراق پاشەکشەی کرد.

لەسنوورەکان بۆ جارێکیتر هێزی پێشمەرگە خۆی رێکخستەوە، سەرلەنوێ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە رزگارکرایەوە، ئاگربەستو ئاشتی کاتی راگەیەندرایەوە. بۆ جارێکیتر پرسی گفتوگۆ لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە هاتەکایەوە، بۆ ماوەی نزیک بە ٧ مانگ کۆنترۆڵکردنی کوردستان لەلایەن پێشمەرگەوە، چەندین دانیشتن لەنێوان نوێنەرانی خەڵکی کوردستانو حکومەتی ناوەندی سەریگرت.

یەکەمین کۆبوونەوەیان کە بەشێوەی نهێنی بوو لەسەردەستی جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی لەناوچەی بێورانی سەردەشت لەنێوان وەفدی نێونەرایەتی کورد بەسەرۆکایەتی شیخ عێزەدینو لەلایەنی بەرانبەریش بە بەشداری فروهەر وەزیری کارو سەحابیو سەباغیان دوو کاربەدەستی تری ئێران بوون، چەندین ئەفسەری پایەبەرزی سوپای ئێران روویدا. دواتر ئەم کۆبوونەوانە بۆ مەهاباد گواسترایەوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوەو دواجار هێرشی دووەمی سەربازی دەستپێیکرد.

**فەرمانی هێرشی دووەمو داگیرکردنی تەواوەتی کوردستان**

لەدوای رزگارکردنەوەی سەرلەنوێی شارەکان لەلایەن خەڵکو هێزی پێشمەرگەوە، خومەینی بەپەلەپەلە کەوتە پاساوهێنانەوەو لەسەر رێککەوتنی دوولایەنی کوردیو دەوڵەت، ئاگربەست راگەیەندراو گفتوگۆکان دەستپێیکردەوە.

هەروەک چاوەڕواندەکرا ئەم دانیشتانە بۆ حکومەت تەنیا کڕینی کات بۆ خۆڕێکخستنەوەی دووبارەو هێرشێکی هەمەلایەنتر بوو. حکومەتی ئێران بەهیچ شێوەیەک قایل بەمافەکانی گەلی کورد لەکوردستانی رۆژهەڵات نەبوو، هەر بۆیە لەچەشنی پەلامارەکەی ١٩ی ئۆگەستی ١٩٧٩ بۆ جارێکیتر هێرشە سەربازییەکان دەستپێیکردەوە. لەرێکەوتی ١٨ی ئاپریلی ١٩٨٠ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەکی بەربڵاو هێرشیانکردەوە سەر کوردستانو شاری سنە وەک دەروازەی هاتنەناو کوردستان دیاریکرا. هێزی پێشمەرگە هاوشان لەگەڵ خەڵکی ئەو شارە بۆ ماوەی ٢٤ رۆژ بەرەنگاریان لەبەرانبەر هێرشی زەمینیو ئاسمانی سوپای ئێراندا کرد، خەڵکی ئەو شارە بەدروستکردنی مەتەرێز لەسەر جادەکانو بەچەکە سوکەکان کەوتنە بەرەنگاری. سەرەنجام حکومەت سەرکەوتنی بەدەستهێناو لەکاتێکدا ئەو شارە خەڵتانی خوێن کرا، پێشمەرگە بەناچاری شاری بەجێهێشتو حکومەت دەستی بەسەر سنەدا گرت. لەدرێژەی ئەو هێرشە بەربڵاوەدا سەرجەمی شارەکانیتر بە بەرەنگارییەکی بێوێنەو بەگیانلەدەستدانی هەزاران کەس داگیرکراو شاری بانە وەک دوایین شاری کوردستان لەلایەن سوپای ئێرانەوە گیرایەوە.

**یەکێتی نیشتمانی رۆڵی گێڕا**

لەرووداوەکانی کوردستان لەدوای شۆڕشی ئیسلامی، یەکێتی رۆڵێکی بەرچاوی لەململانێ سیاسیو سەربازییەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتدا گێڕا، لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەچەندین نمونەی مێژوویی بکرێ. لەرووداوی گرتنی پادگانی ئەرتەش لەشاری سەردەشت لەرێکەوتی ٢٦ ئۆگەستی ١٩٧٩، لەلایەن کۆمەڵەوە داوا لەتاڵەبانی کرا کەپشتیوانی سەربازی لەکۆمەڵە بۆ گرتنی پادگانی سەردەشت بکرێ، یەکێتی نیشتمانی وەڵامی ئەو داوکارییەی دایەوەو پۆلێک پێشمەرگەی یەکێتی بەفەرماندەیی قادر شۆڕش بەشداری لەم چالاکییەدا کرد.

لە ١٦ی ئاگۆستی ١٩٧٩ تێکهەڵچوونی سەربازی لەنێوان خانو بەگەکانی ناوچەی دیواندەرەو کۆمەڵە بەهاوکاری یەکێتیو چریکەکانی فیدایی لەگوندی کەرەفتو هاتەئاراوەو چەند کەس شەهیدبوون کەیەکێکیان پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی بوو. لەبەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەو دیموکراتو چریکە فیداییەکان لەشاری پاوە، پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی رۆڵێکی بەرچاویان گێڕاو ئەم بابەتە بەردەوام لەرۆژنامە سەرتاسەرییەکانی ئێران باسی لێدەکرا.

لەرووداوە چەکدارییەکانی شاری مەریوان یەکێتی رۆڵی کاریگەری گێڕا. لەدانیشتنەکانی نێوان نوێنەرانی گەلی کورد لەکوردستانی رۆژهەڵات لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، یەکێتیو خودی تاڵەبانی بەشداربوون.

نەوشیروان مستەفا لەکتێبێکیدا باس لەوە دەکات کە لەسەر داوای حیزبی دیموکرات بەشداریان لەشەڕکردووە دژی کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوەکانی ئۆپۆزیسیۆن باس لەوەدەکەن کەسەرجەمی شەهیدەکانی یەکێتی لەکوردستانی رۆژهەڵات لەو ساڵە پڕ لەرووداوانە، ١٧ کەسنو ئەمە سەرەڕای ئەوە دێت کە بەشێوەیەکی بەربڵاویش چەکو تەقەمەنیان رادەستی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی کردووە، بەشدارییەکی چالاکانەیان لەبەرەنگارییە چەکدارییەکانی خەڵکی کوردستانو هێزی پێشمەرگەدا کردووە.

# هاوینی وەزارەتی پەروەردە چۆن بوو؟

فایەق سەعید

چوار مانگ زیاتر بەسەر ئەو خۆپیشاندانەدا تێپەڕبووە کەهەندێک لەخوێندکارە هەرزەکارەکان لەدژی وەزارەتی پەروەردە لەسلێمانی بەرپایان کردبوو. خوێندکارەکانی ئێمەش وەکو هەموو یەکێکی دیکە بیروڕاکانو هەڵوێستی خۆیان لەبەرانبەر گۆڕانکارییەکانی وەزارەتی پەروەردە ناشارنەوەو کەم تا زۆر گوزارشی لێدەکەن. بەڵام ئەو خۆپیشاندانانە بە بەراورد لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی دیکەدا، بەدەر لەوەی توندوتیژی لێکەوتەوە، مانایەکی سیمبۆلیشی هەبوو. لەلایەک پرۆتێستێک بوو دژ بەیەکێک لەباشترین برگەکانی ئەو ریفۆرمە پەروەردەییەی ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یەکەمین جار لەمێژووی کوردستانو عێراقیشدا ئەنجامدراو لەلایەکی دیکەشەوە ناڕەزاییەک بوو کەچۆکی بەوەزارەتی پەروەردە داهێناو ئەوەی نیشاندا کەوەزارەتی پەروەردە خۆی لەبەردەم یەکەمین نەرمە ناڕەزایی خوێندکاراندا نەگرت. دەرئەنجام ئەو برگە بڕیارە هەڵپەسێردراو جێگەکەی تاوەکو ئێستاش بەبۆشی ماوەتەوە.

لەو دەمەوە وەزارەتی پەروەردەو شەخسی بەڕێز وەزیری پەروەردەش لەچەندین دیمانەو بۆنەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەسیستمی نوێی خوێندن کەموکوڕی زۆری تێدایە بەبێئەوەی ئەو کەموکوڕییانە لەپرۆژەیەکدا دەسنیشانبکەن. لەبەرانبەر ئەمەشدا لەسەردەمی ئەو خۆپیشاندانەوە پەیمانی ئەوە بەخوێندکارانو مامۆستایان دەدەن کەهاوین پێداچوونەوەیەکی گشتی بەسیستمەکەدا دەکەن.

دوو هەفتەی دیکە دەرگای قوتابخانەکان ئاوەڵادەبنەوەو خوێندکارانیش لەنێو دڵەڕاوکێدا دەست بەخوێندن دەکەنەوە. لێرەدا هەموو خوێندکارێک ئەوە دەزانێتو چاوەڕوانی ئەوەشە لەوەزارەتی پەروەردە بڕیارێک یا چەند بڕیارێک بەمەبەستی جێگیرکردنیو باشترکردنی هەندێک بوار دەربکات، چونکە وەزارەت خۆی پەیمانی ئەوەی دابوو. بەلایەنی کەمەوە دەکرێ ئاماژە بەو بڕیارە زۆر گرنگەی سەرەوە بدەین کەپەیوەندییەکی یەکجار گەورەی بەخوێندکارانی ئامادەییەوە هەیە. زۆر سەیریش نییە کەئێمە لێرەدا باس لەو دڵەڕاوکێیە بکەین کەوەزارەت بۆ خوێندکارەکانی دروستکردووە، چونکە لەساڵی ٢٠٠٧ دا بڕیاری ئەوەدرا کۆنمرەی پۆلی ١٢ بەسەر هەموو قۆناغی ئامادەییدا دابەشدەکرێت، بەهاری ئەمساڵ ئەو بڕیارە ڕاگیرا یا باشتر وایە بڵێم هەڵوەشێندرایەوەو پەیامێکی نانووسراو بۆ خوێندکاران نێردرا کەچیتر کار بەو برگەیە ناکرێتو بەلایەنی کەمەوە ئەگەری ئەوە هەیە پاشەکشەبکەن بۆ سیستمە کۆنەکە. بێگومان خوێندکار بەرگەی ئەوە ناگرێت لەسیستمی ٢٠٠٦ وە باز بۆ سیستمی ٢٠٠٧ بداتو دواتریش دووبارە باز بداتەوە بۆسیستمی ٢٠٠٦. ئەمە جەوهەری ئەو دڵەڕاوکێیەیە کەبۆ خوێندکارەکانمان دروستکردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کۆی سیستمەکە لەداهاتوویەکی تەمومژاویدا دەژی، چونکە هیچ خوێندکارێکو پەروەردەزانێک لەلای روون نییە کەچی جۆرە گۆڕانکارییەک دەکرێت.

لەلایەک ئەو هاوینەی وەزارەت باسیدەکرت تێپەڕیو لەلایەکی دیکەشەوە دوو هەفتەی ماوە بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان، بەڵام هێشتا خوێندکارەکان نازانن بەچ سیستمێک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەگەر ئێمە لەوڵاتێکی پێشکەوتوو بووینایە من نیگەران نەدەبووم، چونکە هەر بڕیارێک بەیەک ڕۆژ بەر لەکردنەوەی قوتابخانەکانیش دەرچوایە هێندە گرنگ نەبوو، چونکە لەکاتی خۆیدا جێبەجێ دەکرا، بەڵام یەکێک لەتایبەتمەندێتییەکانی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان ئەوەیە ئەمڕۆ بڕیارێک دەردەکاتو دووسبەی یەکێکی دیکە کەهاودژە لەگەڵ ئەوەی یەکەمەداو دوای ماوەیەکی کورت بڕیاری سێیەم دەردەکات کەداوای گەڕانەوە دەکات بۆ بڕیاری یەکەم. ئەم تایبەتمەندێتییەش پەیوەندی تەنها بەوەزارەتەکەی کاک سەفینەوە نییە. لەوانەیە وەزارەتی پەروەردە لەم دێڕە نیگەرانبێت، بەڵام چاوگێڕان بەرۆژنامەکاندا ڕاستی ئەم قسەیە دەردەخات کەهەندێک لەمامۆستاکان بە بەڵگەوە ئاماژەیان پێکردووە.

تائێستا روون نییە ئەم هاوینە چی کراوە، پێداچوونەوەکە کراوە یا نا، چۆن کراوەو بەچی بەشێکی سیستمەکەدا پێداچوونەوە کراوە. تائێستاش وەزارەتی پەروەردە بەرەسمی ڕاگەیەندراوێکی دەرنەکردووە باس لەپرۆژەیەک بکات. هەمووشمان زۆر جار ئەوە لەوتارەکاندا دەخوێنینەوە کەزۆر شت بەمەزاجی شەخسی دەکرێتو ئەمەش دووبارە وەزارەتی پەروەردە ناڕەحەت دەکات، بەڵام بۆ جارێکی دیکەش دەڵێم ئەم خاڵەش پەیوەندی تەنها بەوەزارەتەکەی کاک سەفینەوە نییە، بەڵکو لەهەموو وەزارەتەکاندا کەم تا زۆر هەر وابووە. بۆ ئەوەی کەسیش نیگەران نەبێت، دەبێ ئەوە بزانین ئەگەر کارەکان لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانستی نەبوو کەواتە زانست تێیدا ئامادە نییە، بەڵکو مەزاجی شەخسی حوکمی دەکات. هەرکەسێک پێی وایە مەزاجی شەخسی لەکارێکدا ڕۆڵی نەگێڕاوە



با ئاماژە بەلێکۆڵینەوە زانستییەکان بکات کەکراون.

بەهەرحاڵ هەموومان بەتەمای ئەوەین تا دوو هەفتەی دیکە چارەنووسی ئەو برگە هەڵپەسێراوە دیارییبکرێتو کارەکانی وەزارەتیش کەلەم هاوینەدا کراون پەردەیان لەسەر هەلماڵرێت. لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک پرۆژەو کاری زۆرگرنگ هەیە لەبواری پەروەردەدا کەدەبێ وەزارەتی پەروەردە کاریان لەسەر بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لەکۆتایی کابینەی شەشەمدا شانازییان پێوە بکات. بەرای من دەستپێکی ئەو کارانەش دەبێ لەماوەی ئەمساڵدا ئاشکرابکرێنو کاریان لەسەر بکرێت.

# کاری ئەمریکا لەعێراق تەواو نەبووە

فەرایی تنچ – رۆژنامەی حورییەت
لەتورکییەوە: محەمەد عەلی

سەرۆکی ئەمریکا هەرچۆنێک بێت بەڵێنەکەی بردەسەرو پەیڕەوی ئەو خشتە زەمەنییەی کرد کەبۆ کشانەوەی سەربازانی سوپای وڵاتەکەی لەعێراق دانرابوو. دوایین یەکەی شەڕکەری ئەو سوپایە لەڕێی کوەیتەوە عێراقی بەجێهێشت. ئەو ٥٠ هەزار سەربازەی کەماویشەتەوە دوای ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بەتەواوەتی پەروەردەدەکەن بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیەی پارساڵ لەنێوان هەردوو وڵاتدا ئیمزاکرا دەگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان. بەڵام ئایا ئەو خشتە زەمەنییەی دانراوە پەیڕەودەکرێت، ئەوە هێشتا روون نییە. ئەمریکییەکان خۆشحاڵن بەوەی عێراق بەجێدەهێڵن، بەڵام بەوتەی زۆرێک لەچاودێرانی سیاسیو بەرپرسە سەربازییە عێراقییەکان بەگومانەوە دەڕواننە ئەم کشانەوەیە. لەعێراقێکدا کەچەندین مانگە ناتوانرێ ڕێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی حکومەت بکرێت، ترسی ئەوە باڵادەستە کەدوای کشانەوەی سەربازە ئەمریکییەکان جارێکیتر ڕێژەی پێکدادانو توندوتیژییەکان بەرزبێتەوە. بەرپرسە ئەمریکییەکان ڕایدەگەیەنن کەکێشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەیان بەمانای بەجێهێشتنی عێراق بەتەنها نایەتو هەرواشە. بەپێی ئەو پلانەش کەپەیوەستە بەکشانەوەوە ڕێککەوتنی ورد لەسەر ئەو چەکو تەقەمەنیو جبەخانانە کراوە کەعێراق لەئەمریکای دەکڕێت. ئەو کڕینو فرۆشەش لەڕێگەی وەزارەتی دەرەوەو ناوەندە دیبلۆماسییەکانەوە بەردەوامدەبێت. کەرکوکیش تائێستا گرنگترین بابەتە کەهەڕەشە لەسەقامگیریی عێراق دەکات. نە ئەو ریفراندۆمە ئەنجامدرا کەبەڵێن بەکورد درابوو بکرێتو نە لەبارەی ڕێککەوتننامەکانی بواری نەوتیشەوە گەیشتنە ئەنجام. بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیش فشارەکانی کورد بۆ سەر بەغداد بەردەوامە. ئەم بابەتە کە لەتوانایدایە ببێتە جدیترین هۆکاری پێکدادان لەنێوان کوردو عەرەبدا، لەقۆناغی داهاتوودا دەبێتە مایەی مشتومڕی زۆرو ئەگەری زۆریش هەیە ببێتە هۆی دروستبوونی قەیرانی جدی.



ئایا ئەمریکا بەتەواوەتی لەعێراق دەچێتەدەرەوە؟

جەیمس دوبیک کەژەنەراڵێکی خانەنشینەو لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧و٢٠٠٨دا بەشداری لەڕاهێنانی هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا کردووە، لەو شیکردنەوەیدا کەسەبارەت بەپێکدادان لەو ناوچانە کردوویەتی، دەڵێت دەتوانرێ بۆ بەرگرتن لەقەیرانی کەرکوک لەناوچە سنورییەکانی باشووری هەرێمی کوردستانو لەو جێگایانەی کەمایەی مەترسین، هێزی ئاشتی نێودەوڵەتی جێگیربکرێت وەک ئەوەی لەوڵاتانی بەڵقان هەیە. بیرۆکەی جێگیرکردنی هێزی ئاشتیپارێز کەیەکەی شارەزا لەبەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا لەخۆدەگرنو فرەنەتەوەن نوێ نییەو لەو ناوەندانەشدا باسدەکرێت کە نزیکن لەئیدارەی ئەمریکییەوە. بەڵام کورد بەهەموو شێوەیەک ئەوەی بەیان کردووە کەنایەوێ هێزی بیانی لەناوچەکانیدا ببینێت. بابەتی مانەوەی بنکەی سەربازی هەمیشەیی ئەمریکییەکانیش بەردەوام بەدرۆدەخرێتەوە. ئایا ئەمریکا بەڕاستی عێراق بەجێدەهێڵێ؟ با واز لەوە بێنین کەئەمریکا لەعێراق خەرجیکردووە، بەڵام دوای ئەوەی ئەو دەوڵەتەی پارچەپارچە کردو کۆمەڵگاکەی دابەشکردو وەک بانگەشەی بۆ دەکرا بەهێزترین سوپای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لەدوای ئیسرائیلەوە بەهۆی تیرۆرەوە لەناوبردو ئێستا ئەو وڵاتە بەجۆرێکی لێهاتووە کەئاواڵایە لەبەردەم هەر دەستوەردانێکی دەرەکیو لەنێویشیاندا هی دراوسێکانی، ئایا ئەمریکا بەجێیدەهێڵێو بڕوات؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر. ئۆباما ئەو بەڵێنەی داویەتی دەیباتە سەر. لەجیاتی هێزە شەڕکەرەکانیو لەژێر ناوی ڕاهێنانو پەروەردەکردنی سوپاو پۆلیسی عێراقدا ڕێککەوتننامە لەگەڵ چەندین کۆمپانیای ئەمنی داردەستی خۆی لەنمونەی بلاکۆتەر واژۆدەکاتو شەش حەوت هەزار "ئەمنیەت پارێز" لەناو گەلانی عێراقدا بەرەڵا دەکات. جگە لەوەش ٥٠ هەزار سەرباز لانیکەم تا پاییزی داهاتوو لەو وڵاتە دەمێننەوە. لەپاڵ ئەمەشداو هەر لەئێستاشەوە ژمارەی ئەو کەسانە لەواشنتۆن کەم نین کەباس لەوە دەکەن ئەگەر داواکاری لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بکرێت، دەتوانرێ ئەم خشتە زەمەنییە گۆڕانکاری بەسەردا بهێنرێت. بردنە سەری بەڵێنی کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکان بەمانای بەجێهێشتنی عێراق نایەت. کراولی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت "لەعێراقدا شەڕکردن کۆتایی پێ دەهێنین، بەڵام کارەکانمان کۆتایی پێناهێنین".

## ڕوونکردنەوەیەک لە(هۆشیار عەبدوڵڵا)ەوە، سەبارەت بەچاوپێکەوتنەکەی بەڕێز شێخ عەبدولرەحمانی نەقشبەندی لەڕۆژنامەی دەستووردا

لە ژمارە (٤٥)ی رۆژنامەی دەستوورو لەچاوپێکەتنێکیدا بەڕێز شێخ عەبدولرەحمانی نەقشبەندی وێرای کۆمەڵێک رەخنەو گلەیی لەگۆڕانو کەی ئێن ئێن، ناوی منی لەدوو شوێندا هێناوەو باس لەوە دەکات کەمن بومەتە هۆی لابردنی هەواڵی هەورامی. من بۆ بەڕێز کاک عەبدولرەحمانو هەورامییە بەڕێزو ئازیزەکانیش ئەم ڕوونکردنەوەیە دەنووسم:

١. من دوورو نزیک پەیوەندیم بەلابردنی هەواڵە هەورامییەکانەوە نییە، ڕاستە لەخستنە سەر سکەی هەواڵەکانو دانانی کاتو کەسی شیاو بۆ جێبەجێکردنیان ئەوە من بووم یەکلامکردەوە، بەڵام کاتێک بڕیاری لابردنی یان دانانیشی دراوە پەیوەندی بەمنەوە نییە، من ناتوانم بڕیارێکی لەوشێوەیە یەکلابکەمەوە، بەتایبەت کەکاک عەبدولرەحمان دەزانێت لەسەروی منەوە دوو کەسیتر هەیە کەدوا بڕیار هی ئەوانە نەک هی من.

٢. بە پێچەوانەوە کەزانیومانە هەواڵی هەورامی نامێنێت، وتمان پێویستە بەهەورامی بەرنامەیەکی هەفتانە هەبێت کەکلتوورو ناسنامەی ناوچەی هەورامان بخاتەڕوو وەک جێگرەوەی هەواڵی هەورامی کەهەر دووبارەی هەواڵە سۆرانییەکان بوو.

٣. من هەر ئەو کاتە ئاگاداری نیگەرانی بەڕێز کاک عەبدولرەحمان بوومو چەندین هەوڵماندا کەئەو بەرنامەیە بخەینە سەرپێ، کەراوبۆچوونی کاک قادرو کاک ئارامیش بوو، سەرکەوتوو نەبوو، تا ئەوەی ئێستا سەرگەرمی بەرنامەیەکین بەهەورامی کەمەگەر هەر ئامادەکارەکەی شایەتی ئەوە بدات کەمن خۆم بەشەخسی چەند پێوەی هیلاکمو گەرەکمە بکەوێتە سەر سکە.

٤. من ڕێزو خۆشەویستی زۆرم بۆ کاک عەبدولرەحمان هەیەو گلەییەکانی لەسەر چاوانمان، بەڵام خۆزگە بەرلەوەی ئاوا قسەمان لەسەر بکات، خۆی لەزاری خۆمانەوە ڕاستییەکانی بیستبا نەک لەخەڵکی ترەوە. خۆش بەختانەش لەم دواییانەدا جگە لەهەوڵی بەرنامەیەکی هەفتانە، پەیامنێری سنوورەکە دیاریکراوەو دەتوانێت ڕاپۆرتی هەورامی بکاتو لەهەواڵدا دابەزێت، بەڵام دەبێت هەموو ئازیزانیش بزانن کەکەی ئێن ئێن کەناڵێکی تایبەتمەندی هەواڵیەو دەبێت موراعاتی ئەو تایبەتمەندیەی بکرێت.

لەکۆتایشدا گلەییەکەی کاک شێخ بەو تێگەیشتنە وەردەگرین کەگلەیی لەدۆست دەکرێت، ئەوەی لەدەستیشمان بێت لەخزمەتی کلتوورو ڕەسەنەیاتی ناوچەی هەورامان درێغی ناکەینو سوپاسو خۆشەویستی دووبارەمان بۆ کاک شێخو هەورامییە بەڕێزەکان کەدۆستو ناسیاومان لەناویاندا زۆر زۆرە.

هۆشیار عەبدوڵڵا
٢٠١٠/٨/١٨

# دابەشبوون

ئەحمەد ئاڵتان    ڕۆژنامەی تەرەف
لەتورکییەوە: محەمەد عەلی کەمال

تورکیا دابەشدەبێت، بەو جۆرەش کەپێویست دەکاتو زۆر تەندروستانە دابەشبوونێکی "ئاسایی"ی بەسەردا دێت. ئەم زاراوەی "دابەشبوونی ئاسایی"ە هی سەردەمی خوێندنگەمەو لەبیرم ماوە، لەسەر ئینتەرنێتیش جارێکی دیکە تەماشامکردەوە بۆ ئەوەی بزانم بەدروستی لەبیرم ماوە، هەر بەو جۆرە بوو. ئەو خانانەی "پیردەبن" لەڕێگەی دابەشبوونی "ئاسایی"یەوە بۆ دوو بەش جارێکی دیکە نوێدەبنەوە. بەبڕوای من ئەمەی ئێمە لەئێستادا تێیداین بەتەواوەتی ئەمەیە. ناتوانین لەیەک نەچینو دژی یەک "دوو شتی جیاواز" بین. وەک کوردو تورکو عەلەویو سوننی، چەپەکانو راستڕەوەکان دابەش نابین. ئەمڕۆ هەموو کۆئەندامی کۆمەڵگەی ئێمە، هەموو دینو ئەتنو مەزهەبو ئەو شتانەی بوونیان هەیە، بەبێ ئەوەی یەکێتی نێوانیان تێکبچێت دابەشدەبن. لەنێو یەکێک لەو دوو خانەیەی دابەشدەبێت تورکو کوردو سوننیو عەلەویو چەپو راست هەن. لەنێو خانەی دووەمیشدا تورکو کوردو سوننیو عەلەویو چەپەکانو راستەکان هەن. پێکهاتەی ئەم خانانە وەک یەکە. بەڵام "بیرکردنەوە"یان جیاوازە. ئەوەش کەوا دەکات ئەو دابەشبوونە ئەوەندە تەندروست بێت هەر ئەمەیە. ئەم دابەشبوونە لەسەر بنەمای دینو ئەتنو مەزهەب نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای بیرکردنەوەیە. ئەو دەوڵەتو کۆمەڵگەیەی ئەم کۆمارە دروستیکرد پیربووە. لێرە تەنها سوپاو دەسەڵاتی دادوەریو سیاسەتو دەوڵەمەندیو "دەسەڵات" پیرنەبوون، کوردو سوننیو عەلەویو چەپو راستو "ئۆپۆزیسیۆن"ەکەشی تەمەنیان زۆر بووە. لەدەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنیشدا هەمان بەتەمەنبوونو کەموکوڕیی دروستبوو، هەریەک لەوانە لەنێو ڕەفتارو هەڵسوکەوتە کۆنەکانیاندا وشکبوونەوە. بەڵام ئەم ریفراندۆمە لەسەر دەستوور دابەشبوونەکەی تەکاندا. ریفراندۆمەکە نەبووە هۆی ئەوەی دابەشبین، بەڵکو تەنها بووە هۆی ئەوەی ئەم دابەشبوونە بگاتە ئاستێک بەچاو ببینرێت. کوردەکان لەنێو خۆیانداو سوننیەکان لەنێو خۆیانداو عەلەویو چەپو راستەکانیش بەهەمان شێوە دابەشدەبن، ئەم دابەشبوونە "نوێ"یە وادەکات زمانە "کۆن"ەکەی ئێمە تووشی ئاستەنگببێتەوە. بۆ نمونە ئێمە بەوە راهاتووین کوردو تورک لەیەکتر جیابکەینەوە. ئەگەر لەریفراندۆمەکەی ئەم جارەدا باس لەکوردەکان بکەین، ئایا کام کوردانەمان مەبەستە؟ ئەوە نییە لەبەرانبەرماندا جەماوەرێکی یەک پارچەو یەکگرتوو هەبێت. بەدەپەو پەکەکە پێشنیازی بایکۆتکردنی ئەم ریفراندۆمە دەکەن، ژمارەیەکی بەرچاو لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو سیاسەتمەدارانو رووناکبیران لەکوردەکانیش "بەڵێ" بۆ گۆڕانکارییەکانی دەستوور دەکەن. هەموویان کوردن، بەڵام بەدابەشبوونێکی ئاسایی بەسەر دوو خانەدا لەیەکتری جیادەبنەوە. هەمان حاڵەت بۆ سوننیە دیندارەکانیش بەو جۆرەیە. بۆ نمونە ئاک پارتیو پارتی سەعادەت "بەڵێ" بۆ گۆڕاناکارییەکانی دەستور دەڵێن لەکاتێکدا کەسوننی دیندارنو ئەربەکانو جەماعەتەکەشی "نەخێر"یان بۆ دەستوور پێباشە کەهەر سوننینو دیندارن. هەردووکیان سوننیو دیندارن، بەڵام لەدوو خانەی جیاوازدان. نەتەوەپەرستەکانی وەک مەهەپە دەنگی "نەخێر" بەدەستور دەدەنو نەتەوەپەرستەکانی وەک پارتی یەکێتی مەزن "بەڵێ" بە باش دەزانن. هەندێ لەعەلەوییەکان دەنگی ئەرێ دەدەنو هەندێکی دیکەیان نەرێ. پێکهاتەکانی نێو هەریەک لەو خانانە لەوی دیکە دەچێت، بەڵام بۆچوونی یەکێکیان بەتەواوەتی جیاوازە لەوی تریان. ئەم جیاوازییە تەنها بەم ریفراندۆمەوە ناوەستێ. بەڵکو لەزۆر مشتومڕی لەمەودوادا ئێمە ئەم دابەشبوونە ئاساییە دەبینین. ئەو دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنەی هەوڵدەدەن بەو شێوەیەی کەڕاهاتوون لەسەری کێشەکان چارەسەربکەن لەلایەک گرددەبنەوەو ئەو دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنەش کەبۆ چارەسەری نوێ بۆ کێشەکان دەگەڕێن لەلایەکی دیکە کۆدەبنەوە. لەوەش ناچێت لێک تێنەگەیشتنو پێکدادانەکانی نێوان ئەم دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنە تەواو ببنو کۆتاییانبێت. پێکدادانەکان بەردەوامدەبن، بەڵام لەچوارچێوەی خانەیەکداو زمانێکو دوورییەکی نوێ وەدەست دەهێنێت. وەلێ لەوەی دیکەدا زمانو تێگەیشتنە کۆنەکە دەبینرێتو دەمێنێتەوە. شێوازی "پێکدادانو بەرەنگاربوونەوە"کان دەگۆڕێت. لەجێگەی ئەو تێگەیشتنەی بەدوای توندوتیژیو توڕەییو تۆڵەسەندنەوەو لەیەکترخوێندنو چەوساندنەوەدا دەگەڕێت، تێگەیشتنێک دروستدەبێت کەداوای یەکسانیو ئازادی دەکاتو بەعەقڵ بۆ چارەسەرەکان دەگەڕێت. ئەو پێکهاتە نوێیەی کەعەقڵ دەخاتە جێگەی چەک لەوانەیە جارێکی دیکە تووشی دابەشبوون ببێتەوە کە لەوانەیە لەشێوەی کوردو تورکدا بێت. بەڵام ئەگەر دابەشبوونێکی لەوجۆرەش روویدات، ئەوا دابەشبوونێک نابێت بەدوای مەرگدا بگەڕێت، بەڵکو بەشوێن خۆشگوزەرانیو بەختەوەرییەوە دەبێت. ئەم کۆمەڵگەیە پیربووەو کەموکوڕیی تێکەوتووەو گەیشتووەتە کەناری نەمان، لەوانەبوو وشکبێتەوەو لەناو بچێت، بەڵام بەنیشاندانی زیندوێتییەکی گەورەوەو بەم دابەشبوونە جارێکی دیکە نوێدەبێتەوە. ئەوەی من بەئومێد دەکات ئەوەیە ئەم دابەشبوونە پشت بەست نییە بەدینو ئەتنو مەزهەب، بەڵکو لەسەر بیرکردنەوە وەستاوە، هەر بۆیە نوێدەبێتەوە.

> بەدەپەو پەکەکە پێشنیازی بایکۆتکردنی ئەم ریفراندۆمە دەکەن، ژمارەیەکی بەرچاو لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو سیاسەتمەدارانو رووناکبیران لەکوردەکانیش "بەڵێ" بۆ گۆڕانکارییەکانی دەستوور دەکەن

# بۆچی لەمێژوو تێبگەین؟

## تاڵەبانیو کێشەکانی لەگەڵ بارزانیدا

هیلال ئیبراهیم



### هەستکردن بەقوربانیو تێنەگەیشتن لەمێژوو

ماوەیەکە بەگەرمی باس لەهەندێ نووسین دەکرێت کەپەیوەستن بەکتێبێکەوە دەربارەی ژیانو یاداشتەکانی تاڵەبانی . رای جیاواز لەسەر ئەم باسە خرایەڕوو. بەشێکیان هێرشی شەخسیبوون بۆ سەر نووسەری کتێبەکەو بەشێکی دیکەیان بۆ ئیحراجکردنی تاڵەبانی لەبەرانبەر بارزانیو پارتیو بنەماڵەکەی دەنووسرێن. کۆی هەوڵەکەش لەوەدا چڕدەبێتەوە کەکەشێکی ترسناک دروستبکرێت بۆ ئەوەی کەس بیر لەمێژوو نەکاتەوە. لەزۆر لایەنی ئەم بۆی سەلماندین کەدەرکردنمان بۆ تێگەیشتن لەمێژوو زۆر لاوازەو نامانەوێت لەڕووداو و گۆڕانکارییەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد تێبگەینو کەسایەتییەکانی بناسینو بەباشی ئەرکەکانیان هەڵسەنگێنین. لەکوردستان زۆرکەس کەسەرچاوە یان باسێکی مێژوویی دەخوێننەوە راستەوخۆ جەوێکی عاتفی دایدەگرێت، ئەم جەوە عاتفییەش لەوێوە دروستبووە خەڵکی کوردستان رووبەڕووی گەلێک کارەساتو نەهامەتی جۆراو جۆر بووەتەوە، لەبەر ئەوە پارتو کەسایەتییە سیاسییەکان ئەم هەستکردنە بەقوربانی بەکاردەهێنن (ئیستغلالی)دەکەن بۆ ئەوەی کەس بۆی نەبێت باسی مێژووەکەی بکاتو بیری لێبکاتەوەو دەربارەی بنووسێت. ئەم هەوڵەی پارتو لایەنەکان دەیدەن بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لەخوێندنەوەو تێگەیشتنی مێژوو ئەگەر بۆ ئەمڕۆ بەکەڵک بێت، ئەوا بۆ داهاتوو و چەندساڵێکتر هیچ سودێکی نییە. دەبێت پارتو کەسایەتییە سیاسییەکان ئەوە بزانن ئەگەر ئەمڕۆش نەبێت، ئەوا چەند ساڵێکتر خەڵکی بیر لەمێژوویان دەکەنەوەو دەیانەوێت لەمێژووی سیاسیان تێبگەن. لەبەر ئەوە ئەو کێشەیەی کەبەهۆی ئەو کتێبەوە دروستبووە، وابەستەیە بەخوێندنەوەو وردبوونەوە لەمێژوویەکی پەنجا ساڵەوە، رەگەکانی ئەم کێشەیە قوڵنو خەڵکی پێویستە لێیان تێبگات. ئێستا مێژووی بزووتنەوەکەیو سەرکردەکانی بەستراوە بە (کتێبێکەوە). هەر ئەم گرێدانەوە بووە هۆی ئەوەی بەشێکی نووسەرو ڕۆژنامەوانو خەڵکی ئاسایش پێیانوابێت قانعی فەردو تاڵەبانی هیچ شتێک نییە پێکەوەیان گرێبداتەوە ئێران نەبێت. هەروەها ئەم کتێبە بۆ ئێران نووسراوەو دەیانەوێ مێژوو بشوێنرێت. ئەی نابێت خەڵکی ئەو پرسیارەش بکاتو وردبێتەوە ئەگەر مێژوویەک بەکتێبێک بشوێت ئەوە کەی مێژووە. ئەگەر خەباتو بزووتنەوەیەک کەس نەوێرێت باسی بکاتو رەخنەی بکات ئیتر چۆن ناوی بنێین بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیەک. ئەو کتێبە کە لەسەر ژیانو یاداشتەکانی مام جەلال لەچەند سەرچاوەیەکی جۆربەجۆرەوە وەرگیراوە لەکەسانی نزیکیو دبلۆماتکارو سەرچاوەی مێژوویو بەڵگەنامەی جیاوازەوە نووسراوە. هەر بەو هۆیە پێویستە بەدوای راستیو دروستی سەرچاوەی بەڵگەکان بگەڕێین. کەچی ئێستا بارزانیو پارتی دەیانەوێت تاڵەبانی پێ ئیعراج بکەنو بیکەنە مولکی ئەو و رایبگەیەنن هەموو زانیارییەکان هی تاڵەبانیەو بۆ بێگانە ئەو کتێبە نووسراوەو ویستراوە مێژوو بشوێنرێت. باشە چەند ساڵێک لەمەوبەر مەسعود بارزانی بەچەند بەرگێک لەژێر ناوی (بارزانیو ڕۆڵی لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردا) یاداشتەکانی دەنووسێتەوەو بەشێوەیەکی ئاشکرا دوور لەترسو دوودڵی هێرشی جۆربەجۆر دەکاتە سەر جەلالییەکانو رۆڵیان لەناو شۆڕشدا. بەڵام بۆ کەس نەهات ئەم کتێبانە رەخنە بکات. کەواتە پێویستە هەروەک چۆن ئەو کتێبەی کەدەربارەی ژیانو یاداشتەکانی تاڵەبانی نووسراو و رەخنەکرا، ئاوەهاش ئەو کتێبانەی مەسعود بارزانیش رەخنەبکرێنو لەدروستی زانیارییەکانو شێوازی نووسینو ئامانجەکانی کتێبەکە بکۆڵرێتەوە. پێموایە ژیانو یاداشتەکانی تاڵەبانی وەک وەڵامدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆیە لەبەرانبەر یاداشتەکانی مەسعود بارزانی. هەرچەندە تاڵەبانی ئەوە چەندین جارە بەهۆی ئەو کارەیەوە سازشی پێدەکرێ، ئەگەر بیرمان بێت نەک ئێستا بارزانی روونکردنەوە بەتاڵەبانی دەدات، بەڵکو چەند مانگێکیش لەمەوبەر هەر بەهۆی ئەو کتێبەوە کەکەم کەس هەیە هەستی بەوە کردبێت مام جەلال لەوتووێژێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەوی (شرق الاوسط) بە١٠بەش ژیانو یاداشتەکانی لەسەردەمی رژێمو دانوساندنەکانو رۆڵی لەمەجلسی حوکم گێرایەوە. لەو وتووێژەدا بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت کەپاکانە دەکات بۆ زانیاری ناو ئەو کتێبە. چونکە تاڵەبانی لەو وتووێژەدا بەچەندین شێوەی جیاواز وەسفی بارزانیو بنەماڵەکەیو پارتی دەکات. تەنانەت لەو وتووێژەدا دەگاتە ئەو باوەڕەی کەپەشیمانی دەرببڕێت کەوازی لەپارتی هێناوە. ئێستا ئەگەر دوور لەهەستکردن بەقوربانیو بمانەوێت لەچەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە لەمێژوو تێبگەینو سەرچاوەی جۆراو جۆر بخرێتە بەردەممان، ئەوا ئەو کارەی تاڵەبانی بەدەر لەو هەموو سازشکردنو پاکانەکردنە بەکارێکی باش هەڵدەسەنگێنین. با زانیارییەکانی ناوی توندو قورسو گران بن، بەڵام وەک وتمان پێویستە لەسەرچاوەکانی ئەو زانیاریانەو وردیو دروستیان بکۆڵرێتەوە.

### ترساندن وەک رێگرتن لەخوێندنەوەی مێژوو

پێغەمبەران رەخنەکراونو رەخنەدەکرێن. کتێبە ئاسمانییەکان رەخنەکرانو رەخنەدەکرێت. ئایا سەرکردەکانی ئێمە کەس بۆی نییە باسیان بکاتو رەخنەیان لێبگرێت. کەواتە سەرکردەکانی ئێمە لەپێغەمبەرانو کتێبە ئاسمانیەکانیش پیرۆزترن. ئەم تێڕوانینەش لەلایەن هەر پارتو لایەنێکەوە بێت ستەمکاریە. پێویستە بیرکردنەوەو تێگەیشتنمان بۆ مێژوو قوڵو فراوان بێت، شتێکی ئاسایی بێت کاتێک باسێک دەربارەی مێژووی کەسایەتییەکانو رووداوە سیاسییەکان دەخرێتەڕوو. شتێک کە بەکەڵکو گرنگە بۆ خەڵک، ئەوەیە باسوخواستی جیاواز لەبەردەستدا بێت بۆ ئەوەی سەرچاوە راستەقینەکان هەڵبژێرێت، یان هەر هیچ نەبێت بەچەند شێوەیەکی جیاوازو دیدی جیاوازو سەرچاوەی جیاجیاوە مێژوو ببینرێت. نەک وەک ئەو مێژوونووسانەی سەرکردەکان دەکەنە مرۆڤێکی بێ کەموکوڕیو هەڵە، هەندێ خەڵکی دیکەش هەن کەکەسایەتییە سیاسییەکان وەک ئەهریمەن وێنایان دەکەنو دەربارەیان دەدوێن، کەواتە پێویستمان بەسەرچاوەی جیاوازە بۆ تێگەیشتن لەمێژووی سیاسیو کەسایەتییەکانی کورد، نەک دروستکردنی دۆخێک تەنها رێگە بە (وەسفکردن)دەدات. ئەگەر ئێمە لەسەر ئیشکردن لەسەر ئەم ترسە بەردەوامبین ئیتر چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ سەردەمی شەڕی ناوخۆ، هەموومان ئەوەمان بینی ئەگەر کەسێک گوێی لەرادیۆی پارتی بگرتایە لەسنووری دەسەڵاتی یەکێتیدا بێسەروشوێن دەکرا. ئەگەر کەسێکیش لەسنووری پارتی رۆژنامەیەک، یان نامیلکەیەکی یەکێتی پێ بگیرایە تا هەتاهەتایە نەتدەبینیەوە. ئێستا پێویستە ئەو ترسە سیاسییە کۆتاییبێت، نەک لەوەدا بەئارەزووی خۆی پارتێک یان بزووتنەوەیەکی سیاسی هەڵبژێرێت، بەڵکو ئازاد بێت لەبەدواداچوونو باسکردنو تێگەیشتن لەمێژوو. هەر لەبەر ئەوە یەکێک لەئیشە باشەکانی تاڵەبانی ئەوەبووە پشتگیری لەنووسینی ئەو کتێبە کردووە، چونکە ئەگەر کەسایەتییەکی سیاسی لەو شێوەیە ئەو تەڵەزگەیە نەشکێنێت، درز نەخاتە ئەو ترسەوە خەڵکی ناتوانێت بیر لەمێژوو بکاتەوە. ئێستا ئەگەر سەیری ئەم جەوە بکەین کەدروستبووە، دەبینین پاش پەنجا ساڵ تێپەڕبوون بەسەر خەباتی رزگاریخوازی کورد هێشتا خەڵکی ناوێرن بیر لەو مێژووە بکەنەوە، پارتە کوردییەکانو سەرکردەکانیان لەو هێزانەن کەنایانەوێت خەڵکی لەمێژوو تێبگات. نایانەوێت خەڵکی مێژوو بخوێنێتەوە بەو شێوەیەی کەهەبووە، نایانەوێت ئەو رابردووە ببینین کەپڕبووە لەکارەسات. بەڵکو دەیانەوێ مێژوو بەو شێوەیە بێت کەخۆیان دەیانەوێتو دەینووسنەوەو وەک ئاو دەیدەنە خەڵکی. ئەگەر ئەوان ناترسن لەهاتنەدەرەوەی بوغزو کینەو کارەسات، ئەوا دوای پەنجا ساڵ پێویستە رێگەبدەن رووداو و گۆڕانکارییە مێژووییەکان، رۆڵی کەسایەتییەکان، بخرێتەڕوو. شتێکی تری لەوە مەترسیدارتر ئەوەیە ئەگەر خەڵکی نەوێرن باس لەپەنجا ساڵی پێش ئێستا بکەن؟ ئەی مێژوونوسانو ئەکادیمییەکانو سیاسییەکانی ناو شەڕی ناوخۆ چۆنو بەچ شێوەیە ئەو مێژووە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەنووسنەوە، نەوەکانی ئایندە چۆن لەشەڕی ناوخۆ تێبگەن، تاوانبارانو بێتاوانەکان چۆن لەیەک جیابکەنەوە. ئەو نەهامەتیو عەزابەی لەو شەڕەدا بەسەر ئێمەدا هات، چۆن باس بکرێت. کاتێکیش لەلایەن مێژوونووسو سیاسییەکانەوە رووداو و کێشە و گۆڕانکارییە سیاسییەکان خرانە بەرباس ئەو کاتە وردەوردە دەردەکەوێت کامانەیان سەرچاوەی راستەقینەو گرنگو مەوزونو کام سەرچاوانەش بێکەڵکن. کەچی بەپێچەوانەوە هێشتا هیچ نەوتراوەو هیچ بڵاونەکراوەتەوە تاڵەبانی کرایە نیشانە بۆ ئەوەی لەڕێگای ئیحراجکردنو ترساندنی ئەوەوە مێژوونوس نەوێرێ مێژوو بنووسێتەو، سیاسییەکان نەوێرن باسی یاداشتەکانیان بکەن. لێکۆڵەرەوەکان دووربکەونەوە لەلێکدانەوەو وردبوونەوە .دروستکردنی ئەو جەوە بۆ تاڵەبانی بۆ ئەوەیە خەڵکی نەتوانێت پرسیار بکات ئەم بزووتنەوەیە پەنجا ساڵە چی کردووەو خەریکی چی بووە؟ لایەنە باشو خراپەکانی ئەم مێژووە بخرێتە روو و لێکبدرێتەوە. هەر ئەمەشە وامان لێدەکات بڵێین ئەم جەنگە بەهانە نییە بۆ خۆلادانو تەریکبوون لەنەخوێندنەوەی رابردوو و کارەساتەکانی، لەبەر ئەوە خەڵکی کوردستان پێویستە بیر لەمێژوویان بکەنەوە، بیر لەوە بکەنەوە ئەو رووداوانەی روویانداوە چۆن بوونو کەسایەتییە سیاسییەکانی چیان بۆ خۆیانو چیان بۆ خەڵکو ئایندە کردووە. بەو بۆنەوە ئێمە پێویستە لەمێژوو تێبگەین.

> ئەی نابێت خەڵکی ئەو پرسیارەش بکاتو وردبێتەوە ئەگەر مێژوویەک بەکتێبێک بشێوێت ئەوە کەی مێژووە

www.destur.net

# پێشەکییەک لەسەر ئەندێشەی رەخنەگرانەی مەکتەبی فرانکفۆرت

## نۆرمە درۆینەکانی پیشەی کلتوور

عەلیرەزا وەحیدی
و: ئازاد بەهین

لەقۆناغێک لەمێژووی رۆژئاوادا، واتە سەدەی هەژدەیەمی زایینی ئێمە شاهیدی چاخی رۆشنگەری بەنوێنەرایەتی کەسانێکی وەکو ڤۆڵتێر، رۆسۆ، دالامبرـین. ئەندێشەی رۆشنگەری بەهۆی شۆڕشی فەرەنسا لەئەورووپا گەشەیکردوو و بووە هۆی درووستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ تەوەری مرۆییو هەروەها بیرۆکەی مۆدێرنیتە. پێشکەوتنی زانستو تەکنۆلۆژیا بووەتە هۆی زاڵبوونی تەکنۆلۆژیا بەسەر ئەندێشەی مرۆییو کۆمەڵایەتیدا. مەکتەبی فرانکفۆرت لەبەرانبەر ئەو زاڵبوونە بەسەر مرۆڤو کۆمەڵی مرۆییدا کاردانەوە لەخۆی نیشاندەدات. ئەم نووسینە هەوڵدەدات تا بنەمای مەکتەبی فرانکفۆرت لەروانگەی ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر بەکورتی باسبکات.

مێژووی مەکتەبی فرانکفۆرت دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی دەزگای توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەساڵی ١٩٢٣ کەسەرلەنوێ خوێندنەوەو تێگەیشتنی ئەندێشەکانی مارکسیزمی کلاسیکو گەلاڵەی ئەو پرسیارە بوو کە بۆچی ئەندێشەی مارکس لەشەڕی شۆڕشگێڕانە لەدژی شۆڕشی پیشەسازی سەرکەوتوو نەبووە؟

ئەو مەکتەبە لەبواری مێژووییدا بەچوار قۆناغدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم لەساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٣٣ کەبیرمەندانێکی وەکو هۆرکهایمەر، مارکۆزە، ئادۆرنۆو واڵتێر بنیامین پێی پەیوەست بوون.

قۆناغی دووەم لەساڵی ١٩٣٣ تا ١٩٥٠ ئەو قۆناغە کەهاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی فاشیزم لەئەڵمانیا، بەیەکێک لەکاریگەرترین قۆناغو سەردەمەکانی مەکتەبی فرانکفۆرت دەژمێردرێ.

دیارترین روانگەی ئەم قۆناغە روانگەی دژە پوزیتیویستییە، بەو باوەڕە کەروانگەی پوزیتیویستی بۆ گۆڕینی دۆخی هەبوو بەئەنجامێکی ئەوتۆ ناگەن.

قۆناغی سێیەم لە ١٩٥٠ تا ١٩٧٠ لەم قۆناغەدا ئەندێشەکانی مەکتەبی فرانکفۆرت بەئەندێشەکانی ماکس ڤێبر نزیکبووەوەو لەئەڵمانیا کاریگەرییەکی قوڵی دانا.

قۆناغی چوارەم لە ١٩٧٠ بەدواوەیە کە لەگەڵ هەرەسهێنانی بەرەبەرەیی مەکتەبی فرانکفۆرت بەرەورووبە.

شیکردنەوەو لێکدانەوەی فرانکفۆرتییەکان لەکۆمەڵگا تا رادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونو ئەندێشەکانی کارڵ مارکس. ئەو تیۆریسێنانە، بەکاریگەری لەمارکس، جەختیان لەسەر ناکۆکی بەرژەوەندی لەسەر بنەمای پەیوەندییە مۆڵکایەتییەکان دەکردەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لەمارکسیستە ئەرتۆدۆکسەکان نەبوونو زۆرێک لەوان رەخنەیەکی توندیان لەرژیمی یەکێتی سۆڤییەت وەک سیستمێکی سیاسیی تۆتالیتەر هەبوو. ئەوان بۆ ئەوەی بەتوانای فیکری زیاترو بەڵگاندنی تیۆری بەهێزتر ئاوڕ لەشیکردنەوەو لێکدانەوەی دیاردەکانی پەیوەست بەسەرهەڵدانی هەلومەرجی سیاسی کۆمەڵایەتی نوێ (سەرهەڵدانی فاشیزمو تۆتالیتاریزم) بدەنەوە، هەوڵەکانی خۆیان لەسەر ٢ خاڵی سەرەکی کۆکردەوە:

یەکەم پێداچوونەوە بەبۆچوونەکان لەچەمکی رەخنەی مارکس لەسیستمی سەرمایەداری، دووەم پێداچوونەوە لەتیۆری شۆڕشی مارکسی. بەڵام ناوەندی ئەندێشەو بیروڕای مەکتەبی فرانکفۆرت دەبێ لەتیۆری رەخنەگرانەدا بەدوایدا بگەڕێین کەبەندە بەتاوتوێکردن، توێژینەوە، شیرکردنەوەو لێکدانەوەو دیاریکردنی هەندێک لایەن لەحەقیقەتی کۆمەڵایەتی کەمارکسو لایەنگرانی لێی بێ ئاگا بوون. سەرەڕای ئەوە، فرانکفۆرتییەکان زۆر قەرزداری هێگڵیشن.

چەمکی تیۆری رەخنەگرانە کەیەکەمین جار لەساڵی ١٩٣٧ بوو بەباو، لەبنەڕەتدا بەچەشنێک چوارچێوەی تیۆریک بۆ جیاکردنەوەی لایەنگرانو رەخنەگرانی خۆی لەشکڵە باوەکانی مارکسیزمی ئەرتدۆکسو رەسمی دەژمێردرێ.

هۆرکهایمەر لەوتاری بەناوبانگی خۆیدا لەژێر ناوی "تیۆری نەریتیو رەخنەگرانە" کەدواتر بەمانیفێستی ١٩٣٧ و یان مانیفێستی مەکتەبی فرانکفۆرت ناوبانگی دەرکرد، گرنگی بەتاوتوێکردنی بارودۆخی فەلسەفەو زانستی کۆمەڵایەتیدا لەکۆمەڵگای زانستیو زانکۆکانی ئەڵمانیای ئەو کاتو بەجەختکردنەوە لەسەر زاڵبوونی روانگەی زانستی سروشتی، بەتایبەتی زاڵبوونی میتۆد ناسی پوزیتیویستی لەسەر بەستێنی زانست، کۆمەڵناسیو زانستی کۆمەڵایەتیو فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بەکەرەستەیەک لەخزمەت دۆخی هەییو هێزە دەسەڵاتدارەکان بەسەر کۆمەڵگادا زانیو رەخنەی لێگرتنو وێڕای جیاوازی لەنێوان دوو جۆر تیۆری نەریتیو تیۆری رەخنەگرانە، باس لەوە دەکات کەتیۆری نەریتی لەراستیدا هەمان روانگەی زانستی سروشتیی مۆدێرنە کە لەفەلسەفەی مۆدێرن لەچوارچێوەی پوزیتیویزمو ئەزموونگەرایی (ئەمپرسیزم) دەرکەوتووە.

لەلایەکی دیکەوە، تیۆری نەریتی ژێر دەسەڵاتی پوزیتیویزمو روانگەی زانستخوازانەی ئەو، لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی بێ بەڵێنی، زەوتکردنی لایەنگیری سیاسیو کۆمەڵایەتیو لەکۆتایشدا دەبێتە هۆی تۆڵەسەندنەوەو خۆبەدەستەوەدان.


ئادۆرنۆ

کەواتە دەبینین کەمەکتەبی فرانکفۆرت لەشیکردنەوەی کۆمەڵایەتیو مرۆییدا دژی روانگەی پوزیتیویستیو ئەزموونی بێ خەوشە.

لەراستیدا هەربەو جۆرەی کەچاوەڕوانی لەبیرمەندانی رەخنەگران دەکرێت، سەرەتاو دەستپێکی لێکدانەوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی مرۆڤ و سرووشتو هەروەها مرۆڤو مرۆڤ و لەدوای سەلماندنی دەسەڵاتی زانستو تەکنۆلۆژی بەسەر مرۆڤی هاوچەرخداو لەخۆبێگانەبوونی مرۆڤ و بەشتبوونی ئەو ئاوڕ لەبیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەفەرهەنگو هونەر دەداتەوەو لەم بوارەدا دەڵێت "دەسەڵاتو توندوتیژی تەنیا تایبەت بەجیهانی ئوستورەیی نەبوو و لەجیهانی مۆدێرنیشدا ئێمە دەسەڵاتی زانستو تەکنۆلۆژی بەسەر مرۆڤدا دەبینینو زانست باوەڕی سەرچاوەی ئەم قەیرانەی ئێستایە."

ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر لەسەر ئەو باوەڕەن کەزانست باوەڕان هەوڵیاندەدا کەمرۆڤ لەئەندێشەی ئوستورەیی - ئایینی رزگاربکەن، بەڵام لەو جێگەوە کەزانست باوەڕی نەک تەنیا بەئەخلاقو عەقڵی پراکتیکی، بەڵکو بەعەقڵی کەرەستەیی گەیشت، نەیتوانی خۆی لەبەندی ئوستورە رزگاربکات. لەم رووەوە، خۆی ئوستورەیەکی لەعەقڵ دروستکرد کە بەسەریدا زاڵبوو.

کەواتە دەبینین کەرۆشنگەریو بەهاکانی بەچەشنێک دەگەڕێتەوە بۆ ئوستوورە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کەمۆدێرنیتەو جیهانی مۆدێرنیش بەچەشنێک ئوستوورەیەو لەسەر ئەو باوەڕەن کەجیهانی مۆدێرن دەگەڕێتەوە بۆ ئوستورە نە تۆراندنی جیهانی مۆدێرن لەئوستوورە.

ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر مێژووی شارستانییەتی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڤێبری لەحوکمی پێشکەوتنی دەسەڵاتی عەقڵانییەتی کەرەستەیی دەبینن. خودی ئەوان وێرانیی رۆشنگەری لە "بەهای ئاڵوگۆڕکردن" لەیاسا ئابوورییەکاندا بەشاراوە دەزانن کە بەتەواوی ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو هونەریدا بڵاوبووەتەوەو تەشەنەی کردووە.

جێگرتنی بەهای ئاڵوگۆڕکردن لەجیاتی بەهای بەکارهێنان دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەجیهانی کۆمەڵایەتیدا زاڵبوونی یاسای ئابووری ببینین. دەسەڵاتی عەقڵانییەتی کەرەستەیی دەبێتە هۆی حاشای سرووشتی دەروونیی مرۆڤ و رێ لەپشکەوتنی زەینییەتی مرۆڤ دەگرێت.

**پیشەی فەرهەنگ**

ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر ئەو پرسیارە دێننە ئاراوە کەئاخۆ بەراستی ئەوەی کەهەمووان بەفەرهەنگی دەزانن، فەرهەنگە؟ چۆن لەم رۆژگارەدا ژیانی فەرهەنگی تا ئەو ئاستە هاتووەتە خوارەوە، کەهەرچی دەبێتە هۆی وشیاریو گۆڕانکاری، بێ بەها لەقەڵەمدەدرێتو هەرچی دواکەوتووخوازو پارێزکارەو سیستمی جێگیر ستایشدەکاتو کۆڵەکەو بنەماکانی پتەودەکات، دەیپەرستیو ستایشیدەکات؟ ... ئاخۆ بەراستی ئەوەی کە بەراستی بەفەرهەنگ ناودەبردرێت، فەرهەنگە؟

ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر دەنووسن "فەرهەنگ بەواتای راستەقینەی وشە بەئاسانی خۆی لەگەڵ بوون ناگونجێنێت، بەڵکو بەردەوام بەچەشنێک ناڕەزایەتی لەدژی پەیوەندییە دۆگمەکان دەردەبڕێت، ئەو پەیوەندییانەی کەتاکەکان لەگەڵیدا دەژین. جیاوازییەکی قوڵ لەنێوان فەرهەنگو ئەوەی بەژیانی پراکتیکی ناو دەبردرێت، بوونی هەیە. فەرهەنگ وەک کارێک سەیردەکرێت کەسەرووتر لەسیستمی پاراستنی خودی جۆری مرۆڤە. فەرهەنگ، تا ئەو جێیە بەفەرهەنگ دەژمێردرێ کە لەگەڵ ئەو سیستمی دەسەڵاتو سەرکوتە نەبێت کە لەژیانی رۆژانەدا بوونی هەیەو لەو جێیەی کەتێکەڵ بەژیانی رۆژانە بێت، ئیتر فەرهەنگ نییە بەڵکو بە "پیشەی فەرهەنگ" دەژمێردرێت.

"پیشەی فەرهەنگ" بۆ ئاماژەکردن بەم بابەتەیە کە لەهەندێک لایەنە سەرەکییەکانی ئەم پیشانە لەگەڵ بوارەکانی دیکەی بەرهەمهێنانی چڕوپڕ کەبۆ بەکارهێنان بەرهەمدەهێندرێن، جیاوازییەکی نییە، واتە فەرهەنگیش تا ئاستی کەلوپەلی بەکارهێنان دابەزیوەو لەژێر دەسەڵاتی سیستمی پیشەی فەرهەنگی، لەسیستمێکی پێکهاتوو لەکلێسەکان، کلوبەکان، ناوەندە چالاکو لێهاتووەکان و ... هتد قەتیسدەبن کە بەگشتی دروستکەری هەستیارترین کەرەستەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتین.

ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر لەسەر ئەو باوەڕەن کەپیشەی فەرهەنگ سەرەڕۆیی لەشو جەستە رەها دەکاتو سەرەنجی هەمووان بەرەو لای رۆح یان گیانی تاکەکان رادەکێشێت. فەرمانڕەوا ئیتر ناڵێت: دەبێ وەک من بیربکەیتەوە یان بمریت. ئەو دەڵێ ئازادی تا وەک من بیر نەکەیتەوە، ژیانیماڵو حاڵو هەموو شتێکت بۆ خۆت دەمێنێتەوە. بەڵام لەمرۆوە بەدواوە لەنێو ئێمەدا کەسێکی بێگانە دەبێت (هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ ١٣٨٠ی هەتاوی).

واتە دەکرێ بوترێ کەپیشەی فەرهەنگ نۆرم گەلێکی درۆینە پێکدەهێنێت کەئەگەر مرۆڤەکان لەو نۆرمە پەیڕەوی نەکەن، لەکۆمەڵدا پەرتەوازەو تەنیا دەبن.

پیشەی فەرهەنگ دەبێتە هۆی ئەوەی کەهاوئاهەنگ بوون لەگەڵ دیتران (کەسانی دیکە)، قەبوڵکردنی کوێر، لەناوچوونیو توێژی ئازادو ... روو بدات.

ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر روانگەیەکی زۆر رەشبینانەیان سەبارەت بەهونەرمەندان هەیە. ئەو دووانە لەو دوژمنایەتییەدا لەگەڵ هونەری مۆدێرن تا جێیەک چوونە پێش کە بەگشتی بوونەتە هاوبیری هونەری سینەما. ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر لەسەر ئەو باوەڕەن ستاندارکردنو عەقڵانی بوونی وێنای فەرهەنگی دەبێتە هۆی درووستبوونی چەشنێک کۆنترۆڵ بەسەر تاکەکاندا کەئەم کۆنترۆڵە دەبێتە هۆی خەوشداربوونی ئەندێشەی مرۆڤ.

# ئەرنێستۆ

خوانا ئاداک
(Juana Adcock) *
و: مستەفا

رۆژێک وەک مێرێکی چکۆلە دەستمکرد بەگەڕان بەهەموو دونیادا. ئێگواناى دەستەمۆ، چەرچەفەکان، گیاکانو تابلۆکانو سەلاجە بچکۆلە سەوزە فستقییەکەم دا بەئەرنێستۆ کە لەباوەگەورەمەوە پێم گەیشتووەو هێشتا بۆنی هەنجیری گەنیووی لێدێت. من زۆر کەیفم بەخۆم دەهات بەوەی کەمنداڵم نییە ئەم شتانە هەڵگرێت. خواردنم دەدا بەئەرنێستۆو ئێگواناو هەردووکیشیان زۆر کەمیان دەخوارد. گیاکانم ئاو دەداو هەموو هەفتەیەک چەرچەفەکانم دەشۆرد، تابلۆکانی سەر دیوارەکەم تۆزتەکێن دەکردو دەمهێشت بەفری سەلاجەکە بتوێتەوە. ماڵێکی باش بوو، بەڵام کاتی ئەوە بوو بڕۆم، ئاگات لێ بێت من دەگەڕێمەوە ماڵئاواییم لەهەموویان کرد. کەگەڕامەوە ئەرنێستۆ رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، گیاکانم تۆزیان لەسەر نیشتبوو، تابلۆو چەرچەفەکان نەبوون، سەلاجەکە بەهۆی بەفری زۆرەوە کەوتبووە تەپە تەپ، حەوزی ئاوەکە پڕبوو لەلم. لەخۆم پرسی بۆ بڕاوم پێ کردووەو ماڵەکەم پێ سپاردووە. وتی تاقەتی زیقو بریقی نەبووەو پێی خۆشبووە دیوارەکان رووت بنو سەرینەکان بێ بەرگ. دەربارەی ئێگواناش وتی هەموو رۆژێک بەجێگای خواردن لمی دەکردە ناو حەوزە شووشەییەکەوە. ئەگەر خانووەکەم خۆشدەویست، دەبوایە زووتر بگەڕامایەتەوە هەتا نەبێت بەژێرەوە.

بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوومو دەستمکرد بەجگەرەکێشانو تەماشای ئێگوانام کرد کە لەناو لمەکاندا مەلەی دەکردو هەرچەن ماوە جارێک دەهاتە سەرەوە هەناسەی دەدا، دواتر وەک پەرییەکی دەریایی خۆی دەخستە ناو لمەکان. کلکی کە بەرەنگی رەشو سپی بوو لەناو جەغزێکدا کەبچوکو بچوکتردەبووەو نوقم دەبوو تا ئەوەی قووڵکەیەکی لمی دروستدەبوو. ئیتر نەمدەتوانی تاقەت بێنم. حەوزە قورسەکەم هەڵگەڕاندەوەو ئەوەی تێیدا بوو رژا، ئێگوانا لەلای لمەکاندا کەوتو بەدژواری هەناسەی دەدا. ئەژدیهای کۆن، دێوی بێدەنگ، سەری تەواو گەنی بوو و رەنگی پەڕیبوو. زۆر بەپارێزەوە لێی نزیکبوومەوە، بەڵام ترسا.

کەویستم هەڵیبگرم لەناو دەستمدا شکا. هیچ نەبوو جگە لەتوێکڵێکی خاڵی کەزۆر زوو دەشکا. گریان بەربینگی گرتم. ئەرنێستۆ دەستی خستە سەر شانم، وەک ئەو کەسانەی لەکاتی بێ هیواییا دەست دەخەنە سەر شانی کەسانیتر. دەستم درێژ کردەوە بەرەو ئەرنێستۆ، بەڵام قامکەکانم چوو بەناو دەستیدا. لەتە شکاوەکانی کەوتە سەر کراسەکەم. ئەرنێستۆی ئازیز، مەگەر چەن رۆژ بەتەنها جێم هێشتبووی کەوات پێهات؟

***خوانا ئاداک، شاعیرو چیرۆکنووسی مەکسیکی ساڵی ١٩٨٢ لەدایکبووەو ساڵی ٢٠٠٩ بەکالۆریۆسی ئەدەبی لەزانکۆی گلاسکۆ وەرگرتووە. خوانا لەئێستادا بەیەکێک لەدەنگە جدیو تازەکانی ئەدەبی مەکسیک دەناسرێو بەرهەمەکانی وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی ئینگلیزی.**


خوانا ئاداک



# ئەو ڕۆژەی بابانۆئێل هەمووماني گریاند

ن: ئیدریس عەبدی

دوای ماوەیەک هەواڵی ئەوەم بیست فیلمی «ئەو ڕۆژەی بابانۆئێل گریا» لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی نمایشدەکرێت. ئەو فیلمەی تامەزرۆی بینینی بووم. ئەو کاتەی کە لەکوردستانی ڕۆژهەڵات بووم باسی ئەو فیلمەم لەدۆستانو هاوڕێیان بیستبوو. لەتاران بڕیاربوو سیمینارێکی یەک ڕۆژە لەسەر سینەمای کوردی بەڕێوەببەین، ئەم فیلمەش لەگەڵ چەند فیلمێکی تری دەرهێنەرانی کورد وەک تۆفیق ئەمانی، ئیبراهیم سەعیدی، سالم سەڵواتی، هیوا ئەمین نـژادو شـارام عەلیدیو چەند فیلمسازێکیتر لەلایەن لیژنەیەکەوە هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی لەزانکۆی تاران نمایشبکرێت. من وەک کەسێک کەکاری پێوەندییەکانی ئەو سیمینارەم لەئەستۆبوو توانیم لەگەڵ چەندکەس لەو بەڕێزانە پێوەندی بگرم. بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیەک بەهۆی نالەباری بارودخی سیاسی ئێرانو هەروەها ئاڵۆزیو شێواوی زانکۆی تاران بەڕێوەچوونی ئەو سیمینارە هەڵوەشایەوەو نەمانتوانی ئەو سیمینارە بەڕێوەببەین. وەک ئاماژەم پێدا زۆر بەئارەزووی بینینی هەموو ئەو فیلمانەوە بوومو یەکێک لەو فیلمانەش «ئەو ڕۆژەی بابانۆئێل گریا» بەرهەمی ڕەحیم زەبیحی بوو. ئەو ڕۆژەش کەزانیم ئەو فیلمە نمایشدەکرێت بەحەزو ویستێکی زۆرەوە چەند خولەک بەر لەکاتی نمایشکردنی فیلمەکە بەرەو هۆڵی ڕۆشنبیری بەڕێکەوتم نـەوەک جێگا نەبێتو شوێنێکی باشم دەست نەکەوێت کەلێی دانیشم. کەچوومە حەوشەی هۆڵی ڕۆشنبیری سەعات ٨:٣٠ بـوو و چەند کەسێکم بینی لەسەر پێپلیکانەکان دانیشتبوون. کەسێک لەسەر کورسیەک بلیتی دەفرۆشت. بلیتم گرتو منیش وەک ئەوانیتر دانیشتم. پەپوو دەیخوێند. جەماوەرێکی زۆر کەم لەوێ ئامادەبوون. لەبەر خۆمەوە وتم جارێک زووەو لەلایەکیتریشەوە خۆشحاڵبووم کەزووتر هاتوومو جێگایەکی باش پەیدادەکەم.

ماوەیەکیتری پێچوو، بەڵام کەسانێکی زۆر کەم هاتبوون. سەعاتی ٩ دەرگـای هۆڵەکە کرایەوە، چوومە ناو هۆڵەکەو بەکەیفی خۆم گەڕامو جێگایەکی باشم دۆزییەوە. نووسینو لێکۆڵینەوە لەسەر پێشوازی خەڵکی کوردستان لەفیلمو ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی سینەماو هەروەها دەرهێنەرەکان لەبەرانبەر سینەمای کوردیدا دادەنێم بۆ دواتـر، بەڵام ئێستا ئەو ڕۆژەی بابانۆئێل گریا.

ئـەم فیلمە دیسان بـاس لەکارەساتی هەڵەبجە دەکـات. بـەڵام بەشێوازێکیترو بەزمانێکی سینەمایی، کێشەکانی خەڵکی شاری هەڵەبجە بۆ بینەران نمایشدەکات. لەڕاستیدا ڕەحیم زەبیحی نووسەرو دەرهێنەری ئەم فیلمە دوو چیرۆکی جیاوازی هێناوەو لەشوێنێک ئەم دوو چیرۆکە دەگەیەنێت بەیەک (وەک فیلمەکانی دەرهێنەری مەکسیکی «گۆنزالس» کەکۆمەڵێک فیلمی وەک بابل، ٢١ گرام، ئەوینی سەگی دروستکردووە). یەکەم چیرۆکی فیلمەکە چیرۆکی ڕەشییە کەپێشمەرگەیەکە دوای چەندین ساڵ خەبات ئێستا لەشێتخانەیەو براکەی ڕەشی لەشێتخانەکە دێنێتە دەرەوەو لەبەر ئەوەی ڕەشی ژنو منداڵەکەی لەدەستداوە لەبەر ئـەوەی کۆمەڵێک شت لەحکومەتی کـوردی لەناو کۆمەڵگادا دەبینێت لەباری دەروونییەوە تێکچووە. ڕەشـی بەکۆمەڵێک خەونو ئـارەزووەوە بووە بەپێشمەرگە، بەڵام ئێستا خەونو ئارەزووەکانی نەهاتوونەتە دیو بەشێوەیەک پێچەوانەی خەون ئارەزووەکانی خۆی دەبینێ، ئەمە کاریگەری خراپی دەروونی هەیە لەسەر ئەو کەسەردەمانێک پێشمەرگە بووە. کەسایەتی ڕەشی زۆر بەباشی خولقاوەو هەروەها ئەو کەسەش کەڕۆڵی ڕەشی دەگێڕێ زۆر سەرکەوتوو بووە ڕۆڵەکەیدا.

چیرۆکی دووەم کەسێک لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە وەک بابانۆئیل، وەک باڵیۆزی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهـەڵات، بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە بەرەو باشووری کوردستان بەڕێدەکەوێـتو دیاری بۆ خەڵکی هەڵەبجە دەهێنێت. ئەم بابانۆئێلە وەک خۆی دەڵێت جیاوازە لەبابانۆئیلەکانی ئەوروپا. بابانۆئیل خەڵاتەکەی گۆرانیو نوکتەی خۆشە بۆ خەڵکی هەڵەبجە. کەسایەتی بابانۆئێل کەسایەتییەکی زۆر بە بـەزەیـی، قسەخۆشو سـادە بـوو. لەو مرۆڤانەی کەهیچ لەدڵیاندا نییە. ئەو کەسایەتییەکە کەحەز بەخۆشیو شـادیو پێکەنینی خەڵک دەکات.

ڕەشی کە کەسێکی پێشمەرگە بووە لەباری دەروونییەوە زۆر وێرانە. لەگەڵ کەس قسە ناکات. تا ئەوەی دواتر ئەوەی لەدڵیدایە لەو دەرمانخانە دەیڕێژێتە دەرەوە. لێرەدا دەکرێ لەباری دەروونییەوە باس لەگرێ دەروونییەکان بکەین، ئازارەکان، بەدی نەهاتنی خەونەکان، تیاچوونی ئەندامانی بنەماڵە گرێیەکی دەروونی لەناخی ئەودا دروستکردووە. لێرەدا ڕەحیم زەبیحی باس لەبابەتێکیتر دەکـات، ئەویش ئەوەیە کەخەونەکانی ڕەشی وەک پێشمەرگەیەک نەهاتووەتە دی لەلایەن حکومەتی کوردییەوە، ئەمە هەمان ئـەو بابەتەیە کـەئـالان بادیۆ فیلسووفی هاوچەرخی فەڕەنسایی بەوەفادار نەبوونی شۆڕش بەدروشم ناوی دەبات.

ئەم فیلمە وەک بەشێکی زۆر لەفیلمە کوردییەکان بـاس لەپارچە دابـڕاوەکـانـی کوردستان دەکـات. ئەو کاتەی بابا نۆئیل لەسنووری نێوان ئێران —عێراق دەپەڕێتەوە.

ڕەحیم زەبیحی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە «بونیادی کاتی time structure»ی شکاندووە. بەجۆرێک هەستی هەڵپەساردن لای بینەرو بـەردەنـگ دروسـتـدەکـات. ئەو کاتەی ڕەشـی لەشێتخانە دێننە دەرەوە، ئەوەی کەبابانۆئێل لەڕێدایە بەرەو هەڵەبجە. ئـەوەی کەئەو پیاوە پیرە خەریکی هۆرە چڕین، هەموو ئەمانە تێکشکاندنی کاتی تێدا دەبیندرێ. بەجۆرێک کاتێک کەفیلمەکە دەستپێدەکات، کەسێک دەبینین هـۆرە دەکات. ئەگەر لەباری جوانیناسیەوە بڕوانینە دەنگ، دەنگی بایەک لەژێر دەنگی هۆرەکەوە دەبیستین کەنیشاندەدات ئەم پیاوە، ئەم خەڵکە، لـەدەروونـەوە هەموویان شێواون. (زەینێکی تۆفانییان هەیە). بیرکردنەوەی ئەم کەسانە پڕ لەئازارو خەفەتە. هەر کەفیلمەکە دەستپێدەکات بینەر هەست بەپێکدادانو ململانێیەک دەکـات لەفیلمەکەدا. شکاندنی بونیادی کاتی ، بەکارهێنانی مۆسیقای جۆراوجۆر، کەڵکوەرگرتن لە Jump cut ی زۆر. هەموو ئەمانە یارمەتیدەدەن بەوەی ئەو پێکدادانە لەبینەردا دروستببێت. هەموو ئەمانە لەخزمەتی کەسایەتی ڕەشیدایە. لوتکەی ئەم Jump cut ە لەشوێنێکدا دەبینین کەڕەشی بیر لەژنو منداڵەکەی دەکاتەوەو بەسەریەکدا جگەرەدەکێشێت. Jump cut ڕێگایەکە بـەوەی دەرخـەری خـەمو ئازارەکانی ڕەشی بێتو دەروونو کەسایەتی ڕەشی بەم شێوەیە بەوێناکێشراوە. یەکێک لەو فیلمانەی کە لەیادم دایە لەم تەکنیکە کەڵکیوەرگرتووە فیلمی بەر لەشۆڕش، بەرهەمی دەرهێنەری ناوداری ئیتاڵی بیرنارد بیرتۆلۆچییە. ئەو هۆرەییەی لەلایەن ئەو پیرە پیاوەوە دەچڕدرێتو شێوە شێواو و بارە نادرووستییە دەروونییەکەی ڕەشیو چەند گرتەیەک لەناو شاری هەڵەبجە شتێکی ئاسایی نییە بەلای بینەرەوە.

لەولاشەوە بابانۆئێل کە لەکوردستانی ڕۆژهـەڵاتـەوە بەرێکەوتووە بـەرەو باشووری کوردستانو بـەرەو شـاری هەڵەبجە. وەک ئەوەی بڵێی هەمووماني ژانی هاوبەشمان هەیە لەسەر سنووری نێوان عێراق–ئێران تووشی سەربازێکی ئێرانی دەبـێـت، بـەڵام بەهەر شێوەیەک بێت بابانۆئێل لەدەست سەربازەکە ڕزگاریدەبێتو لەدوایین دیمەنی فیلمەکەدا بابانۆئێل کەشادی هێناوە بەشارێکی وێران بەدەست هەمان ئەو سەربازە دەکوژرێت. ئەمە باس لەپارچە پارچەبوونو خەمی هاوبەشی پارچەکانی کوردستان دەکات.

کـاتـێـک بـابـانـۆئـێـل لـەئـاوی چەمێک دەپـەڕێـتـەوە دەبینین ئـاوی ڕووبـارەکـە ڕۆژنامەیەکی زۆر لەگەڵ خۆی دەبات. دواتر دەردەکـەوێـ کەئەم هەمووە ڕۆژنامە ڕەشی کاتێک لەشوێنێک دانیشتووە یـەک یەک تەماشایان دەکـات، هیچی تێدا نادۆزێتەوە دانەدانە دەیاندات بەدەم ئـاوەوە. بابانۆئێل دەگاتە ناوشاری هەڵەبجە، لەدەرگای چەند ماڵ دەدات بۆ ئەوەی جلو بەرگەکانی بگۆڕێت، بەڵام شوێنێک پەیدا ناکات. بەهەر شێوەیەک بێت لەناو ئۆتۆمبێلێکی سوتاودا جلو بەرگی بابانۆئێل لەبەر دەکات. دوای ئەوەی کەدەچێتە ناوشارو دەگەڕێتەوە کەدیسان جلو بەرگەکانی بگۆڕێت، دەبینێت جلو بەرگەکانی نەماوە. جـلو بەرگەکانی لـەلایـەن دوو پۆلیسەوە براوە. ئەمەش بارودۆخی ئەمنی کوردستان نیشاندەدات. دوای ئەوە بابانۆئێل بەدوای جلو بەرگەکەی دەگەڕێت لەکۆڵانێک توشی پیاوێک دەبێت کەمنداڵێکی پێیە لەسەر چەرخەو منداڵەکە بەهۆی کیمیابارانەوە وای پێهاتووە. مەبەست لەوەی کە تائێستا بەجۆرێک فیلمکەم گێڕاپەوە ئەوەیە کەهەر ئەم منداڵە دەبێت بەهۆی ئەوەی لەبەر ئەوەی دەرمانەکانیان پێنەداون بابانۆئێلی بە بەزەیی هاندەدات کەبڕواتو دەرمانەکانی ئەو کوڕە کەئەگەر هەڵە نەکەم ناوی محەمەد بوو، بەدیاری بۆ بهێنێت. بابانۆئێلی ئەوروپییەکان خەریکی هێنانی نوقڵو شیرینییە بۆ منداڵانو بابانۆئێلی وڵاتی ئێمە دەرمان دەدات بەمنداڵێکی نەخۆش لەسەر چەرخێک. هەر ئەمە دەبێت بەهۆی ئەوەی کەدوو کەسایەتی فیلمەکە یان دەتوانم بڵێم دوو چیرۆکەکە لەشوێنێکدا یەکبگرینو بەیەک بگەن. ڕەشی ئیتر تاقەتی نەماوە، ئـەو هەموو خەڵکە دەبینێت کەوەستاون بۆ وەرگرتنی دەرمانی کیمیاییو بەرپرسی دەرمانخانەکە چۆن وەڵامیان دەداتەوە. هەموو زامەکانی دەکولێنێتەوەو ئەو کارەی دەبوایە ئەنجامی بدات، ئەنجامی دەدات. جوانترین دیالۆگی ئەم فیلمەش ئەو دیالۆگەی نێوان ڕەشیو بەرپرسی دەرمانخانەکەیە ئەو کاتەی بەرپرسەکە لەوەڵامی خواستی خەڵکدا بۆ دەرمان دەڵێت «هێشتا لەبەغدادەوە فەرمانی دابەشکردنی دەرمانەکانمان پێنەدراوە« ڕەشی دەڵێت «بەغداد خۆی کیمیابارانمان دەکاتو ئێستاش خۆی فەرمانی دابەشکردنی دەرمانەکانمان پـێـدەدات.» خەڵکەکەش لەدیمەنێکی تردا بەشێوەیەکیتر هەمان ئەم شتە دەڵێنەوە ئەو کاتەی هەموویان کاغەزی دەرمانەکانیان بەرزکردووەتەوەو ڕایدەوەشێنن. ڕاوەشاندنی نوسخەی دەرمانەکان وەک ئەوە وایە بڵێین ئێمە دەنگمان نەداوە ئاوامان پێ بێت. تەنانەت لەدیمەنێکدا ئەنجامەکانی دواتری کیمیابارانو مردن بەهۆی کیمیابارانەوە لەئێستا بەوێنادەکێشیو نیشانیدەدات.

سەرەنجام بابانۆئێل کەبۆ خۆشحاڵکردنی خەڵکی شاری هەڵەبجە هاتبوو بەگریانەوە دیپۆرت دەکرێتەوە بـەرەو ئێران بەدەستی هەمان ئەو سەربازەی کەپێشتر باسیکراو لەهاتنیدا بەری بەهاتنی دەگرت لەنێوان عێراق–ئێران شەهیددەبێت.

# ئەی ئەجەل!

گەزیزە قادری

سەرم سوڕماوە ئەی ئەجەل
لەکەمینی چی دا وەستاوی؟
لەکەمینی بزەکەم؟
یان پێکەنینی شێعرەکەم؟
یان خەیاڵی خاوی تۆ
باوەش ئەگرێ لەخەونەکەم؟

من و شێعر لەشەقامێدا تووشی یەکبووین
شەقامێ پڕ لەسێبەری سپی
پڕ لەفرمێسکی ماسی
پڕ لەوشەی خەوتوو

سەرم سوڕماوە لەم شەقامە
لەکەمینی چی دا وەستاوی؟
بۆچی کراوەیە باوەشت؟
نەکا لەناکاو خەیاڵەکانم بڕفێنی
یا نەکا فرمێسکی ماسیە سورەکان هەڵمژی

سەرم سوڕماوە لەم کانی یە
بۆچی بڕوا بەمانگ دەکا؟
بۆچی لەناخی دڵی خۆی رای ئەگرێ؟
بۆچی؟

ئەی ئاسمان تۆش بڕوا مەکە
هەورەکان جارێکیتر
فرمێسکت بۆ هەڵوەرێنن
ئەستێرەکان ئاشقی گۆمی تاریکی دڵت
یان ڕۆژ ئاشقی گەشاییت بمێنێت

گۆمی چوکە بۆچی وەستاوی؟
سەرم سوڕماوە لەم دونیایە
نەکا... نەکا... نەکا...!!

دەستوور

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف

**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811

**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

# پینەدۆزان واز لەپیشەکەیان دەهێنن

## هێشتا پیشەیەک لەکوردستان بەناوی پینەدۆزییەوە ماوە، بەڵام بازاڕیان لەئەو پەڕی کزیدایە



محەمەدو یاسین

بڵاوبوونەوەی پێڵاوی هەرزانبەهای چینی لەچەند ساڵی رابردوودا لەکوردستان، یەکێک لەکۆنترین پیشە کەژیانی سەدان خێزانی لەئەستۆبووە، بەرەونەمان دەبات.

پینەدۆزان دەڵێن خەریکە پیشەکەیان بەهۆی هاتنی پێڵاوی چینییەوە لەدەستدەدەن. بەهۆی کزی بازاڕیانو کەمی ئەو کەسانەی بۆ چاککردنەوەی پێڵاوەکانیان روویان تێدەکەن.

**پێڵاوە چینییەکە هۆکارە**

فرۆشگاکانی پێڵاو و پینەدۆزەکان دەڵێن هاتنی پێڵاوی چینی هۆکاری یەکەمە بۆ لەدەستدانی پیشەی پینەدۆزی، چونکە ئەو پێڵاوە هەرزانەو دوای دڕانیشی بەهۆی هەرزانی نرخەکەیەوە خەڵکی پێڵاوی تر دەکڕنو ئامادەنین بچنە لای پینەدۆز.

لەناو جەرگەی شارەکانی کوردستاندا، بازاڕو دوکانەکانی فرۆشتنی پێڵاو، دوکانەکانیان بەپێڵاوی چینی رازاندووەتەوە، بە بەراورد بەهەر جۆرێکیتر پێڵاو زۆرترین خواستی لەسەرە.

محەمەد ئەمین محەمەد کە لەبەردەم مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی کاری پینەچێتی دەکات، دەڵێت هاتنی بەلێشاوی پێڵاوە چینییەکان بۆ بازاڕەکانی هەرێم، هۆکاری یەکەمی کزبوونی بازاڕی پنەدۆزەکانە.

ئەمین وتی "نرخی پێڵاوە چینییەکان هەرزانە، خەڵکی ئەو پێڵاوانە بەهەرزان دەکڕنو کەدڕاش جووتێکیتر دەکڕنەوە".

سیروان عوسمان ٣٩ ساڵ، دوکانی فرۆشتنی پێڵاوی هەیە لەبازاڕی دەبوکەی شاری سلێمانی، وتی ئەو کەسانەی داهاتیان زۆرباش نییە بەزۆری پێڵاوی چینی دەکڕن.

ئەو دەڵێت ئەوانەی دەیکڕن دەڵێن بەشی دوو هەفتە یان مانگێکیان دەکات دواتر فڕێی دەدەن، "ناچێت چاکیبکاتەوە لای پینەدۆز یان بیدورێتەوە لەبەرئەوەی پارەی جوتێ پێڵاوی تری تێدەچێت". سیروان وای وت.

**دوای ١٧ ساڵ بەنیازی وازهێنانە لەپیشەکەی**

بۆ محەمەد ئەمین، دوای ١٧ ساڵ لەکاری پینەدۆزی، چیتر پینەدۆزی وەکو پیشەیەک سەیر ناکرێت، چونکە ئەگەر هەر کارێک بەلای ئەوەوە بژێوی ژیان دابین نەکات، بەپیشە ناونابرێت.

محەمەد دوورنییە لەماوەیەکی داهاتوودا بڕیاری وازهێنان لەپیشەکەی بدات، وتی "لەچاو ساڵانی پێشووترەوە کارەکەمان کەمبووەتەوەو بەشی بژێوی رۆژانەمان ناکات".

هێمن محەمەد نوری گەنجێکی تری پینەدۆزەو ماوەی ١٣ ساڵە کاری پینەچێتی دەکات. وتی "کارەکەمان رووی لەکزی کردووەو رۆژانەی خۆمان بۆ دەرنایەت".

کاری ئێستای پینەدۆزەکان زیاتر، بزماڕڕێژو ناوکەف دانانە بۆ پێڵاو، مانەوەی پیشەکەشیان لەئێستادا زیاتر پەیوەندی بەکڵاشی هەورامییەوە هەیە، کەبنی لێدەدەنو سپی دەکەنەوە.

هێمن وتی "ئێستا خەڵک پێڵاو چاکناکات، لەبری ئەوەی چاکیبکەن، جوتێکی تازە دەکڕێن بەهەرزان".

**ئافرەتان زیاتر پێویستیان بەپینەدۆزە**

پینەدۆزەکان دەڵێن زیاتر ئافرەتان روویان تێدەکەنو پێڵاوەکانیان چاکدەکەن.

نرخی پێڵاوە چینییەکان لەنێوان ٨ تا ١٢ هەزارە، بەڵام نرخی ئەو پێڵاوانەی ئافرەتان دەیکڕن لەوە زیاترە، بۆیە پینەدۆزەکان دەڵێن ئافرەتان زیاتر روویان تێدەکەن.

محەمەد عەبدوڵڵا پینەدۆزێکی ترە، بەدەستووری وت "ئێستا زیاتر پێڵاوی ئافرەتان چاکدەکەینو بزماڕڕێژی دەکەین، تەقەڵی لێدەدەینو دەیدورینەوەو بنیشی بۆ دەکەین".

ئەو ماوەی ١٣ ساڵە کاری پینەچێتی دەکات لەدارەسووتاوەکە، وتی "بەهۆی ئەو پێڵاوە ستۆکو عادیانەی کە لەبازاڕدا هەنو نرخەکانیشیان هەرزانە، کارەکەمان کەمبووەتەوەو تەنانەت کرێی دوکانیش دەرناکاتەوە، مانگی وا هەیە لەپارەی خۆمان کرێی دوکان دەدەین".

ئەو نموونەی ئەوەی هێنایەوە کەرۆژێک بەر لەقسەکردنی بۆ دەستوور، تەنها پێنج هەزار دیناری دەستکەوتووە، لەکاتێکدا هەشت هەزاری تەنها بەمیوە داوە.

**پینەدۆزەکان روو لەکاریتر دەکەن**

عومەر کەدوکانی پینەدۆزی هەیەو ماوەی ٢٢ ساڵە ئەو کارە دەکات، دەڵێت ناچاربووە، لەدوکانەکەیدا لەپاڵ کارەکەی شتیتر بفرۆشێت.

عومەر دەڵێت لەبەرئەوەی بازاڕی کارەکەی بەرەو کزبوون رۆیشتووە، ئێستا عەلاگەو لەزگەو سفرەی داناوە بۆ فرۆشتن. وتی "دەمەوێت قەرەبووی ئەو بێ بازاڕییەم بکەمەوە".

سیروان عوسمان وتی "لەزستاناندا پێڵاوە چینییەکان زیاتر دەفرۆشرێت بەراورد بەهاوین لەبەرئەوەی مادەی نایلۆنی زیاتر تێدایەو گەرمە".

**کەس پێویستی بەپینەدۆز نییە**

ئەوانەی سەردانی پینەدۆزەکان دەکەن، رێژەیەکی زۆر کەمن، بەپێی بەدواداچوونەکەی دەستوور زیاتر کەسە بەتەمەنەکانن.

هیوا یوسف تەمەن ٢٥ ساڵ، وتی "لەتەمەنی خۆمدا تەنها یەکجار چوومەتە لای پینەدۆز".

هەروەها وتی "پێڵاوێکی چینی بەهەرزان دەکڕمو کەدڕاش فڕێی دەدەم".

REKLAM




**جەمشید خانی مامم کەهەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد**

ئەم رۆمانە دواهەمین بەرهەمی رۆماننووس "بەختیار عەلی"یەو هەنووکە لەکتێبخانەکانداریە. جەمشیرخان؛ مرۆڤێکە لەنێوان دنیا جیاوازەکاندا با دەیبات، هەم لەجەنگەوە دەئاڵێتو هەم لەئاشتی، ئەم کارەکتەرە نوێیەی بەختیار عەلی هەموو ناکۆکییە گەورەکانی ناو مرۆڤی تێدایە، هەم جوانییەکانو هەم دزێوییەکان. جەمشیرخان؛ کەسێکە بەشێک لەهەمووانی تێدایەو بەشێکیش لەئەو لەهەمووماندایە.

ئەم رۆمانە دواهەمین مرواریی دنیا ئەفسووناوییەکەی "بەختیار عەلی"یە، قەبارەی مامناوەندییەو ژمارەی لاپەڕەکانی ١٥١ لاپەڕەیەو لەلایەن کتێبخانەی ئەندێشەوە بڵاوکراوەتەوە.

## دەلاقە

# وانەی نەوت

شوان سدیق

ئەگەرچی پرۆسەی دەرهێنانی نەوتو بازرگانیکردن بەو سامانە سروشتییە نیشتیمانییە لەهەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی لەمێژ نییە، بەڵام دەکرێت لەئێستادا خوێندنەوەمان بۆی هەبێو بزانین بەها گرنگەکانی سامانی سروشتی لەوڵاتدا چییە، هەروەها چۆن بتوانین وەک تاکێک یان رۆژنامەوانو سیاسییەک چاودێری ئەو کەسو لایەنانە بکرێت، کەئەرکی بازرگانیکردنی نەوتیان گرتووەتەئەستۆ وەک نوێنەرایەتی کۆمەڵگا.

بۆ ئەوەی باشتر بەهەڵەدا نەچین، یان سیاسیو چاودێرەکانی بواری نەوتو سامانی سروشتی تەنیا ئەرکیان رەخنە نەبێت، باشترە لێکگەیشتنێکمان بۆ نەوت هەبێت، بزانین لەکوردستاندا چۆن ئەو نەوتەی کە بەیەکێک لەسەرمایە سروشتییە گرنگەکانی کوردستان دادەنرێت. دەردەهێنرێو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. چونکە چارەنووسی ئەو رێژە زۆرەی دانیشتووانو ئەوانەی کەسبەینێش دێنە دنیایەوە بەئابووریو داهاتی ئەو نەوتەو چۆنیەتی بازرگانی پێوەکردنیەوە بەندە.

لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەی چەند رۆژی رابردوو، کەبۆ ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانو وتەبێژی فەرمی حکومەت سازکرابوو ئامادەیی بووین، گوایە پرسیار دەکا رۆژنامەنووسێک، لەپرسیارەکانیدا پاڵوگەی نەوتو بیری نەوتی جیا نەدەکردەوە. ئەمە بوو بەجێگای تێڕوانینی رۆژنامەنووسانو هەورامیش!

ئەگەر زانایانی بواری ئابووری سیاسی نەوت زۆر بەوردی دەستنیشانی ئەوەیان کردبێت، کەچۆن دەبێت مامەڵە لەگەڵ نەوتدا بکرێو ئەو کەسانەی کەهەڵسوڕاون بەو کارەوە، بێگومان دەبێت میدیا وەک هێزێکی چاودێر، چاودێری حکومەتو لایەنی پەیوەندیداریش بکات، پیشانی خەڵکی بدات کەئەوەتا چۆن سیاسەتی نەوت پەیڕەودەکرێت لەوڵاتدا، بەڵام ئایا ئەگەر هاتوو ئەو کارەکتەرانەی کە لەمێدیان رۆڵی لاوازییان گێڕا لەبەرانبەر کاربەدەستانی حکومەت ئەو کاتە چی روودەدا!

گومان لەوەدانییە کە لەهەرێمی کوردستاندا، زۆری ئەو داهاتەی نەوت بەزۆری نوخبەیەکی کۆمەڵگا لێی سوودمەند دەبێت، ئەویش لەناو هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەو لەبەرانبەریشدا ئێستا زۆرێک لەخەڵکی کوردستانو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە "دەبێت داهاتو چۆنیەتی خەرجکردنو هەناردەکردنی ئەو نەوتەی ئێستا کەهەیە ئاشکراو شەفاف بێت".

بەڵام ئایا رۆژنامەنووس یان هەڵسوڕاوێکی سیاسی بەبێ ئەوەی بتوانن بە بەڵگەو دۆکیومێنت یان پرسیار گەلێک کەرێگا لەبۆچوونەکانی هەورامی بگرن کە لەو گومانەی لەسەر سیاسەتی نەوتی هەرێم هەیانە، دەتوانن روونکردنەوەی پێویست وەربگرن، ئەمە جێی مەحاڵە چونکە رۆژانە لەرێگای مێدیاکانەوە گوێمان لێی دەبێت، دڵنیان نازانێت پرۆتۆکۆلە بازرگانییەکانی نەوت چۆن ئیمزادەکرێت، کاکی سیاسی دێت، هەر ئەوەندە دەڵێ "بەڵگەمان هەیە نەوت بەقاچاغ دەڕوا"، یان لەلایەکی ترەوە سیاسییەکی تر دەڵێت "فریاکەون کوردستان، تاڵانکرا" بۆ لەبەر ئەوەی چەند تانکەرێکی بینیوە، بەڵام گومانیش لەقسەکانیدا هەستپێدەکەیت، کەنازانێت لەرێگای بۆریەوە چی دەڕواتو چی دێتە کوردستان.

لەبەرانبەریشدا سەرکردەی حیزبێکی دەسەڵاتدار ئەویش هەر لەخۆیەوە دەڵێ "بەشەفافی ئیشەکانمان کردووە"، ئەمەشیان هەر لەبێخەبەران دۆینە سەڵاواتە بەلایەوە. چونکە دڵنیان ئەویش حەزی بەو کێشمەکێشەی ناو راگەیاندنە، ئەگینا فڕی بەسەر سیاسەتی نەوتەوە نییەو نازانێت ئاشتی هەورامی نوێنەری حیزبەکەی چۆن مامەڵە لەگەڵ نەوتدا دەکا!

نێچیرڤان بارزانی وەکو سیاسیەکی کارا پێشتر دانی بەوەدانا کەئەوان وەک پێوست لەسیاسەتی نەوت نەگەیشتوون، ئەمەش بەلای ئەوەوە جێگای عەیبە نەبوو، خۆیشی لەسەر ئەو لێکنەگەیشتنە لەسیاسەتی نەوت ئەوەی ئاشکراکرد، جێگای ئەوەیە بەپۆزەتیف لەقەڵەمیبدەین، چونکە کەمن ئەو سیاسییانەی دەسەڵات کەبێن بەئاشکراو راشکاوانە دان بەکەموکوڕی و هەڵەکانی خۆیاندا بنێن.

وەکو وەزیری سامانە سروشتییەکان لەو کۆنگرەیەدا ئاشکرایکرد کە "نەوتی یەدەگی کوردستان بە 45 ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت، پلانیشمان هەیە لەماوەی 4 تا 5 ساڵی داهاتوودا، رۆژانە 3 تا 4 ملیۆن بەرمیلی نەوت بنێرینە دەرەوە، هەروەها پێشبینیشدەکەین، لەم ماوەیەدا داهاتی ساڵانەی نەوتی هەرێم بگاتە 25 ملیار دۆلار".

باشە ئەگەر ئێمە کەسانێکی چاودێرمان نەبێو مێدیاکانیش بەتێگەیشتنێکی باش نەتوانن مامەڵە لەگەڵ دۆسێی نەوتدا بکەن، ئەی چۆن دەتوانرێت، چاودێری حکومەتو وەزارەتی پەیوەندیدار بکرێت!

بێگومان ئەوەی ئێستا گرنگە بەلای خەڵکی کوردستانەوە، ئەوەیە کەدەیانەوێت لەچۆنیەتی سیاسەتی نەوتی کوردستان بگەن، بەڵام کێ تێیان دەگەیەنێت، ئەمە جێگای پرسیارە، ئۆپۆزسیۆن بەو هەڵمەتە ئیعلامییە یان راگەیاندنەکان بەو شێوەیەی کەبینیمان چەند پرسیارێکی هەڵەیان لەوەزیری سامانە سروشتییەکان کرد.

بۆیە ئەوەی پێویستە بوترێت گرنگە کەراگەیاندن رۆڵی بەرجەستە بگێڕن، لەم بوارەدا، بەڵام بەخوێندنەوەیەکی دروست بۆ نەوت، هەروەها ئەوەی بۆ ئۆپۆزیسیۆنیش گرنگە ئەویش تێگەیشتنی کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی سیستماتیک نەک هەر بەهەڵمەتی راگەیاندن، بەو شێوەیەی ئێستاکە هەیە!

shwansdiq@yahoo.com